# ڕووداو
RÛDAW

ژمارە (588) دووشەممە 2020/1/20 – 29ی بەفرانبار 2719 (750) دینار


## ئێزدییەکان سکاڵا لەسەر ئیکسۆن مۆبیل تۆمار دەکەن

**ڕووداو – هەولێر**

ئێزدییەکان لە سکاڵایەکدا بۆ ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان، کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیلی ئەمریکی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە پاسەوانەکانی کۆمپانیاکە لە ساڵی 2013 تەقەیان لە هاووڵاتیانی مەدەنی کردووە و دوو کەسیان کوشتووە.

دەقی سکاڵاکە دەست ڕۆژنامەی (ساندەی تێلیگراف)ی بەریتانی کەوتووە کە تێیدا هاتووە کارەکانی کۆمپانیاکە نزیکەی 5000 کەسی ناچار کردووە ناوچەکە چۆڵ بکەن. کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل لە بەیاننامەیەکدا ئەو تۆمەتانە بە "بێ بنەما" وەسف دەکات و دەڵێت "ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ" دەگرێ.

کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل، گرێبەستێکی بۆ کارکردن لە شەش کێڵگە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کردووە. سکاڵاکە لەلایەن نالین سویلۆ، کەسایەتی سیاسیی ئێزدییەوە بەرزکراوەتەوە و لە بەشێکیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بە پێشێلکردنی مافی ئێزدییەکان تۆمەتبار دەکات. سکاڵاکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە مۆڵەتی کارکردن لە ناوچە ئێزدییەکانی بە کۆمپانیا ئەمریکییەکە داوە، بێ ئەوەی قەرەبووی خەڵکی ناوچەکە بکاتەوە یان ڕاوێژیان پێبکات.

لە بەشێکی دیکەی سکاڵاکەدا، نالین سویلۆ باسی ڕووداوێک دەکات کە پاسەوانەکانی کۆمپانیاکە تەقەیان لە هاووڵاتیانی مەدەنی کردووە: "لە ساڵی 2013، ئیکسۆن هێزی ئەمنی لە خەڵکی خۆجێیی دامەزراند، ئەوان تەقەیان لە چالاکڤانانی ئێزدی کرد و دوو لەوانیان کوشت".

«2

دبلۆماتکارانی تورک داوای مافی پەنابەریی لە ئەڵمانیا دەکەن

11

بەرپرسی دۆسیەی ئێران لە پەرلەمانی ئەورووپا:
کوشتنی سولەیمانی بڕیارێکی هەڵە بوو

14

ئازاد وەڵەدبەگی:
وەهمی چاکسازی



19

### فراکسیۆنەکان پەرلەمانتارانیان سەرپشک دەکەن

# کەمتر لە 10 پەرلەمانتار خانەنشینی ڕەتدەکەنەوە

**ڕووداو– هەولێر**

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ڕەتکردنەوە یان وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی. زۆربەی پەرلەمانتارانیش بە پاساوی جۆراوجۆر قسە لەسەر ئەوە ناکەن کە ئایا خۆیان خانەنشین دەکەن یان نا و هەڵوێستی خۆیان دەبەستنەوە بە هەڵوێستی فراکسیۆنەکانیانەوە.

پڕۆژەیاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی 2020/1/16 لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا، ماددەی حەوتەمی یاساکە زۆرترین گفتوگۆی لەبارەوە کرا، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە خانەنشینیی پلە باڵاکانەوە هەبوو.

(ڕووداو) بەدواداچوونێکی کردووە لەبارەی ئەوەی ئایا پەرلەمانتاران مووچەی خانەنشینی ڕەتدەکەنەوە یان وەریدەگرن، ئەگەری هەیە کەمتر لە 10 پەرلەمانتار نەیانەوێ خانەنشین بکرێن.

بەگوێرەی بەدواداچوونێکی (ڕووداو)، هەر پەرلەمانتارێکی کوردستان مووچەکەی هەشت ملیۆن و 200 هەزار دینارە. 43 پەرلەمانتار کە تەمەنیان 45 ساڵە و 15 ساڵ خزمەتیان هەیە، بە 50%ی مووچەکانیان، واتە چوار ملیۆن و 100 هەزار دینار خانەنشین دەبن. 63 پەرلەمانتار بە دوو ملیۆن و 100 هەزار دینار خانەنشین دەبن، سێ پەرلەمانتار بە مووچەی یەک ملیۆن و 886 هەزار دینار خانەنشین دەبن و دوو پەرلەمانتاریش بە مووچەی ملیۆنێک و 804 هەزار دینار خانەنشین دەبن.

(ڕووداو) ڕاپرسییەکی لە نێو پەرلەمانتاران کرد و بۆچوونی 26 پەرلەمانتاری وەرگرت کە ئایا خانەنشین دەبن یان مووچەی خانەنشینی ڕەتدەکەنەوە، لەوانە 13 پەرلەمانتار هەڵوێستی خۆیان بەستەوە بە هەڵوێستی فراکسیۆنەکانیانەوە، شەش پەرلەمانتاریان قسەیان لەسەر نەکرد، 2 پەرلەمانتار خانەنشینییان ڕەتکردەوە و 5 پەرلەمانتاریش گوتیان خۆمان خانەنشین دەکەین.

ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت، ئەندامانی فراکسیۆنەکەیان ئازادن و خۆیان بڕیار لەسەر خانەنشینبوون یان ڕەتکردنەوەی دەدەن. هەروەها جەمال حەوێز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت: پەرلەمانتاران خۆیان خاوەن بڕیارن و دەتوانن خانەنشینبوون هەڵبژێرن یان ڕەتیبکەنەوە.

عەلی حەمەساڵح، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان پشتڕاستی نەکردەوە کە ئەوان ڕەتیدەکەنەوە یان نا. بە گوتەی د.کازم فاڕووق، سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ سەرجەم پەرلەمانتارەکانیان فۆڕمی ڕەتکردنەوەی خانەنشینی پڕدەکەنەوە.

عەبدولستار مەجید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت پەرلەمانتارەکانیان سەرپشکن لە خانەنشینبوون یان ڕەتکردنەوەی خانەنشینی. د.شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیش دەڵێت ئەوان لەگەڵ ئەوەدان هەر پەرلەمانتار و پلە باڵایەک مەرجە یاساییەکانی خانەنشینی عێراقی تێدابێت کە 15 ساڵ خزمەت و 45 ساڵ تەمەنە، خانەنشینی وەرگرێت، ئەوانەیشی ئەو مەرجانەیان نەبێت خانەنشین نەکرێن.

«4

شرۆڤە 16

### کۆسۆڤۆ دوای 12 ساڵ سەربەخۆیی



ڕاپۆرت 7

### عەفرین: گوزەرانێکی خراپ و دەستدرێژی بۆ سەر هەموو شت

ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### حکومەت و پەرلەمان دوو لیژنەیان بۆ دۆسیەی مەجید پێکهێناوە



کۆمەڵایەتی 13

### دوو خوێندکاری زانکۆ خۆیان دەخنکێنن





هەفتەی داهاتوو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی کۆدەبێتەوە

# بەرهەم ساڵح دەبێتە سەرۆکی یەکێتی؟

ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتی هەر 121 ئەندام دەبێ و زیاد ناکرێ
مستەفا چاوەڕەش

بڕگەی دانانی سەرۆک لە پەیڕەو زۆرترین گفتوگۆ هەڵدەگرێ
ئەندامێکی لیژنەی هەمواکردنی پەیڕەوی یەکێتی

«3

### (ڕووداو) ناوی کاندیدەکانی گۆڕان بۆ پۆستی بریکاری وەزارەتەکان بڵاودەکاتەوە

# یەکێتی و گۆڕان چاوەڕێی پارتین بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکان

**ڕووداو – هەولێر**

هەریەک لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان ناوی کاندیدەکانیان بۆ بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکان ئامادە کردووە. یەکێتی لەوبارەوە دەڵێت کە ناوەکانیان ڕادەستی جێگری سەرۆکی حکومەت کردووە.

بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان کراوە، جگە لە وەزارەتەکان، یەکێتی و گۆڕان پشکیان لە بریکاری وەزیر، ڕاوێژکارەکان، بەڕێوەبەرە گشتییەکان و سەرۆکی دەستەکانیشدا دەبێ، بەڵام ئەو پۆستانە هێشتا پڕنەکراونەتەوە.

ڕزگار محەممەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ناوەکانمان ئامادەن، بەڵام نەدراونەتە حکومەت، چونکە هەموو ناوەکان دەبێ بەیەکەوە پێشکەش بکرێن، ناکرێ سەرۆکی حکومەت هەر ڕۆژە و فەرمانی دەستبەکاربوون بۆ کەسێک دەربکات".

بزووتنەوەی گۆڕان بە وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم و چوار وەزارەت بەشداری لە حکومەتدا کردووە. بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە لەگەڵ پارتی هەیەتی، دەبێ زیاتر لە 70 پۆستی دیکەش وەربگرێ.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کاندیدەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بریکاری وەزارەتەکان بریتین لە: سەیوان عەلی، بۆ بریکاری وەزارەتی پەروەردە. مستەفا سەلیم، بۆ بریکاری وەزارەتی ناوخۆ. چالاک موهەندیس، بۆ بریکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار. کامیل قەزاز، بۆ بریکاری وەزارەتی کارەبا. ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕانیش ڕەزامەندی لەسەر ناوەکان داوە.

سەبارەت بە دواکەوتنی دانانی بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ڕاوێژکارەکان، پەرلەمانتارەکەی گۆڕان هۆکارەکەی بۆ یەکێتی گەڕاندەوە و گوتی: "یەکێتی داوای لە سەرۆکی حکوومەت و لایەنەکان کرد کە ئەوان سەرقاڵی کۆنگرەن، بۆیە نابێ پەلەیان لێ بکەن لە یەکلاکردنەوەی ئەو پۆستانەی ماون، بەڵام ئێستا یەکێتی جگە لە پرسە ناوخۆییەکانی، باوەڕ ناکەم ئیدی هیچ گرفتێکی مابێ و نازانم بۆ ناوەکان پێشکەش ناکات".

بەڵام بەرپرسێکی یەکێتی ڕەتیکردەوە ئەوان هۆکاری پڕنەکردنەوەی پۆستەکان بن. زوبێر عوسمان، ئەندامی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە ناوەکانمان یەکلایی کردووەتەوە. ناوەکانیش نێردراون بۆ نووسینگەی جێگری سەرۆکی حکوومەت، لەوێ لیژنەیەکی بۆ دانراوە".

«3

## لە دهۆک تەرمی هاووڵاتییەک دەدۆزرێتەوە



**ڕووداو- دهۆک**

لە کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ئەڤرۆستی لە شاری دهۆک، تەرمی هاووڵاتییەک دۆزرایەوە و لێکۆڵینەوەکان لەبارەی مردنەکەی بەردەوامن. پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 2020/1/19 لە ناوەندی شاری دهۆک تەرمی پیاوێک بە ناوی "شیمال نائیف" تەمەن 45 ساڵ دۆزرایەوە و ڕەوانەی پزیشکی دادی دهۆک کرا، بەڵام هێشتا هۆکاری مردنەکەی ئاشکرانەبووە. ساڵح محەمەد، کەسێکی نزیکی ئەو پیاوەیە و بە (ڕووداو)ی گوت، "شیمال کاری ڕۆنگۆڕیی دەکرد. خەڵکی سەنتەری دهۆکە و خێزاندارە. هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کەسدا نەبووە، نازانین چۆن مردووە؟". هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای دهۆک بە ڕووداوی ڕاگەیاند، دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە، بەڵام هێشتا هیچ ئەنجامێک ئاشکرانەبووە کە بزانین چۆن مردووە.

# حکومەت و پەرلەمان دوو لیژنەیان بۆ دۆسیەی مەجید پێکهێناوە

**ڕووداو – سلێمانی**

لەسەر کەیسی مردنی پێشمەرگەیەکی یەکێتی لەنێو زیندانی ئاسایشدا لە هەولێر، پەرلەمان و حکومەت دوو لیژنەی لێکۆڵینەوەیان پێکهێناوە. کەسوکاری پێشمەرگەکەش سکاڵایان لە دژی ئاسایشی پارتی تۆمار کردووە، چونکە پێیانوایە دوای دەستگیرکردنی "لەژێر ئەشکەنجەدا کوژراوە".

ڕۆژی 2020/1/16 ئاسایشی هەولێر ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی گیانلەدەستدانی هاووڵاتییەک لە زیندانی ئاسایش بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: "ئەو هاووڵاتییە لەسەر ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراوە، دوای ئەوەی دەست بەسەر بڕی 60 کیلۆگرام ماددەی هۆشبەردا گیرا، زانیاری لەسەر خاوەنەکەی وەرگیرا بەناوی مەجید برایم عەبدوڵڵا، ڕەزامەندی بەڕێز دادوەر وەرگیرا بۆ دەستگیرکردن و پشکنینی ماڵی ناوبراو لە گوندی سیساوەی سەر بە شارۆچکەی هەریر، بەڵام ڕۆژی 16ی مانگ لەنێو زیندان لەڕێگەی خۆهەڵواسینەوە گیانی لەدەستدا".

لە ڕوونکردنەوەکەی ئاسایشدا ئەوەش هاتووە کە: "دوای ئاگادارکردنی بەڕێز دادوەر، تەرمی ناوبراو ڕەوانەی پزیشکی دادی هەولێر کرا، تەواوی بەڵگەنامەکانیش لەسەر ئەم دۆسیە و ڕێکارە یاساییەکان بەردەستن".

کەسوکاری مەجید ڕاگەیەندراوەکەی ئاسایشی هەولێر ڕەتدەکەنەوە و دەڵێن دوای دوو ڕۆژ لە ئەشکەنجەدانی کوژراوە. خالید مستەفا، ئامۆزای مەجید بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەگەڵ مەجید ئامۆزا و هاوڕێ بووین، لە منداڵییەوە بەیەکەوە گەورە بووین، نۆ ساڵیش کڕین و فرۆشتنمان بە مەڕ و ماڵات کردووە، دواتر بووین بە پێشمەرگە".

مەجید برایم عەبدوڵڵا، تەمەن 38 ساڵ، خێزاندار بوو، باوکی 3 کچ و دوو کوڕ بوو، ماڵی لە گوندی سیساوەی سەر بە ناحیەی باسرمەیە. لەبارەی چۆنیەتی دەستگیرکردنەکەی، خالید مستەفا دەڵێ: "سەعات 11 و نیوی شەوی 2020/1/14 مەفرەزەیەک کە بەناوی ئاسایشی هەولێر خۆیان ناساندووە، بەسەر ماڵی مەجیدیاندا داوە، تاوەکو سەعات یەک و دە خولەک لە ماڵەکەی ماونەتەوە و گەڕاون، دواتر مەجیدیان بردووە بەبێ ئەوەی بە خێزانەکەی بڵێن دەیبەن بۆ کوێ".

> کەسوکاری مەجید:
>
> **مەجید لەنێو زیندان ئەشکەنجە دراوە و کوژراوە**

لەبارەی ئەو تۆمەتەش کە مامەڵەی بە ماددەی هۆشبەر کردبێت، ئامۆزاکەی دەڵێ: "ئێمە ڕۆژانە پەیوەندیمان هەبوو، ڕۆژێک لە مەجیدم نەبیستووە ناوی ئەو ماددانەش بهێنێ، نەک مامەڵەی پێوە بکات، لە ماڵەکەشیدا تەنیا چەند پارچە چەکێکیان دۆزیوەتەوە، چونکە مەجید هەر لە منداڵییەوە خولیای کڕین و فرۆشتنی چەکی هەبوو، بەردەوام چەند پارچە چەکێکی لە ماڵەوە هەبووە".

بەبڕوای کەسوکاری پێشمەرگەکە، مەجید لەژێر ئەشکەنجەدا کوژراوە، خالید مستەفا دەڵێ: "دوو ڕۆژ بوو مەجید گیرابوو، نەماندەزانی لە کوێیە، ڕۆژی 2020/1/16 بەڕێوەبەری ئاسایشی باسرمە پەیوەندی پێوەکردم و گوتی تەرمەکەی لە پزیشکی دادی هەولێرە، بڕۆن وەریبگرنەوە، مەجید لە زیندان ئەشکەنجە درابوو، بە کێبڵ لە پشت و قاچی درابوو، کارەبا لە پەنجەکانی درابوو، دواتر کوژراوە، بۆیە سکاڵا لە دژی ئاسایشی پارتی تۆمار دەکەین، داواشمان لە یەکێتی کردووە دەبێت لەگەڵ ئاسایشی پارتی یەکلایی بکەنەوە کە چۆن ئەو ئامۆزایەی منیان تیرۆر کردووە".

مەجید لە لیوای 7ی وەزارەتی پێشمەرگە بووە و پلەکەشی ڕەئیس عورەفا بووە. عەمید ڕەنجە خرواتانی، فەرماندەی لیواکەی مەجید بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "نزیکەی 10 ساڵ بوو لەلای من پێشمەرگە بوو، کوڕێکی کۆمەڵایەتی و بێ کێشە بوو، پێشینەی تاوانی نەبووە، نەشمبیستووە کارێکی نایاسایی کردبێت، باوکی زۆر دەمێکە وەفاتی کردووە. مەجید سەرپەرشتی ماڵی خۆی و دایک و خوشک و برایەکیشی کردووە، باوەڕ ناکەم قەت مامەڵەی بە ماددە هۆشبەرەکانەوە کردبێت".

لەبارەی مامەڵەکردن بە چەکیش، ئەو فەرماندەیە گوتی: "مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی چەکی دەکرد، هەموو جارێکیش بە منی دەگوت، بەگوتەی خێزانەکەی ئەو شەوەش کە دەستگیرکراوە 6 قەناس، دەمانچە و کلاشینکۆف و هەندێک فیشەک و مەخزەنیش لە ماڵەکەیدا بوون، بەڵام هیچ ماددەیەکی هۆشبەری پێنەبووە".





ئاسایشی هەولێر دەڵێت مەجید لەنێو زیندان خۆی خنکاندووە بەڵام کەسوکارەکەی ڕەتی دەکەنەوە

بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی دادی هەولێر، مەجید خۆی خنکاندووە، بەڵام کەسوکارەکەی بۆ دووبارە پشکنین تەرمەکەیان بردە پزیشکی دادی سلێمانی و چاوەڕوانی ئەنجامەکەی دەکەن.

دوای ڕووداوەکە، لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی باڵا بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکەی پێکهێنرا. سەرچاوەیەک لە وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "وەزیری پلاندانان و نوێنەری چەند وەزارەتێک لەنێویاندا وەزارەتی پێشمەرگە، ئاسایشی سلێمانی و چەند لایەنێکی یاسایی و ئەمنی لەنێو لیژنەکەدا هەن".

سەرچاوەکەی وەزارەتی پێشمەرگە گوتیشی: "لیژنە باڵاکە کۆبوونەوەیەکیان لەسەر دۆسیەکە کردووە و بڕیارە کۆبوونەوەی دووەمیش بکەن، ئەنجامی ڕاپۆرتی پزیشکی دادی سلێمانیش هەر دەدرێ بەو لیژنەیە".

پەرلەمانی کوردستانیش بەجیا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لە دۆسیەکە پێکهێناوە. لوقمان وەردی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ڕۆژی 2020/1/19 لیژنەیەکی 6 کەسی لە پەرلەمان پێکهێنرا کە ئەندامەکانی لە لیژنەکانی پێشمەرگە و مافی مرۆڤ پێکهاتوون، لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی مەجید برایم دەکەن".

> فەرماندەی لیوای 7ی پێشمەرگە:
>
> **مەجید مامەڵەی بە چەک کردووە نەک ماددەی هۆشبەر**

لەبارەی دۆسیەکانی ئەشکەنجەدان لەنێو زیندانەکانی پۆلیس و ئاسایش، محەممەد گومەشینی، گوتەبێژی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە کابینەی 8 و 9دا لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بەدواداچوونمان کردووە بۆ ئەم پرسە، بەڵام هیچ بەڵگە و سکاڵایەک نەبووە کە ئەشکەنجەدان هەبووبێت، وەزارەتی ناوخۆ دەڵێن پێشتر لە بنکەکانی پۆلیس و لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ئەشکەنجەدان هەبووە، چەند کەسێکیشیان دوورخستووەتەوە، بەڵام لەدوای ئەوە هیچ حاڵەتێکی وا نەبووە و کەسیش سکاڵای تۆمار نەکردووە".

گوتەبێژی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ نیگەرانە لەوەی کە لەنێو لیژنەکەی حکومەتدا نین: "حکومەت لەسەر ئاستی باڵا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ دۆسیەی گیانلەدەستدانی پێشمەرگەکەی یەکێتی پێکهێناوە، بەڵام بەداخەوە داوایان لە ئێمە نەکردووە نوێنەرمان لەنێو لیژنەکەدا هەبێت، کە دەبوو هەمانبێت".

## ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقیش لە سکاڵاکەدا هەیە

# ئێزدییەکان سکاڵا لەسەر ئیکسۆن مۆبیل تۆمار دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

ئێزدییەکان لە سکاڵایەکدا بۆ ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان، کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیلی ئەمریکی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە کەسانێکیان وەک پاسەوان دامەزراندووە، ئەو کەسانە لە ساڵی 2013 تەقەیان لە هاووڵاتیانی مەدەنی کردووە و دوو کەسیان کوشتووە. جیا لەمە کارەکانی کۆمپانیاکە هەزاران کەسی لە شوێنەکانی خۆیان هەڵکەندووە.

دەقی ئەو سکاڵایەی ئێزدییەکان دەست ڕۆژنامەی (ساندەی تێلێگراف)ی بەریتانی کەوتووە کە تێیدا هاتووە کارەکانی کۆمپانیاکە نزیکەی 5000 کەسی ناچار کردووە ناوچەکە چۆڵ بکەن، لە کاتێکدا کۆمپانیاکە نەیتوانیوە لە نێوان 2011 بۆ 2013 لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە گفتوگۆ بکات، ئەوەش بە پێشێلکردنی دەستووری عێراق ناودەبەن.

کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل لە بەیاننامەیەکدا ئەو تۆمەتانە بە "بێ بنەما" وەسف دەکات و جەخت دەکاتەوە لەوەی "ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ" دەگرێ و بەپێی هەموو یاسا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان کاری کردووە.

مێژووی کارکردنی ئیکسۆن مۆبیل لە عێراق بۆ ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، کاتێک لەگەڵ کۆمپانیاکانی ڕۆیاڵ داچ شێڵ، کۆمپانیای نەوتی بەریتانیا (BP) و تۆتاڵی فەرەنسی، کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراقیان دامەزراند.

لە عێراقی پاش حکومەتی بەعس، کۆمپانیا ئەمریکییەکە لە سەرەتای 2010 گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی باشووری عێراق واژۆ کرد کە بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی قورنەی ڕۆژئاوا لە پارێزگای بەسرە بوو. کەمتر لە دوو ساڵ دواتر، هەمان کۆمپانیا گرێبەستێکی بۆ کارکردن لە شەش کێڵگە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کرد، ئەوەش نارەزایی حکومەتی بەغدای لێکەوتەوە.

سکاڵاکە لەلایەن نالین سویلۆ، کەسایەتی سیاسیی ئێزدییەوە بەرزکراوەتەوە و لە بەشێکیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بە پێشێلکردنی مافی ئێزدییەکان تۆمەتبار دەکات. سکاڵاکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە مۆڵەتی کارکردن لە ناوچە ئێزدییەکانی بە کۆمپانیا ئەمریکییەکە داوە، بێ ئەوەی قەرەبووی خەڵکی ناوچەکە بکاتەوە یان ڕاوێژیان پێبکات.

بەپێی دۆکیۆمێنتەکە، خەڵکی ئێزدی ناوچەکە لەدژی کارەکانی ئیسکۆن خۆپیشاندانیان ڕێکخستووە و لە یەکێک لە حاڵەتەکاندا ئەنجوومەنێکی خۆجێییان بۆ پاراستنی ژینگە و مافە گشتییەکان پێکهێناوە. ئامانجی ئەنجوومەنەکە ئەوەیە پشتگیری لە کەیسی دژایەتی کارەکانی کۆمپانیا ئەمریکییەکە بکات.

لە بەشێکی دیکەی سکاڵاکەدا، نالین سویلۆ باسی ڕووداوێک دەکات کە پاسەوانەکانی کۆمپانیاکە تەقەیان لە هاووڵاتیانی مەدەنی کردووە: "لە ساڵی 2013، ئیکسۆن هێزی ئەمنی لە خەڵکی خۆجێیی دامەزراند، ئەوان تەقەیان لە چالاکڤانانی ئێزدی کرد و دوو لەوانیان کوشت. حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئیکسۆن ڕەتیدەکەنەوە (لەو پەیوەندییەدا) هەنگاو بنێن. ئەوان گوێی خۆیان لەو بانگەشانە خەواندووە کە ئێزدییەکان بۆ خاکی باوباپیرانی خۆیان هەیانە و خاکی داگیرکراوی ئێزدییەکانیان کڕیوەتەوە".

سەلما حوێربی، نوێنەری گروپی ناوەندی سەرچاوەی بزنس و مافەکانی مرۆڤ لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێ "ئێمە نیگەرانین بە بیستنی ئەو تۆمەتە جدییانە. کۆمپانیاکانی نەوت دەبێ هەوڵ بدەن مافەکانی ئەو خەڵکە بپارێزن کە کۆمپانیا کار لە ناوچەکانیاندا دەکات، لەوانەش دەبێ لە توندوتیژی و لەدەستدانی خاک بیانپارێزێ، بە تایبەتیش لە ناوچەکانی جەنگ".




# هەردوو جێگرەکەی پارێزگاری نەینەوا گەڕانەوە سەر کارەکانیان

## ئەمڕۆ دادگای ئیتیحادی لەبارەی چارەنووسی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کۆدەبێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

پاش هەشت مانگ لە لادانی هەردوو جێگری یەکەم و دووەمی پارێزگاری نەینەوا لەسەر نقومبوونی بەلەمێک لە ڕووباری دیجلەدا، دادگای ئیتیحادی عێراق لە بەغدا بڕیاری لادانی هەردوو جێگرەکەی ڕەتکردەوە. بەم بڕیارە هەردوو جێگرەکە دەگەڕێنەوە پۆستەکەی خۆیان.

لە ڕۆژی یەکەمی نەورۆزی 2019 دا بەلەمێکی گواستنەوەی هاووڵاتیان لەناو ڕووباری دیجلەدا نقوم بوو، لە ئاکامدا 128 کەس خنکان کە 57 کەسیان ئافرەت و 44 یان منداڵ بوون، تەرمی 69 کەسی دیکەشیان دیار نەما.

دوای ئەو ڕووداوە حکومەتی عێراق دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد، هەر لەگەڵ دەستپێکی لێکۆڵینەوەکانیش نوفەل حەمودی، پارێزگاری نەینەوا و عەبدولقادر شنگالی، جێگری یەکەمی پارێزگار لە پشکی کورد و حەسەن عەلاف، جێگری دووەمی پارێزگار لە پشکی عەرەب لە پۆستەکانیان لادران. لە چەند مانگی ڕابردوودا، سیروان ڕۆژبەیانی لە شوێنی عەبدولقادر شنگالی و حەسەن خەلەف لە شوێنی حەسەن عەلاف دەستبەکار ببوون.

عەبدولقادر شنگالی لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سەرەتای دەرکردنی ئەو بڕیارە بە میدیاکان و هەموو هاووڵاتیانمان ڕاگەیاند کە ئەو بڕیارەی لەبارەی منەوە دراوە هەڵەیە، بەڵام زۆر کەس باوەڕیان بەو بڕیارە کردبوو".

پاش بڕیاری لادانیان، هەردوو جێگرەکە لە دادگای ئیتیحادیی عێراق سکاڵایان تۆمار کرد، ئەو دادگایەش شنگالی و عەلافی بە بێتاوان لە قەڵەم دا. وەک شنگالی دەڵێ: "لە ڕۆژی پێنجشەممە، 16ی کانوونی دووەم، دادگای باڵای ئیتیحادی عێراقی ئەو بڕیارەی لەسەرکارلادانی من و جێگری دووەمیشی ڕەتکردەوە".

> جێگری یەکەمی پارێزگاری نەینەوا:
>
> **بڕیاری لەسەرکارلادانی ئێمە نادادپەروەرانە بوو**

بەپێی بڕیارەکەی دادگا، هەردوو جێگرەکە دەتوانن لە پۆستەکەی جارانی خۆیان دەستبەکار ببنەوە. بەرپرسە کوردەکە ئەوەشی خستەڕوو کە "لەم هەفتەیەوە دەست بە دوامی خۆمان دەکەینەوە. ئەو بڕیارەی لەبارەی ئێمەوە درابوو هەر لە سەرەتاوە نادادپەروەرانە بوو، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئێمە بێتاوانین، بۆیە بە خۆشحاڵییەوە دەگەڕێینەوە سەر دەوامی خۆمان".

سەیدۆ شنگالی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)، هەواڵی گەڕانەوەی ئەو بەرپرسەی پشتڕاستکردەوە و گوتی: "ڕاستە لە ڕۆژی یەکشەممەوە جێگری دووەم کە حەسەن عەلافە دەستبەکار بووەتەوە. چاوەڕێ دەکەین لەم هەفتەیەدا عەبدولقادر شنگالیش لە پۆستەکەی خۆی دەستبەکار ببێتەوە".

لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا پەرلەمانی عێراق بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقی دەرکرد. ئەو بڕیارە چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانی لێدەرچێ، هەموو پارێزگاکانی عێراق دەگرێتەوە. بڕیارەکە ئەنجوومەنی هەردوو پارێزگای نەینەوا و کەرکووکیش دەگرێتەوە، هەر زوو ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە دادگای باڵای ئیتیحادی عێراق تانەیان لە بڕیارەکە دا، بەڵام دادگا عێراقییەکە هەتا ئێستا هیچ بڕیارێکی لەبارەی چارەنووسی ئەنجوومەنەکان دەرنەکردووە.

سەیدۆ شنگالی لەبارەی پرسی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق گوتی: "ئێمە هەر ئەوکات لە دادگای باڵای ئیتیحادی تانەمان لەو بڕیارە دا، بڕیارە ڕۆژی دووشەممە، 20ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لەبارەی چارەنووسی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا و تانەکەی ئێمە دانیشێ، بۆیە چاوەڕێین بزانین ئەوان چ بڕیارێک دەدەن".

ماوەی هەشت مانگ بوو ڕۆژبەیانی و خەلەف لە شوێنی شنگالی و عەلاف کاریان دەکرد. بەرەکات شەمۆ، سەرۆکی کوتلەی برایەتی و پێکەوە ژیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا لەبارەی چارەنووسی دوو جێگرە کۆنەکە دەڵێ: "هەردوو بەڕێزەکە دەگەڕێنەوە سەر کاری پێشووی خۆیان".

# بەرهەم ساڵح دەبێتە سەرۆکی یەکێتی؟

## هەفتەی داهاتوو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی کۆدەبێتەوە

**دەستەی سەرۆکایەتی یەکێتی لە پێنج کەس پێکدێ**



یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی گشتیی یەکێتی

**زریان حاجی**
**ڕووداو – هەولێر**

سەرەتای هەفتەی داهاتوو، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی دووەمین کۆبوونەوەی خۆی دەکات. ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە ئاشکرای دەکات کە ئەو لێژنە 20 کەسییەی بۆ هەمواردنی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی پێکهێنراوە، 16 مادده و دەیان بڕگەی پەیڕەوەکەی هەموار کردووە.

ڕۆژی 2019/12/21 یەکێتی نیشتیمانی کوردستان چوارەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری سلێمانی بەست. لەو کۆنگرەیەدا گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر پەیکەری ڕێکخراوەیی یەکێتیدا هاتووە. جگە لە دانانی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و پاراستنی بەرژەوەندیی یەکێتی، سەرکردایەتییەکی 124 کەسی هەڵبژێردرا. هەروەها لە کۆنگرەدا ڕەشنووسی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی پەسەند کرا، بەڵام دەسەڵاتی هەمواركردنی پەیڕەوەکە درایە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی.

ڕۆژی 2020\1\14 ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی یەکەم کۆبوونەوەی خۆی دوای بەستنی کۆنگرە کرد، لە کۆبوونەوەکەدا لێژنەیەکی 20 کەسی بۆ هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆ دیاری کرد.

مستەفا چاوڕەش کە وەک بە تەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتی یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکەی کرد، بە (ڕووداو)ی گوت: "لێژنە 20 کەسییەکە دەبێ لە دوو هەفتەدا ئەو پەیڕەوە هەموار بکەنەوە و خاڵ بە خاڵ ئیشی لەسەر بکەن، ئەوان سەرپشک کراون لە دەستکاریکردنی". بە گوتەی چاوڕەش هەر کاتێک پەیڕەوەکە ئامادە بوو، دەهێنرێتە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی و دەنگی لەسەر دەدرێ.

ئەندامێکی سەرکردایەتی گشتی یەکێتی دەڵێت جگە لەو 20 کەسە، کەسانی دیکەش دەتوانن بچن لەگەڵ ئەو 20 کەسەدا بەشداربن لە هەموارکردنەکەدا. ئاریز عەبدوڵڵا بە (ڕووداو)ی گوت: "وارژۆی ئەو 30 کەسە لەسەر هەموارکردنی دەستوورەکە دەبێ، بەڵام خەڵکی دیکەش دەتوانێ بۆچوونی لە هەموارکردنەکەدا هەبێ".

هەر دوای دەستنیشانکردنی لێژنە 20 کەسییەکە، ڕۆژی دواتر لێژنەکە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی کرد و دەستی بەکارەکانی کرد.

زوبێر عوسمان، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی کە ئەندامی لێژنە 20 کەسییەکەیە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سەقفی زەمەنی بۆ هەمواردنی پەیڕەوەکە دانەنراوە، بەڵام پێشبینی دەکەین بە 10 – 15 ڕۆژ کارەکانمان تەواو ببن، هەوڵدەدەین بە زووترین کات تەواوی بکەین".

پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی کە لەدوایین کۆنگرەدا بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرە پەسەند کرا ، لە 76 مادده و دەیان بڕگە پێکدێ.

زوبێر عوسمان باسی کارەکانی لێژنەکەی کرد و گوتی: "لە یەکەم کۆبوونەوەی لێژنە 20 کەسییەکە لە ڕۆژی 2020\1\15 بەشێکی مادە و بڕگەکانی بەشی یەکەم کە لە نزیکەی 16 مادده و بڕگە پێکدێ، هەموارکرانەوە".

لە یەکەم کۆبوونەوەدا کاتی کۆبوونەوەی دووەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دیاری کرا، ئاریز عەبدوڵڵا دەڵێت "ڕۆژی 2020/1/25 ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی دووەمین کۆبوونەوەی خۆی دەکات". وا چاوەڕوان دەکرێ لەو کۆبوونەوەیەدا پەیڕەوە هەموارکراوەکەی یەکێتی دەنگی لەسەر بدرێ.

لە کۆنگرەدا 121 ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردران، بەڵام ڕۆژێک پێش هەڵبژاردنەکە هەر یەک لە ڕێواس فایەق، سەرۆکی پەرلەمان و بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق و قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت بە ئەندامی ئەنجوومەنەکە دەستنیشان کران، بەمەش ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتی بوو بە 124 کەس.

مستەفا چاوڕەش دەڵێت: "لەو باوەڕەدانیم ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتی زیاد بکرێ و بەو شێوەیە دەبێ کە لە پەیڕەو دیاریکراوە".

هەر لەوبارەوە زوبێر عوسمان دەڵێ: "تا ئێستا نەگەیشتووینەتە سەر ئەو بڕگەیە، بەڵام گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێ و دواجار لەڕێی ئەو حاکمانەی سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکەیان کردووە، لەگەڵ لێژنەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە هەماهەنگی دەکرێ و ئەم پرسە یەکلایی دەکرێتەوە".

چاوەڕێ دەکرێ زۆرترین گفتوگۆ لەسەر پەیکەری داهاتووی یەکێتی بێ، بە تایبەتی سەرۆک/ سکرتێری یەکێتی، هەروەها جێگرەکانی.

ئاریز عەبدوڵڵا دەڵێت: "لەبەر ئەوەی پەیڕەو بەپێی پەیکەر پەسەند نەکرابوو، بۆیە لە کۆبوونەوەی یەکەم نەمانتوانی سەرۆک هەڵبژێرین".

ئێستا قسە هەیە کە یەکێتی سەرۆک هەڵبژێرێ، بە ئەگەرێکی زۆریش بەرهەم ساڵح بەربژێرە بۆ ئەو پۆستە، هەروەها سەرۆک جێگرێکی دەبێ، بەربژێری بەهێزیش بافڵ تاڵەبانییە، سێ کەسیش وەک یاریدەدەر بۆ سێ دۆسیەی جیاواز دادەنرێن و بەمەش دەستەی سەرۆکایەتی یەکێتی دەبن بە پێنج کەس.

زوبێر عوسمان، دەڵێت: "هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو بڕگەیە، بەڵام پێشبینی دەکەم گفتوگۆی زۆر هەڵبگرێ، سیناریۆی زۆریش هەن، بۆ نموونە باس لە زیاتر لە جێگرێک بۆ سەرۆک دەکرێ".

**مستەفا چاوڕەش:**
**ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتی هەر 121 ئەندام دەبێ و زیاد ناکرێ**

**ئەندامێکی لێژنەی هەموارکردنی پەیڕەوی یەکێتی:**
**بڕگەی دانانی سەرۆک لە پەیڕەو زۆرترین گفتوگۆ هەڵدەگرێ**

## (ڕووداو) ناوی کاندیدەکانی گۆڕان بۆ پۆستی بریکاری وەزارەتەکان بڵاودەکاتەوە

# یەکێتی و گۆڕان چاوەڕێی پارتین بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکان

**زریان حاجی**
**ڕووداو– هەولێر**

هەریەک لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان ناوی کاندیدەکانیان بۆ بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکان ئامادە کردووە. یەکێتی لەوبارەوە دەڵێت کە ناوەکانیان ڕادەستی جێگری سەرۆکی حکومەت کردووە.

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە 19 وەزارەت و سێ وەزیری هەرێم پێکهاتووە، لە ڕۆژی 2019/7/12 لە پەرلەمانی کوردستان متمانەی پێدرا.

بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان کراوە، جگە لە وەزارەتەکان، یەکێتی و گۆڕان پشکیان لە بریکاری وەزیر، ڕاوێژکارەکان، بەڕێوەبەرە گشتییەکان و سەرۆکی دەستەکانیشدا دەبێ، بەڵام ئەو پۆستانە هێشتا پڕنەکراونەتەوە.

ڕزگار محەممەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ناوەکانمان ئامادەن، بەڵام نەدراونەتە حکومەت، چونکە هەموو ناوەکان دەبێ بەیەکەوە پێشکەش بکرێن، ناکرێ سەرۆکی حکومەت هەر ڕۆژە و فەرمانی دەستبەکاربوون بۆ کەسێک دەربکات".

بزووتنەوەی گۆڕان بە وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم و چوار وەزارەت بەشداری لە حکومەتدا کردووە. بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە لەگەڵ پارتی هەیەتی، دەبێ زیاتر لە 70 پۆستی دیکەش وەربگرێ.

خەلیل سەرکانی، ئەندامی جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت یەکێتی بیانوویان پێدەگرێ و داوای کۆمەڵێک لەو پۆستانە دەکات کە ئەوان لەگەڵ پارتی لەسەری ڕێککەوتوون. سەرکانی گوتی: "یەکێتی بەمدواییە هەندێ گرفتی دروستکرد و داوای هەندێ پۆستی کرد کە بە گۆڕان دراون، ئەوان بابەتەکەیان دواخستووە، بۆ نموونە لە ڕێککەوتنی نێوان پارتی و گۆڕان پۆستی ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە بە گۆڕان دراوە، کەچی یەکێتی داوای کردووە".

سەبارەت بە دواکەوتنی دانانی بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ڕاوێژکارەکان، پەرلەمانتارەکەی گۆڕان هۆکارەکەی بۆ یەکێتی گەڕاندەوە و گوتی: "یەکێتی داوای لە سەرۆکی حکوومەت و لایەنەکان کرد کە ئەوان سەرقاڵی کۆنگرەن، بۆیە نابێ پەلەیان لێ بکەن لە یەکلاکردنەوەی ئەو پۆستانەی ماون، بەڵام ئێستا یەکێتی جگە لە پرسە ناوخۆییەکانی، باوەڕ ناکەم ئیدی هیچ گرفتێکی مابێ و نازانم بۆ ناوەکان پێشکەش ناکات".

**بەرپرسێکی گۆڕان:**
**ناوەکانمان ئامادەیە بەس نازانین بۆچی پارتی داوای ناکات**

بەڵام بەرپرسێکی یەکێتی ڕەتیکردەوە ئەوان هۆکاری پڕنەکردنەوەی پۆستەکان بن. زوبێر عوسمان، ئەندامی سەرکردایەتی گشتیی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە ناوەکانمان یەکلایی کردووەتەوە. ناوەکانیش نێردراون بۆ نووسینگەی جێگری سەرۆکی حکوومەت، لەوێ لێژنەیەکی بۆ دانراوە، بەڵام کەی داوا کرا و پێویست بوو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گشتی قسەی تێدا بکات، ئەوکات ئێمە قسەی خۆمانی تێدا دەکەین".

هەر لەوبارەوە سەمیر هەورامی، گوتەبێژی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکوومەت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ناوی بەربژێرەکانی یەکێتی بۆ ئەو پۆستانەی ماون، ئامادەن، بەڵام جارێ هیچ بڕیارێک نییە بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکان". گوتیشی: "هەر کاتێک سەرۆکی حکومەت داوای ناوەکانی کرد، ناوەکانی یەکێتی ئامادەن".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کاندیدەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بریکاری وەزارەتەکان بریتین لە: سەیوان عەلی، بۆ بریکاری وەزارەتی پەروەردە. مستەفا سەلیم، بۆ بریکاری وەزارەتی ناوخۆ. چالاک موهەندیس، بۆ بریکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار. کامیل قەزاز، بۆ بریکاری وەزارەتی کارەبا. ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕانیش ڕەزامەندی لەسەر ناوەکان داوە.

سەبارەت بە کاتی دانانی بریکاری وەزیرەکان، خەلیل سەرکانی گوتی: "بابەتەکە لەلای ئێمە کۆتایی هاتووە، هەر کاتێک حکومەت داوای بکات، ناوەکانی ئێمە ئامادەن، بەڵام ڕاستییەکەی نازانین بۆچی تاوەکو ئێستا داوای ناکەن".

# پارتی کۆنگرە دەبەستێ

**ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی:**
**ڕەنگە کۆنگرەی پارتی بکەوێتە ناوەڕاستی ئەمساڵ**




**زریان حاجی**
**ڕووداو– هەولێر**

پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیدا لە ڕۆژی 2020/1/18 بڕیاری دا ئەمساڵ کۆنگرە ببەستێ. ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتیش دەڵێت ڕەنگە بەستنی کۆنگرەکە بکەوێتە ناوەڕاستی ئەمساڵ.

دوایین کۆنگرەی پارتی کە کۆنگرەی 13 بوو، لە کانوونی یەکەمی 2010 بەسترا. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پارتی ماوەی یاسایی نێوان دوو کۆنگرە 4 ساڵە، تەنیا بۆ حاڵەتی پێویست ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی حیزبەکە بۆی هەیە تەنیا یەک ساڵ ماوەی بەستنی کۆنگرە درێژ بکاتەوە، بۆیە دەبووایە پارتی لە ساڵی 2014دا کۆنگرەی 14 ببەستێ.

ئەحمەد کانی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت: "هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین کە کۆنگرەیەکی نەوعی بکرێ، چونکە لە ساڵی 2010 وە کۆنگرەمان نەبەستووە واتە 10 ساڵە. بەڵام دواکەوتنی کۆنگرە هۆکاری خۆی هەبووە، لەوانەش شەڕی داعش".

لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتیدا تەنیا بڕیار درا کە ئەمساڵ کۆنگرە ببەسترێ، بەڵام کاتەکەی دیاری نەکراوە. پێشتر فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاندبوو کە ڕەنگە لە مانگی حوزەیرانی 2020 کۆنگرە ببەستن.

هیوا گەیلانی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەگەر بارودۆخە خۆیی و بابەتییەکان هاوکارین و ناوچەکە ئارام بێ، پێشبینی دەکرێ لە ناوەڕاستی ساڵی 2020دا کۆنگرە ببەسترێ".

پارتی لە کاتێکدا بڕیاری بەستنی کۆنگرەی 14ی داوە کە هێشتا هەندێک لە بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی 13 جێبەجێ نەکراون، لەوانەش دروستکردنی ئەنجوومەنی شارەزایان و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بۆ پارێزگای دهۆک.

چنار سەعد عەبدوڵڵا بەرپرسی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی دەڵێت: "نازانم ئەنجوومەنی شارەزایان بۆچی دروست نەکرا، ڕەنگە هەست بەوە کرابێ کە لەو قۆناغەدا پێویست نەبووە یان لەو بارودۆخەدا نەپەرژابنە سەر دروستکردنی ئەو ئەنجوومەنە".

سەبارەت بە دروستنەکردنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بۆ پارێزگای دهۆکیش گوتی: "ئەو کاتە بڕیاردرا ئەو ئەنجوومەنە بۆ پارێزگاکان بەپێی پێویستی بکرێتەوە، بۆ دهۆک گفتوگۆی ئەوە هەبوو ببێ یان نەبێ و یەکلایی نەکرایەوە، نازانم بۆ لە دهۆک نەکرایەوە، ڕەنگە زۆر پێویست نەبووبێ".

مەکتەب و ئۆرگانەکانی پارتی بەر لە دیاریکردنی کاتی کۆنگرە سەرقاڵی توێژینەوە بوون بۆ ئەوەی کۆنگرەی داهاتوویان کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێ.

بەرپرسی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی دەڵێت: "بەدەر لەو ئیجرائاتە هونەریانەی لە پەیڕەو بۆ پێکهێنانی لێژنە ئاماژەی بۆ کراوە، کۆمەڵێ هەنگاومان هاویشتووە لەوانە کۆمەڵێ پانێل و کۆنفرانس و سیمینارمان لە بواری ڕێکخستن و هەڵبژاردن کردووە، ئێستاش خەریکی ئامادەکارین بۆ ئەوەی کۆمەڵێ پانێل ساز بکەین و لێکۆڵینەوەی دیکە بکەین".

سەبارەت بە هەیکەلی داهاتووی پارتی، چنار سەعد دەڵێت: "دوو بۆچوون بۆ هەیکەلیەتی داهاتووی پارتی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە هەیکەلی پارتی بەپێی پێداویستییەکانی ئەمڕۆ بگونجێنین و بچووکی بکەینەوە و دامەزراوە و ئۆرگانی دیکە دابمەزرێنین، بۆچوونی دووەمیش ئەوەیە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارێزگاکان نەمێنن، بەڵام دواجار کۆنگرە بڕیار لەبارەی هەیکەل دەدات".

جگە لە سەنتەری دیراساتی پارتی، دەزگای هەڵبژاردنی ئەو حیزبەش سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ کۆنگرە. شیرین ئامێدی، یاریدەدەری بەرپرسی دەزگاکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "وەک دەزگای هەڵبژاردن پرۆژەیەکمان لەبەردەستە کە تێیدا دیراسەمان لەسەر هەر 13 کۆنگرەکەی پارتی کردووە، جیا لەوە چەندین کۆنفرانس و سیمینارمان کردووە".

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پارتی، دەبێ 10%ی سەرکردایەتی ژن بن، بەڵام شیرین ئامێدی پێیوایە چیدی ئافرەتانی پارتی پێویستیان بە ڕێژە و کۆتا نییە. ئەو دەڵێت: "بۆ کۆنگرەی 14 ئێمە دەڵێین ئافرەت شەریکە و ناڵێین با کۆتای بۆ دابنرێ، چونکە باوەڕمان بە توانای ئافرەت هەیە و با بەپێی لێهاتووییان بگەنە سەرکردایەتی".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە 2019/12/21 چوارەمین کۆنگرەی بەست، یەکێتی گۆڕانکارییەکی زۆری لە پەیکەری حیزبەکەدا کردووە. دیارترینیان هەڵبژاردنی سەرکردایەتی بوو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان. دوای ئەویش یەککگرتوو هەمان سیستەمی پەیڕەو کرد.

سەبارەت بە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی دەستنیشانکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەپێی ناوچەکان، د.چنار گوتی: "بێگومان هەوڵ دەدرێ هەموو ناوچەکان ئامادەییەکی باشیان هەبێ لە سەرکردایەتیدا، ئەمە داواکارییە و پێویستە کاریشی لەسەر بکرێ".

**شیرین ئامێدی:**
**چیدی لەگەڵ ئەوە نیم ئافرەتان بە کۆتا بگەنە سەرکردایەتی**

فراکسیۆنەکان پەرلەمانتارانیان سەرپشک دەکەن

# کەمتر لە 10 پەرلەمانتار خانەنشینی ڕەتدەکەنەوە

**شاخەوان مەحموود**
**ڕووداو – هەولێر**

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ڕەتکردنەوە یان وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی. زۆربەی پەرلەمانتارانیش بە پاساوی جۆراوجۆر قسە لەسەر ئەوە ناکەن کە ئایا خۆیان خانەنشین دەکەن یان نا و هەڵوێستی خۆیان دەبەستنەوە بە هەڵوێستی فراکسیۆنەکانیانەوە.

پڕۆژەیاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی 2020/1/16 لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا، ماددەی حەوتەمی یاساکە زۆرترین گفتوگۆی لەبارەوە کرا، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە خانەنشینیی پلە باڵاکانەوە هەبوو.

لە یاساکەدا بڕگەیەک هەیە ڕێگە دەدات پەرلەمانتار مووچەی خانەنشینی ڕەتبکاتەوە. لە دوای دەرچوونی یاساکە 30 ڕۆژ مۆڵەتیان هەیە تاوەکو ڕەتیبکەنەوە. (ڕووداو) بەدواداچوونێکی کردووە لەبارەی ئەوەی ئایا پەرلەمانتاران مووچەی خانەنشینی ڕەتدەکەنەوە یان وەریدەگرن، ئەگەری هەیە کەمتر لە 10 پەرلەمانتار نەیانەوێ خانەنشین بکرێن.

## کەمترین و زۆرترین مووچەی خانەنشینی

پلە باڵاکان زۆر لە پۆستەکان دەگرێتەوە، هەر لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکوەزیران و جێگرەکانیانەوە تا پەرلەمانتاران، وەزیرەکان، بریکاری وەزیر، پارێزگارەکان و جێگرەکانیان و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان. هەموو ئەوانە بە پلەباڵای (ا ، ب) ناسراون.

پەرلەمانتارێک بۆ ئەوەی خانەنشینی 50% بیگرێتەوە و لە کۆی 8 ملیۆن و 200 هەزار دینار، 4 ملیۆن و 100 هەزار دینار وەربگرێت، دەبێت دوو مەرجی تێدابێت. یەکەم: تەمەنی لە 45 ساڵ کەمتر نەبێت کاتێک ماوەی پەرلەمانتارییەکەی تەواو دەبێت. دووەم: 15 ساڵ خزمەتی هەبێت.

بەگوێرەی خاڵی دووەمی ماددەی 7ی یاسای چاکسازی، ئەوانەی پلەباڵان، 15 ساڵ خزمەتیان تەواو نەکردووە و تەمەنیشیان لە 45 ساڵ کەمترە، دەتوانن بە 15%ی دوایین مووچە و دەرماڵەیان خانەنشین ببن. هەروەها بۆ هەر ساڵێکی خزمەت 1.5%ی مووچەیان بۆ خەرج دەکرێت. خاوەن بڕوانامەی ئامادەیی 1%، دبلۆم 2%، بەکالۆریۆس 4%، دبلۆمی باڵا و ماستەر 6%، دکتۆرا 8%ی مووچە و دەرماڵەکانیان بۆ خەرج دەکرێت.

## پەرلەمانتاران بە چەند خانەنشین دەبن

بەگوێرەی بەدواداچوونێکی (ڕووداو)، هەر پەرلەمانتارێکی کوردستان مووچەکەی هەشت ملیۆن و 200 هەزار دینارە. 43 پەرلەمانتار کە تەمەنیان 45 ساڵە و 15 ساڵ خزمەتیان هەیە، بە 50%ی مووچەکانیان، واتە چوار ملیۆن و 100 هەزار دینار خانەنشین دەبن. 63 پەرلەمانتار بە دوو ملیۆن و 100 هەزار دینار خانەنشین دەبن، سێ پەرلەمانتار بە مووچەی یەک ملیۆن و 886 هەزار دینار خانەنشین دەبن و دوو پەرلەمانتاریش بە مووچەی ملیۆنێک و 804 هەزار دینار خانەنشین دەبن.

## کێ وەریدەگرێ و کێ وەریناگرێ؟

(ڕووداو) ڕاپرسییەکی لە نێو پەرلەمانتاران کرد و بۆچوونی 26 پەرلەمانتاری وەرگرت کە ئایا خانەنشین دەبن یان مووچەی خانەنشینی ڕەتدەکەنەوە، لەوانە 13 پەرلەمانتار هەڵوێستی خۆیان بەستەوە بە هەڵوێستی فراکسیۆنەکانیانەوە، شەش پەرلەمانتاریان قسەیان لەسەر نەکرد، 2 پەرلەمانتار خانەنشینییان ڕەتکردەوە و 5 پەرلەمانتاریش گوتیان خۆمان خانەنشین دەکەین.

ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت، ئەندامانی فراکسیۆنەکەیان ئازادن و خۆیان بڕیار لەسەر خانەنشینبوون یان ڕەتکردنەوەی دەدەن.

پارتی 45 پەرلەمانتاری هەیە، لەگەڵ تەواوبوونی خولی پێنجەم 30 پەرلەمانتاری تەمەنیان دەبێتە 45 ساڵ، بەڵام تەنیا 13 پەرلەمانتاریان 15 ساڵ خزمەتیان هەیە کە بە 50%ی مووچەکانیان خانەنشین دەبن. 28 پەرلەمانتاریان بە 25%ی مووچەکانیان، دوو پەرلەمانتاریان بە 23% و 2 پەرلەمانتاریشیان بە 22%ی مووچەکەیان خانەنشین دەبن.

سەبارەت بە فراکسیۆنی یەکێتی، جەمال حەوێز، سەرۆکی فراکسیۆنەکە بە (ڕووداو)ی گوت: پەرلەمانتاران خۆیان خاوەن بڕیارن و دەتوانن خانەنشینبوون هەڵبژێرن یان ڕەتیبکەنەوە.

لە 21 پەرلەمانتارەکەی یەکێتی 10یان تەمەنیان لە سەرووی 45 ساڵە کە حەوتیان 15 ساڵ خزمەتیان هەیە و دەتوانن بە 50%ی مووچەکەیان خانەنشین ببن، 14 پەرلەمانتارەکەی دیکەیان بە 25%ی مووچەکانیان خانەنشین دەبن. سێ پەرلەمانتاریان بڕوانامەی ئامادەیی و خوارتریان هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی خزمەتیان هەیە دەتوانن بە 50% خانەنشین ببن.

بزووتنەوەی گۆڕان پشتگیرییەکی تەواوی پڕۆژەیاسای چاکسازییان کرد و دەنگیان پێدا. عەلی حەمەساڵح، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان پشتڕاستی نەکردەوە کە ئەوان ڕەتیدەکەنەوە یان نا. فراکسیۆنی گۆڕان لە کۆی 12 پەرلەمانتار 4 پەرلەمانتاریان تەمەنیان سەرووی 45 ساڵە و 15 ساڵیش خزمەتیان هەیە و دەتوانن بە 50%ی مووچەکەیان خانەنشین ببن. 8 پەرلەمانتارەکەی دیکەی گۆڕان دوو کەسیان بڕوانامەی ئامادەیی و یەکێکیان سەرەتاییان هەیە، بەڵام بەهۆی خزمەتیان دەتوانن بە 25%ی مووچەکەیان خانەنشین ببن.

فراکسیۆنی نەوەی نوێ زۆر پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە مووچەی فەرمانبەری ئاسایی زیاد بکرێت و پلە باڵاکان کەمبکرێنەوە. بە گوتەی د.کازم فاڕووق، سەرجەم پەرلەمانتارەکانیان فۆرمی ڕەتکردنەوەی خانەنشینی پڕدەکەنەوە و نایانەوێت ئەو مووچەیە وەربگرن. بەڵام بەگوێرەی بەدواداچوونەکە، لەکۆی 8 پەرلەمانتار تەنیا 4 پەرلەمانتاریان بەنیازن مووچەی خانەنشینی ڕەتبکەنەوە. دوو پەرلەمانتاری نەوەی نوێ تەمەنیان لە سەرووی 45 ساڵە، بەڵام تەنیا یەکێکیان 15 ساڵ خزمەتی هەیە و دەتوانێت بە 50%ی مووچەکەی خانەنشین ببێ، 6 پەرلەمانتاریش بە 25%مووچەکەیان خانەنشین دەبن. هەروەها پەرلەمانتارێکیان لەبەر ئەوەی بڕوانامەی دبلۆمی هەیە و خزمەتی کەرتی حکومی نییە، بە 23% خانەنشین دەبێ.

عەبدولستار مەجید، سەرۆکی فراکیسۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنەکەی لەسەر ئەو بابەتە گفتوگۆی نەکردووە، بەڵام پەرلەمانتار سەرپشکن لە خانەنشینبوون یان ڕەتکردنەوەی خانەنشینی.

فراکیسۆنی کۆمەڵ کە 7 پەرلەمانتاری هەیە، 4 پەرلەمانتاریان 45 ساڵیان تەواو کردووە، تەنیا چوار پەرلەمانتاریان 15 ساڵ خزمەتیان هەیە و دەتوانن بە 50%ی مووچەکەیان خانەنشین ببن. سێ پەرلەمانتارەکەی دیکەی کۆمەڵ بە 25%ی مووچەکەیان خانەنشین دەبن.

د.شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لەبارەی وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی خانەنشینی دەڵێ، ئەوان لەگەڵ ئەوەدان هەر پەرلەمانتار و پلە باڵایەک مەرجە یاساییەکانی خانەنشینی عێراقی تێدابێت کە 15 ساڵ خزمەت و 45 ساڵ تەمەنە، خانەنشینی وەرگرێت، ئەوانەیشی ئەو مەرجانەیان نەبێت خانەنشین نەکرێن. بەگوێرەی بەدواداچوونەکەی (ڕووداو) هەر پێنج پەرلەمانتارەکەی یەکگرتوو تەمەنیان لە سەرووی 45 ساڵە و 15 ساڵ خزمەتیان هەیە، واتە دەتوانن بە 50%ی مووچەکانیان خانەنشین ببن.

تورکمانەکان 5 کورسییان هەیە، سێ پەرلەمانتاریان بە مووچەی 50%ی خانەنشین دەبن، دوو پەرلەمانتارەکەی دیکەش بە 25%ی مووچەکەیان. کریستیانەکانیش بە هەمانشێوە، سێ پەرلەمانتاریان بە 50% و دوو پەرلەمانتاریشیان بە 25%ی مووچەکەیان خانەنشین دەبن. تاکە پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی ئەرمەنیش دەتوانێ بە 50%ی مووچەکەی خانەنشین ببێ.

فراکسیۆنی ئازادی یەک پەرلەمانتاری هەیە، ئەویش مەرجەکانی تێدایە و دەتوانێ بە 50%ی مووچەکەی خانەنشین ببێ. پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی ئازادیش بە هەمانشێوە.



**پەرلەمانتاران بە چەند خانەنشین دەبن؟**

43 پەرلەمانتار بە مووچەی 4.100.000 دینار خانەنشین دەبن

63 پەرلەمانتار بە مووچەی 2.100.000 دینار خانەنشین دەبن

3 پەرلەمانتار بە مووچەی 1.886.000 دینار خانەنشین دەبن

2 پەرلەمانتار بە مووچەی 1.804.000 دینار خانەنشین دەبن

هەردوولا لە هەڵوێستی نەرمی نیگەرانن

# هەرێمی کوردستان لەژێر گوشارێکی زۆری ئێران و ئەمریکادایە

> کۆشکی سپی بیر لەوە دەکاتەوە 250 ملیۆن دۆلار لە هاوکاریی سەربازی بۆ عێراق کەم بکاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

حکومەتی عێراق لە نێوان دوو بژارەی هەستیاردا ماوەتەوە: ڕاگرتنی دڵی ئێران و حەشدی شەعبی یان هێشتنەوەی هێزە ئەمریکییەکان لە عێراق. سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق داوا دەکات حکومەتی داهاتوو پرسی هێزە بیانییەکان یەکلایی بکاتەوە.

## بژارە ئابووری و سەربازییەکانی ئەمریکا

دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران و ئەبومەهدی موهەندیس، فەرماندەی کەتایبی حیزبوڵلای عێراق، فراکسیۆنە شیعەکانی ناو پەرلەمان پرۆژە بڕیارێکیان تێپەڕاند بۆ دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق. ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە بەنیاز نییە بەدەم ئەو داوایەی کۆبوونەوەکەی پێنجی کانوونی دووەمی پەرلەمانی عێراقەوە بچێ کە کورد و سوننە بەشدارییان تێدا نەکرد، وەک کارتێکی گوشاریش پەنای بردە بەر هەڕەشەی ئابووری.

هەفتەی ڕابردوو، بەرپرسانی عێراق بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکییان ڕاگەیاند کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هۆشداری داوەتە عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەر، ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەربکرێن، ئەوە واشنتن لە بەرامبەردا ڕێگە نادات بانکی ناوەندیی عێراق دەستی بە هەژمارەکەی لە بانکی یەدەکی فیدراڵیی ئەمریکا ڕابگات.

عێراق وەک وڵاتانی دیکەی جیهان هەژماری لەو بانکە ئەمریکییە هەیە کە داهاتی فرۆشی نەوتی تێدا دادەنرێ. ئەوە لە لایەکەوە بەغدا لە داهاتی نەوت بێبەش دەکات و لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەی دراوی قورسی عێراق وشک دەکات کە بۆ ڕاگرتنی بەهای دینار لە بازاڕەکاندا پێویستی پێیە. هۆشدارییەکە ڕۆژی چوارشەممە، هەشتی کانوونی دووەم لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە عەبدولمەهدی دراوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بارودۆخەکە بە ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر)ی ئەمریکی دەڵێ، ئێستا عەبدولمەهدی دەیەوێ ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆئەوەی ئەمریکییەکان لە عێراق بمێننەوە، بێ ئەوەی میلیشیا شیعەکان تووڕە بکات. ڕەیحان حەننا ئەیوب، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانیش دەڵێ: "گوشارێکی زۆر لەسەر عادل عەبدولمەهدییە، هەموو داتا و ڕاپۆرتەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە عێراق لەڕووی ئابووری، دارایی و سەربازییەوە ئامادەگیی ئەوەی نییە بەرەنگاری داعش و گروپە تاوانکارەکان ببێتەوە".

هەفتەی ڕابردوو، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ماڵپەڕە ئەمریکییەکە ڕایگەیاند، لەدوای سەردانەکەی عەبدولمەهدی بۆ کوردستان هەستیان کردووە حکومەتی عێراق دەیەوێ ئەو کێشەیە لە ڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکات، نەک بەگژداچوون. بارزانی گوتی: "بیرۆکەکە ئەوەیە بگەنە فۆرمولەیەکی نوێ، یان با بڵێم ڕێکخستنەوەی وجوودی ئەمریکییەکان و هاوپەیمانان لە عێراق لە داهاتوودا".

ئیدارەی کۆشکی سپی هەر بەوەندە نەوەستاوە و بیر لەوە دەکاتەوە لە حاڵەتی دەرکردنی هێزەکانی لە عێراق، هاریکاریی سەربازی بۆ عێراق بە بەهای 250 ملیۆن دۆلار کەمبکاتەوە. وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی ئەمریکا لە چەند هەفتەی ڕابردوودا باسی ئەو پرسانەیان کردووە. ئیمەیڵی ڕاگۆڕینەوەی هەردوو وەزارەتەکە دەست ڕۆژنامە ئەمریکییەکە کەوتووە.

بەپێی ئیمەیڵەکان، نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک، لە بەرنامەیدایە 100 ملیۆن دۆلار لەو هاریکارییە سەربازییانەش کەمبکاتەوە کە لە بودجەی سەربازیی ساڵی 2021دا بیریان لێکراوەتەوە. لە یەکێک لە ئیمەیڵەکاندا هاتووە "ئەگەر دۆخەکە لە عێراق بگۆڕێ، ئەوە (پلانەکە بۆ کەمکردنەوەی هاریکارییە داراییە سەربازییەکان) وا ناکات لە کۆنگرێس پێداچوونەوەی دیکەش بە هاریکارییە بیانییەکان نەکرێ".

## کوردستان و کێشەی ڕاگرتنی هاوسەنگی

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، پاراستنی هاوسەنگیی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا و ئێران بەشی خۆی قورس بووە. لە دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، ڕاگرتنی هاوسەنگی کارێکی یەکجار سەختترە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینەکەی هەفتەی ڕابردوویدا گوتبووی: "ئێمە لە کوردستان حەز ناکەین عێراق ببێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی حیساباتی نێوان ئێران و ئەمریکا"، بەڵام ڕەتی نەکردەوە کە حکومەتی بەغدا کەوتووەتە ناو ئەو کێشەیەوە.

> ئەمریکا لە وەڵامی دەرکردنی هێزەکانی هەڕەشەی بلۆککردنی پارەکانی عێراق دەکات

پێش کوژرانی سولەیمانی لە سێی کانوونی دووەمی ئەمساڵ، ئیدارەی ئەمریکی داوایان لە هەولێر کردبوو بەشێوەیەکی فەرمی ئیدانەی ئەو گروپە شیعانە بکات کە هەڵیانکوتابووە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا. سەرەتای کانوونی دووەم، کۆمەڵێک سەرچاوەی ئاگادار بە (ئەلمۆنیتەر) یان ڕاگەیاندووە کە ئەمریکییەکان تەنانەت ڕەشنووسی بەیاننامەیەکیشیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دابوو. گوشارەکە لەلایەن دەیڤید شێنکەر و جۆی هوود بووە کە هەردووکیان بەرپرسی باڵای فەرمانگەی کاروباری ئاسیای نزیکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکان.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، شێنکەر بە دواکەوتن و زمانی نەرمی بەیاننامەکەی حکومەتی هەرێم دڵگران بووە. بەرپرسانی ئەمریکی ڕۆڵی سولەیمانی لە ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017یان بیری حکومەتی هەرێمی کوردستان خستبووەوە، لەبەرامبەریشدا کورد باسی دەستەوەستانیی ئەمریکایان کردبوو لە بەرامبەر ئەو هێرشە کە بووە هۆی ئەوەی بە بەرچاوی ئەوانەوە کەرکووک لەدەست بچێ.

دوای کوژرانی سولەیمانی، ئێرانییەکانیش گلەیی خۆیان لە هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی. نەسروڵڵا ڕەشنوودی، کۆنسوڵی گشتیی ئێران لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەم کارە تیرۆریستییەدا، ئێمە چاوەڕێی زیاترمان (لە هەرێمی کوردستان) دەکرد. چاوەڕێی ئیدانەیەکی ئاشکراتر و زەقترمان دەکرد".

هەرێمی کوردستان سنوورێکی درێژی لەگەڵ ئێران هەیە، سەرۆکی هەرێم پێیوایە هێرشە مووشەکییەکانی 8ی کانوونی دووەم بۆ سەر عەین ئەلئەسەد و هەرێمی کوردستان "پەیامێکی زۆر ڕوون بوون بۆ هەموو لایەنێک کە ئێران ویست و توانای ئەوەی هەیە لە هەموو بەشێکی عێراق بدات". بەو حاڵەشەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە "وجوودی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان پێویستییەکە بۆ هەموو عێراق".

لە دوای هێرشە مووشەکییەکانی ئێران بۆ سەر بنکەی عەین ئەلئەسەد و سووربوونی ئێران و حەشدی شەعبی لەسەر دەرکردنی ئەمریکییەکان، باس لەوە دەکرێ کە یەکێک لە ئەڵتەرناتیڤەکان ئەوەیە بەشی زۆری هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ کوردستان بگوازرێنەوە.

لە دوای پەلاماری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەلایەن خۆپیشاندەری شیعە، هاوپەیمانان هەموو ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانیان لەگەڵ هێزە عێراقییەکان ڕاگرتووە، سەرەتا دەنگۆی ئەوە هەبوو هەفتەی ڕابردوو دەستیان بەکار کردووەتەوە، بەڵام پێنتاگۆن ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە.

> نیکۆلاس هێرەس، شارەزای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ناوەندی ئاسایشی نوێی ئەمریکا:
> لە ساڵانی داهاتوودا کوردستان بەشێکی گرنگ دەبێت لە سیاسەتی دژەتیرۆری ئەمریکا

نیکۆلاس هێرەس، شارەزای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ناوەندی ئاسایشی نوێی ئەمریکا (CNAS)لە ڕاپۆرتێکدا بۆ گۆڤاری (نەشناڵ ئینترست)ی ئەمریکی دەڵێت: "ناسەقامگیریی عێراق (لەدوای کوژرانی سولەیمانی) و هەڕەشەی بەردەوامی داعش بەو مانایەیە کە لە ساڵانی داهاتوودا کوردستان بەشێکی گرنگ دەبێت لە سیاسەتی دژەتیرۆری ئەمریکا". بۆ ئەوەش پێشنیازی دانانی هاوئاهەنگیکارێکی ئەمنیی ئەمریکا بۆ باکووری عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات.

بەڵام لێکۆڵەرانی ئەمریکیی شارەزای سیاسەتی هەرێمی کوردستان پێیانوایە گواستنەوەی چالاکییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان کێشەی یاسایی و ئەمنی بۆ هەرێمی کوردستان دروستدەکات.

کێنێس پۆڵاک، شرۆڤەکاری پێشووی سی ئای ئەی و شارەزای عێراق لە ناوەندی ئەمێریکەن ئینتەرپرایز، لە لێدوانێکدا بۆ (ئەلمۆنیتەر) پێیوایە "ئەوە دەرفەتێکی باش دەبێ بۆ کورد" بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کە دۆخی ئێستا لە دۆخی کاتی هێرشەکانی 2014ی داعش جیاوازە، بە تایبەتیش کە "دوای کوژرانی سولەیمانی، هیچ لایەنێک نایەوێ وەک هاوپەیمانی ئەمریکا ببینرێ، ئەگەر کورد هەوڵبدات ئەو ساتەوەختە بقۆزێتەوە، ڕەنگە لەسەر ئەوە بەرەوڕووی لێدانی بەکۆمەڵ ببنەوە".

> شرۆڤەکاری پێشووی سی ئای ئەی:
> دوای کوژرانی سولەیمانی، هیچ لایەنێک نایەوێ وەک هاوپەیمانی ئەمریکا ببینرێ

## نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێران بۆ (ڕووداو):

# ئەم فیدراڵییەی هەرێمی کوردستان لە تاران لەلایەن حاجی قاسمەوە داڕێژرا

نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەشی دووەمی ئەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) زانیاریی زیاتر لەبارەی پەیوەندیی کورد و قاسم سولەیمانی، فەرماندەی پێشووی فەیلەقی قودسی ئێران ئاشکرا دەکات و دەڵێت لەدوای ریفراندۆم و ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ کورد دروستکرد. هەروەها دەڵێت کە ئێرانییەکان پێیانڕاگەیاندووە ئەو دوو مووشەکەی ئاراستەی هەولێر کران لەلایەن ئەوانەوە نەبووە و دەشڵێت "حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزانێ کێ ئەو کارەی کردووە".

هەڤپەیڤین: زریان حاجی
ڕووداو- هەولێر


(فۆتۆ: ڕووداو)

## بەشی دووەم

**ڕووداو: لە دوای ریفراندۆم و ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، نزیکبوونەوەیەک لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و ئێران هەبوو، تۆ ئاگاداری ئەمە بووی؟**

**نازم دەباغ:** بەڵێ من پێموایە نزیکبوونەوەی یەکەم لەگەڵ برادەرانی پارتی بوو، بەتایبەتیش حاجی خۆی دانیشتنی تایبەتی کردووە، هەوڵدرا پەیوەندییەکان ئاسایی بکرێنەوە، چونکە ئێران بڕوای بەوە نییە دژایەتی گەلی کورد بکات. لە عێراقدا ئەوەی زۆر گرنگە هاوپەیمانیی کورد و شیعەیە، هاوپەیمانیی زۆرینەی شیعەیە بۆ ئەوەی بتوانێ هاوپەیمانی لەگەڵ زۆرینەی کورد بکات کە بریتین لە یەکێتی و پارتی، لەگەڵ بەشێک لە سوننە، چونکە ئەگەر ئەو هاوپەیمانییە نەبێ، ناتوانرێ هاوسەنگی لە عێراق بپارێزرێ.

**ڕووداو: تۆ ئاگاداری ئەو پەیوەندییە بوویت؟**

**نازم دەباغ:** ئاگادار نیم کە بڵێ وا دەچم بۆ ئەوێ. پێش وەفاتی مام جەلال تەیارەکەی حاجی قاسم لە سلێمانی دەنیشتەوە، بەڵام لە دوای مام جەلال، تەیارەکەی لە هەولێر دەنیشتەوە.

**ڕووداو: بۆچوونی حاجی قاسم لەسەر پارتی چی بوو؟**

**نازم دەباغ:** هەمیشە بۆچوونی لەسەر هەموو لایەنە سیاسییەکان باش بووە و بەپێویستی زانیوە حیزبەکان تەبا بن. بەتایبەتیش هەمیشە پێی باش بوو یەکێتی و پارتی پەیوەندییەکانیان باش بێ.

**ڕووداو: بۆچوونی لەسەر مام جەلال چی بوو؟**

**نازم دەباغ:** هەمیشە بە پیاوێکی مەرد و نیشتیمانپەروەر و دڵسۆز و ڕاستگۆ و بە وەفای دەزانی. حاجی قاسم دەیگوت ئەو مام جەلالەم بۆیە خۆشدەوێ چونکە لەلای ئەمریکییەکان تا سەر ئێسقان بەرگری لە ئێرانییەکان دەکات، لەلای ئێمەش تا سەر ئێسقان بەرگری لە ئەمریکییەکان دەکات. دەیگوت نەک وەکو هەندێک کەس، لای من قسە بە ئەمریکییەکان دەڵێت و لەلای ئەوانیش قسە بە ئێران دەڵێت.

**ڕووداو: ئەی بۆچوونی لەسەر مەسعود بارزانی چی بوو؟**

**نازم دەباغ:** کاک مەسعودی بە پیاوێکی ڕاستگۆ دەزانی. وەک گوتم یەکێک بوو لەو سەرکردانەی بە کاریزمای دەزانی.

**ڕووداو: ئەی رای لەسەر نێچیرڤان بارزانی چی بوو؟**

**نازم دەباغ:** کاک نێچیرڤانی خۆشدەویست.

**ڕووداو: لە هیچ دانیشتنێکی قاسم سولەیمانی و نێچیرڤان بارزانیدا بەشداربووی؟**

**نازم دەباغ:** بەڵێ، لەسەر یەک مێزیش نانمان خواردووە لە ئێران. جاری وا هەبووە کاک نێچیرڤان هاتووە بۆ ئێران بە کاک عەبدوڵڵا ئاکرەییم گوتووە بۆم ڕوون بکەوە وەکو سەرۆکی حکوومەت هاتووە یان جێگری سەرۆکی پارتی، ئەگەر وەک سەرۆکی حکومەت هاتووە، پێشم نەڵێی دێم بۆ کۆبوونەوە، چونکە من نوێنەری حکومەتم، بەڵام ئەگەر وەک پارتی هاتووە بانگیشم بکات نایەم، چونکە نامەوێ سبەی شتێ لە کۆبوونەوەکە دەربچێ و بڵێن نازم بووە. من بۆ مام جەلالیش دانیشتن هەبووە پێش ئەوەی مام جەلال پێم بڵێ خۆم هەستاوم ڕۆیشتووم، گوتوویەتی بۆ دەڕۆی؟ گوتوومە زۆر تایبەتە بە خۆتان. حاجی قاسم و کاک نێچیرڤان و عادل عەبدولمەهدی دانیشتوون، منیش لەوێ بووم، مۆڵەتم وەرگرتووە و چوومەتە دەرەوە.

**وەک نوێنەری یەکێتی بەشداربووم لە کۆبوونەوەی پەکەکە و پارتی لەگەڵ ئێرانییەکان**

**قاسم سولەیمانی گوتی من گلەیی لە کاک مەسعود ناکەم بۆ ریفراندۆم**

**خۆم گوێم لە حاجی قاسم بوو گوتی بە کاک مەسعودم گوت ریفراندۆم مەکە. گوتی دەیکەم**

**ڕووداو: بە کوژرانی حاجی قاسم، دەستی ئێران لە عێراق کورت دەبێتەوە، یان کوشتنی قاسم سولەیمانی و سەرکردەی دیاری حەشدی شەعبی ئەبومەهدی موهەندیس، زیاتر شیعەکانی عێراق لە ئێران نزیک دەکاتەوە؟**

**نازم دەباغ:** من بەشبەحاڵی خۆم بە حاجی قاسم ناڵێم کوژراو، دەڵێم شەهید، چونکە پیاوێکی موجاهید بووە بۆ وڵاتەکەی خۆی، ئەگەر بڵێین کاریگەری نییە هەیەتی. چونکە ئەم پیاوە لە سەرەتای وەرگرتنی ئەرکەکەی تا ئەو کاتەی شەهید بووە، ئاگاداری هەموو هەڵسوکەوت و تێکەڵاوییەک و پەیوەندییەک بووە لەگەڵ سەرکردەکانی کورد، بەتایبەتی لەگەڵ مام جەلال و کاک مەسعود، بۆیە کابرایەکی دیکە کە دێتە جێگاکەی ئەگەرچی دەگوترێ جێگر، بەڵام باوەڕکە من لە هیچ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ حاجی قاسم نەمبینیوە، شەخسی نایناسم و دانیشتنم لەگەڵی نەبووە.

**ڕووداو: جێگرەوەی حاجی قاسم دەتوانێ وەک ئەو لە کورد نزیک بێ؟**

**نازم دەباغ:** پێموایە ئەگەر بیەوێ دەتوانێ، حاجی قاسم چۆن سەرەتا بوو بە خاوەنی ئەوە؟ خۆ سەرەتا کەسی نەدەناسی. هەموو کەس بیەوێ ئیشی باش بکات، دەتوانێ.

**ڕووداو: بۆچوونێک هەیە کە قاسم سولەیمانی ڕۆڵی هەبووە لە ڕەواندنەوەی ئەو نیگەرانیانەی جارجار لە نێوان پارتی و یەکێتی دروست دەبوون، چونکە بەلای ئێرانەوە کوردستانێکی سەقامگیر گرنگتر بووە لە کوردستانێکی نائارام، بەڵام ئەو بۆچوونەش هەیە کە دەڵێت قاسم سولەیمانی هەرگیز لەگەڵ کوردستانێکی بەهێزدا نەبووە، چونکە ترسی هەبووە لە جیابوونەوەی کورد لە عێراق، کام بۆچوونەیان ڕێی تێدەچێ لەڕاستییەوە نزیک بێ؟**

**نازم دەباغ:** دوو شت هەیە، یەکەمیان بڵێین ترسی نەبووبێ، ترسی هەبووە، بۆ؟ ئەوەتا نموونەی ریفراندۆممان هەیە، لە ریفراندۆمیشدا زۆری ئاگادارکردینەوە کە نەیکەین، بەڵام لە دوای ریفراندۆمیش باشترین پەیوەندی دروست کرد.

**ڕووداو: کەواتە قاسم سولەیمانی ترسی جیابوونەوەی کوردستانی لە عێراق هەبوو؟**

**نازم دەباغ:** بڵێین ترسی نەبووە هەیبووە، بەڵام هەمیشە ئەو ڕۆڵەشی هەبووە کە ئەو نیگەرانیانەی دروست بووە، چ لەلایەن یەکێتی و پارتی و هەتا حیزبەکانی دیکە لە بابەتی یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، حیزبی سۆشیالیست و بزووتنەوەی ئیسلامی. تەنانەت لەمدواییە گۆڕانیش، لەگەڵ هەمووان ئەو هەوڵەی هەبووە. لەسەر ئەو مەبدەئەی کە کوردستانێکی سەقامگیر بۆ ئێران دراوسێیەکی باش دەبێ.

**ڕووداو: واتە ئەو لەگەڵ کوردستانێکی بەهێزدا بوو؟**

**نازم دەباغ:** دوو بەهێز هەیە، ئەو بەهێزییەی ڕاماندەکێشێ بۆ ریفراندۆم، یان ئەو بەهێزییەی ڕاماندەکێشێ بۆ پارێزگاری لەو ئەزموونەی هەمانە. حەز دەکەم بۆ مێژوو شتێکت پێ بڵێم، ئەو سیستەمەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە و پێیدەگوترێ فیدراڵیزم، لە تاران داڕێژراوە. ئەو حاجی قاسمە دایڕشت و بە پشتیوانیی ئەو بوو. لە کۆبوونەوەی یەکەم من بەشدار بووم، مام جەلال بوو لەگەڵ موحسین حەکیم. بۆ کوردی سووریاش من نوێنەری یەکێتی بووم لەو کۆبوونەوەیە کە پەکەکە و پارتیشی تێدا بوو، عەبدولحەکیم بەشار و ساڵح موسلیمیش هاتن بۆ تاران، چ بەرنامەیەکیان بۆ بەرەی کوردستانی لە عێراق دانا هەمان بەرنامەیان بۆ سووریاش دانا، بەداخەوە تێکچوو.

**ڕووداو: ئێران بۆ بەرنامە بۆ باشوور و ڕۆژئاوا دادەنێ، بۆ بەرنامەیەکی هاوشێوەی ئەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانانێ؟**

**نازم دەباغ:** وەڵامی ئەو پرسیارە جارێ لەلای ئێمە نییە. بەس ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە تەجروبەی

**حاجی قاسم گلەیی لە هەندێ خەڵک کرد کە بەڵێنیان دابوو بەشداریی ریفراندۆم نەکەن و کەچی کردیان**

**ئێرانییەکان دەڵێن ئەو مووشەکانەی بۆ هەولێر هاتن هی ئێمە نەبوون**

**دوای ریفراندۆم حاجی قاسم باشترین پەیوەندی لەگەڵ کورد دروستکرد**

حاجی قاسمیش ئەوەی سەلماند، لە ئێران ئێرانچێتی هەیە، واتە کوردێک یان بلوجێک یان عەرەبێک یان ئازەرییەک ئەوەندەی ئێرانچێتی دەکات ئەوەندە بیر لە جیابوونەوە ناکاتەوە، کوردیش وایە.

من ڕێزم بۆ هەموو برادەرانی کوردی ئێران هەیە، بەڵام حزووریان بەو ئەندازەیە نییە، چونکە تۆ دەبێ خۆت فەرز بکەی، ئەگەر ئەوەت کرد دوژمن ناتوانێ فەرامۆشت بکات، بۆ نموونە پەیەدە لە سووریا بەم سیاسەتە ناوچەکانی کوردستانیان پاراست لە تیرۆر، مەوقیعێکی جوگرافیی سیاسییان دروستکرد، خەڵک ناتوانێ فەرامۆشیان بکات. ئەوانەی ڕۆژهەڵات تا ئێستا نەیانتوانیوە یەکگرتوو بن. بۆ نموونە حیزبی دیموکرات لە جیاتی ئەوەی وەک خۆی مابایەوە، ئێستا بووەتە سێ حیزب.

**ڕووداو: دەگوترێ زۆرجار مام جەلال و کاک مەسعود بە قاسم سولەیمانییان گوتووە "نا"، ئەو قبوڵی کردووە، لەبەرچی قبوڵی دەکرد، چونکە ئەوانەی بە قاسم سولەیمانییان دەگوت "نا"؟ زۆرجار چارەنووسێکی خراپ چاوەڕێی دەکردن..**

**نازم دەباغ:** حاجی قاسم پیاوێکی موئەدەب

**لە دوای وەفاتی مام جەلالەوە تەیارەکەی حاجی قاسم لە هەولێر دەنیشتەوە**

بوو، لە زۆر کۆبوونەوە دانیشتووە چ بە تەنیا چ لەگەڵ شاندەکانی حکومەت، گوێگر بوو، قسەکانی کۆدەکردەوە، بۆچوونێکی دەدا، دەتتوانی بۆچوونەکەی ڕاستەوخۆ وەربگری، چونکە لە هەمووی تێدەگەیشت. بە کورتی و پوختی قسەی دەکرد، لە هەمانکاتیش بۆ نموونە بۆ مەسەلەی ریفراندۆم، من خۆم گوێم لە حاجی قاسم بوو گوتی من گلەیی لە کاک مەسعود ناکەم بۆ ریفراندۆم، پێمگوت: مەیکە. گوتی: دەیکەم. گوتمان زەرەر دەکەی. گوتی: با بیکەم، کەواتە ئەوە یەک لە (نا)یەکان بوو، بەڵام باسی خەڵکی دیکەی کرد کە بەڵێنیان پێدابوو بەشداری لە ریفراندۆم نەکەن و کەچی کردیشیان.

**ڕووداو: باسی نامەیەکی قاسم سولەیمانی دەکرێ کە کاتی خۆی بۆ مام جەلال و کاک مەسعودی ناردووە، گوتوویەتی ئەگەر بتانەوێ نووری مالیکی لابدەن لێتان قبوڵ ناکەم..**

**نازم دەباغ:** دوو نامە بوون. یەکێک بۆ مام جەلال و یەکێکیش بۆ کاک مەسعود. هەردوو نامەکە من گەیاندمن. کە نامەکەم دایە مام جەلال، گوتی نازم هەر خۆشت بیبە بۆ کاک مەسعود.

**ڕووداو: نامەکە چی تێدابوو؟**

**نازم دەباغ:** هیچ هەڕەشەیەکی تێدا نەبوو. نەخشەڕێگەی تێدا بوو، قسەکەی وابوو گوتی ئەگەر مالیکیش بگۆڕن بە ساڵێکی دیکە حکومەتتان بۆ پێکنایەت. ئەو کۆبوونەوەیەی موقتەدا سەدر و کاک نێچیرڤان بارزانی لە تارانەوە موقتەدا سەدری هێنایە هەولێر، ئەو ڕۆژە لە مەکتەبی سیاسی لە هەولێر مام جەلال و موقتەدا و کاک مەسعود لەوێ دانیشتبوون، بڕیار درا متمانە لە مالیکی وەربگیرێتەوە، لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەوێ بووم.

**ڕووداو: هەندێک لە شرۆڤەکاران (ئیسماعیل قائانی) بە مەترسی دەزانن بۆ کورد، چونکە پەیوەندی لەگەڵ کورد نییە، ڕەنگە وەکو قاسم سولەیمانیش نەبێ کە لە زۆر وێستگەدا لە کوردی قبوڵ کردووە، تۆ لەو باوەڕەدای بەو ڕادەیە توند بێ؟**

**نازم دەباغ:** بە دڵنیاییەوە کاک نێچیرڤان بۆ دەتوانێ ببێتە جێگری کاک مەسعود! ئەو کابرایەش کە جێگری حاجی قاسمە حەتمەن دەبێ لێی ڕاببینرێ. ئەو ئەرشیفەی کە حاجی ئامادەی دەکات لە جێگرەوە دەچێ بۆ کەناڵەکانی دیکەی ئێران.

نامەکان کە لە فەرماندەی قودس چووە بۆ دەوڵەت بە ئیمزای قائانی بووە.

دواتر بۆ بە مەترسی بزانرێ! من یەک شت دەڵێم و بەرپرسم لەو قسەیە، بەو ئەزموونەی کە چەند ساڵە لە ئێران هەمە، هەموو ئەوانەی لە دەوروبەری حاجین، پیاوی ڕاستگۆن و ڕێزی تایبەتیان بۆ کورد هەبووە. بۆیە دەبێ ئەمیش وابێ، چونکە کورد فاکتەرێکە ناتوانی دەستبەرداری بی، دەبێ لەگەڵی بی.

**ڕووداو: ڕایەک هەیە کە ئەوەی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بەدەستی دەهات لە ڕێگەی قاسم سولەیمانی بوو، ئایا بە نەمانی قاسم سولەیمانی، کورد دەتوانێ وەکو جاران خاڵ لە بەغدا وەربگرێ؟**

**نازم دەباغ:** هەمووی لە ڕێگەی ئەو نەبووە، بەڵام بە پشتیوانیی ئەو بووە، بە پشتیوانی وڵاتانی دیکە بووە. لە هەمووی گرنگتر ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستانە. لەوەش گرنگتر تەنیا شتێک کە دەتوانێ پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی کورد بکات یەکبوونی نێوماڵی کوردە.

**ڕووداو: هەم بەرپرسانی سوپا و دەوڵەت، هەم ڕۆژنامەکانی ئێران تەنیا باسیان لە مووشەکبارانکردنی بنکەی عەین ئەسەد کرد، باسیان لەو دوو مووشەکەی هەولێر نەکرد، تۆ لەوبارەیەوە هیچ قسەیەکت لەگەڵ لایەنی ئێرانی کرد کە ئامانجیان لەو دوو مووشەکەی هەولێر چی بووە؟**

**نازم دەباغ:** ئەوەی بە من ڕاگەیەنراوە و لە ڕۆژی یەکەم پەیامیشم بۆ حکومەت نارد، بە منیان گوت و ناوی بەرپرسەکەشم هێناوە بۆ ئەوەی بزانن کێیە. گوتیان ئەو مووشەکانەی بۆ هەولێر هاتوون مووشەکی ئێمە نین، سوپا دەڵێ هیچی هی ئێمە نییە. لای حکومەتی هەرێمی کوردستان دیارە کێ ئەو کارەی کردووە.

**ڕووداو: هەندێک لە شرۆڤەکاران وای لێکدەدەنەوە کە ئەو دوو مووشەکە پەیامێک بووە بۆ هەرێمی کوردستان کە ئەگەر بچنە بەرەی ئەمریکا ئەوە ئێوەش پارێزراو نابن..**

**نازم دەباغ:** ئێران خۆی پەیامی بۆ ئێمە ناردووە کە عێراق بە هەرێمیشەوە، یەکەیەکی سیاسی و جوگرافی و نیزامییە، جیاوازیی نێوان هەولێر و بەغدا و عەین ئەسەد نییە. بڕیاری پەرلەمان هەموو عێراق بە کوردستانیشەوە دەگرێتەوە.

من ناچارم، وەک نوێنەری حکومەتی هەرێم حیساب بۆ پەیامەکە بکەم. شارەزاییم لەسەر توانای مووشەکەکانی ئێران نییە. مووشەکەکانی هەم لە ئارامکۆ، هەم لە فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان کە خستیان، هەتا ئەوەی کە لە عەین ئەسەدیان داوە، ڕوونە ناکرێ مووشەکێک ئەوەندە دوور لە ئامانجەکەی بکەوێتە خوارەوە. یان دوو مووشەکە یەکێکیان نەتەقێ، شتی وا دەبێ؟! ئەگەر بۆ تۆقاندنیش بێ ئەوە شتێکی دیکەیە، چونکە سیاسەت دایک و باوکی نییە.

**ڕووداو: لەدوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، میدیای ئێرانی هێرشی توندی کردە سەر هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامەی کەیهان هەواڵێکی لەبارەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی نێوان مەسروور بارزانی و مایک پۆمپیۆ بڵاوکردەوە، دواتریش حکومەتی هەرێمی کوردستان هەواڵەکەی ڕەتکردەوە، میدیای ئێرانی بۆچی هەرێمی کوردستان بە ئامانج دەگرێ؟**

**نازم دەباغ:** بەداخەوە من دەڵێم بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان زۆر بە درەنگ هاتنە دەنگ، ئەوەی بۆ ئەو لە ئێران کرا، بۆ ئیمام خومەینیش نەکرا، چونکە حاجی قاسم ببووە ڕەمزێک بۆ ئەو ئێرانییە پاکەی لە دەرەوەی

**من بە حاجی قاسم ناڵێم کوژراو دەڵێم شەهید**

سنوور بەرگریی لە ئێران دەکرد. دووەم کەسێکی گەندەڵ نەبووە، سەروەتی کۆنەکردووەتەوە. خاڵێکی دیکەش کە گرنگە، حاجی قاسم لە هیچ کێشەیەکی ناو ئێران تێوەنەگلاوە، دژی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نەبووە. چونکە ئیشەکەی ئەو لە دەرەوەی سنوور بووە.

**ڕووداو: کەواتە هۆکاری هێرشی میدیای ئێرانی ئەوە بوو کە هەرێمی کوردستان هاوسۆز نەبوو؟**

**نازم دەباغ:** هەڵوێستەکەی کەم بوو. پێموایە هەرێمی کوردستان غەدری لە قاسم سولەیمانی کرد. جا حەز دەکەی کاک مەسعود، کاک مەسروور و کاک قوباد لێرە گوێیان لێبێ، بۆچی؟ بۆ نموونە لە نامەی یەکێک لە بەرپرسەکاندا دەڵێ حاجی قاسم لە ڕووداوێکدا بووە قوربانی. ئێ ئەگەر حاجی قاسم لە ڕێگای سەفەر و گەڕانیش ئۆتۆمبێلەکەی وەڕگەرابا! نابێ وا بنووسی. بەداخەوە، کاک مەسعود و کاک مەسروور هەر قسەیان نییە و پەیامیان نییە تا ئێستا، نەشمبیستووە پەیامیان ناردبێ، ئینشائەڵڵا قسەکەم وا نەبێ.

**ڕووداو: قاسم سولەیمانی بە ئەندازیاری ئەو ڕێککەوتنەی نێوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەکان دادەنرێ کە ئەوان کێشە بۆ ئێران دروست نەکەن و ئێرانیش کاری بەوان نەبێ لە هەرێمی کوردستان، تەنانەت خۆت لە هەڤپەیڤینەکەی (همشهری جوان) ئاماژەت بەوەدابوو کە سولەیمانی بووە هۆی سەرگرتنی ئەو ڕێککەوتنە، بە نەمانی قاسم سولەیمانی چارەنووسی ئەو ڕێککەوتنە چی دەبێ؟**

**نازم دەباغ:** لە سەرەتای دروستبوونی پەیوەندی یەکێتی و ئێران لە ساڵی 1985، لە زۆربەی دانیشتنەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و یەکێتی بەشداربووم. یەکێتی لەگەڵ ئێران ڕێککەوتووە کە هێزە کوردییەکان لە ناوچەکەی ئێمەن، حکومەتی عێراق ئەوانی هێناوە، لەبەر ئەوەی دوژمنی کورد هێناونی، ناکرێ دەریانبکەین، بۆیە وەک میوان وەریاندەگرین، بەڵام دەبێ ڕێککەوتنێک بکرێ نە ئێوە لە ناوچەی ئێمە پەلاماریان بدەن نە ئەوانیش لە ناوچەی ئێمە پەلاماری ئێوە بدەن، ئەم ڕێککەوتنە کرا. ئەوەی سەرکێشی کرد موجاهیدینی خەلق بوو کە لە گوندی سەفرە و زەروون بوون. چوومە لایان و قسەم لەگەڵ کردن زۆر بێمنەت قسەیان کرد، منیش هۆشداریم دانێ و گوتم دەبێ لە ماوەی 24 سەعات ئێرە جێبهێڵێن. کە ڕۆیشتن هەموو بارەگاکانیان تەقاندەوە، تەنانەت چەندین بەیاننامەیان لە پاریس لەدژی من دەرکرد. کە چوومە پاریس و داوای مافی پەنابەریم کرد، بە هەفتەیەک وەرمگرت، چونکە پێویستم بە ئیسپات نەبوو، بوو بە خێر بۆ من، دوای ئەوە چەندینجار شەڕ بوو لە نێوان لایەنە سیاسییەکان. ئاخر شت لە ناوچەی جاسووسان بوو. لەوێش ئەو شەرەفەم هەبوو وەک ناوبژیوانێک، ڕێککەوتنەکە کرا. ئەو ڕێککەوتنەش بە پشتیوانی حاجی قاسم بوو.

**ڕووداو: دوای نەمانی قاسم سولەیمانی ڕێککەوتنی نێوان ئێران و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەردەوام دەبێ؟**

**نازم دەباغ:** ئێران موئەسەسەیە، واتە حاجی قاسم تاکێک نییە بێت ئەمە بکات لە پێناوی وڵاتەکەی، بەڵام وەک ئامرازێکە لە بواری جێبەجێکردن. چەندینجار لە بەرپرسی باڵا گوێم لێبووە دەڵێ سیاسەتی ئێمە بۆ دەرەوەی ئێران، ئێمە بەرنامەکانی دادەڕێژین، بەڵام حاجی جێبەجێکاری بوو، خۆشی ئەندام بوو لەو شوێنەی بڕیاری لێ دادەڕێژرا.

**هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ جێگرەوەکەی حاجی قاسمدا نییە**

**ئێران هەمان بەرنامەی بەرەی کوردستانی بۆ کوردی سووریاش دانا، بەڵام تێکچوو**

**هەموو ئەوانەی لە دەوروبەری حاجین، ڕێزی تایبەتیان بۆ کورد هەیە**

**برادەرانی کوردی ئێران حزووریان بەو ئەندازەیە نییە بتوانن خۆیان بسەلمێنن**

**حاجی قاسم کاک مەسعودی بە پیاوێکی ڕاستگۆ دەزانی**

# تورکمانی سووریا..
# هێزە دەستوەشێنەکەی ئەردۆغان لە لیبیا

## چەکدارانی سووریا مانگانە بە 2000 دۆلار شەڕ بۆ حکومەتەکەی سەڕاج دەکەن

ڕووداو- هەولێر

تورکیا بە کردەوە دەستی بە ناردنی هێزی کرێگرتە بۆ لیبیا کرد، ئامانج لەم هەنگاوەش پشتگیرییە لە حکومەتەکەی فایز سەڕاج، سەرۆکوەزیرانی حکومەتی ویفاقی نیشتمانیی لیبیا کە لە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردووەوە لەگەڵ هێزەکانی سەر بە خەلیفە حەفتەر، سەرۆکی سوپای نیشتمانیی لیبیا لە شەڕدان. ئەوەی کە ئایا ئەم هێزە کرێگرتەیە لەگەڵ هێزەکانی حەفتەردا دەچێتە شەڕێکی خوێناوییەوە یان نا، دەوەستێتە سەر لێکەوتەکانی ئەو کۆنگرە نێودەوڵەتییەی ڕۆژی یەکشەممە (19ی کانوونی دووەم) لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا سەبارەت بە قەیرانی لیبیا بەڕێوەچوو.

تورکیا یەکەمجار بەنیاز بوو هێزی خۆی و ڕاوێژکاری سەربازیی وڵاتەکەی بنێرێتە لیبیا، بەڵام شکستی ئەنقەرە لە قایلکردنی ئەمریکا و تونس بە دابینکردنی پێداویستییە لۆجیستییەکانی تورکیا، حکومەتی ئەنقەرەی ناچار کرد بیر لە بژارەی دیکە بکاتەوە، لە جیاتی ئەوەی گیانی سەربازانی خۆی بخاتە مەترسییەوە کە ڕەنگە نارەزایی نێوخۆیی بتەقێنێتەوە، بڕیاری دا پشت بە چەکدارانی سوپای نیشتمانیی سووریا ببەستێ کە لە کۆمەڵێک گروپی چەکداری ئۆپۆزیسیۆنی نزیک لەخۆی پێکهاتوون و زۆرینەی هەرەزۆریشیان لە تورکمانەکانی سووریان.

سەرەتای ئەم مانگە، ناوەندی ئیکۆنۆمیک بۆ ڕاپرسی و پرسە ستراتیژییەکان، لەناو تورکەکاندا ڕاپرسییەکی لەبارەی ناردنی هێزی سەربازیی تورکیا بۆ لیبیا کرد. 58%ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە دژی ناردنی هێزی وڵاتەکەیان بوون بۆ لیبیا. تەنیا ٪34ی خەڵکی تورکیا لەگەڵ ئەوەن سەربازی وڵاتەکەیان ڕەوانەی لیبیا بکرێ و 8%یش ئامادە نەبوون بۆچوونی خۆیان بڵێن.

کلاودیا گازینی، شارەزای لیبیا لە گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی دەڵێت: "ئەمەیان دۆخێکی جیاوازە لەوەی سووریا، هەستی دژایەتیی تورکیا هەر ئێستاش بەهێزە، ئەوە بۆ ئاستی دەستێوەردانی ئەنقەرە دەگەڕێتەوە و دەکرێ بەهۆی ناردنی ئەو هێزەوە، ئەم هەستە بەهێزتریش ببێ و ئەوەش لە قازانجی حەفتەرە".

> شارەزایەکی کاروباری لیبیا لە گرووپی قەیران:
>
> ناردنی هێز لەلایەن تورکیاوە بۆ لیبیا لە قازانجی حەفتەرە

ئەنقەرە لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕی نێوخۆی سووریاوە پشتگیری لە گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەب و تورکمانی سوننەی سووریا دەکات.

لە سەرەتای قەیرانی سووریادا، حکومەتی تورکیا چاوی لەوە بوو لە ڕێگەی ئەو گروپانەوە حکومەتی بەشار ئەسەد بڕووخێنێ، بەڵام پاش ئەوەی هاوکێشەکە لە بەرژەوەندیی بەشار ئەسەد ئاوەژوو بووەوە، لە سێ ساڵی ڕابردوودا، تورکیا ئەو هێزانەی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی خۆی لەگەڵ کورد و بەهێزکردنی نفووزی خۆی لە سووریا بەکارهێناوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامە بەریتانییەکە، سەرەتا 300 چەکدار لە فیرقەی دووەمی سوپای نیشتمانیی سووریا چوونەتە لیبیا، دواتر لە ڕۆژی 29ی کانوونی یەکەم، 350 چەکداری دیکە سووریایان بەرەو لیبیا جێهێشت. چەکدارەکان یەکەمجار ئاودیوی کلیس لە باشووری تورکیا بوونە و دواتر و پاش وەرگرتنی مەشق و ڕاهێنان، بە فڕۆکە بۆ تەرابلوس گوازراونەتەوە و لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ لە دیوی ڕۆژهەڵاتی شارەکە جێگیرکراون.

لە 5ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ، 1350 چەکداری دیکە چوونە تورکیا، لەو ژمارەیە هەندێکیان ڕەوانەی لیبیا کراون و ئەوەی دیکەیان هەتا ئێستا لە بنکە سەربازییەکانی باشووری تورکیا مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرێ.



تا ئێستا 2000 چەکداری ئۆپۆزیسیۆنی سووری ڕەوانەی لیبیا کراون

هەنگاوەکەی تورکیا هاوزەمان بوو لەگەڵ ئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرەی بەرلین کە هەردوو لایەنی شەڕی لیبیا، حەفتەر و سەڕاج، تێیدا بەشدار بوون و ئامانج لێی پتەوکردنی ئاگربەست و ڕێگەخۆشکردن بۆ چارەسەرییەکی درێژخایەنی قەیرانی لیبیایە. پێش کۆنگرەکە، ئانگێلا مێرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە "لە کۆنگرەی بەرلین دەبێ پێش هەموو شتێک دڵنیا بین لەوەی ئابڵوقەی سەر فرۆشتنی چەک بە هێزە نەیارەکانی لیبیا جێبەجێ دەکرێ".

ئابڵوقەی فرۆشتنی چەک بە لایەنە نەیارەکانی لیبیا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە، بەڵام بەو پێیەی هەرکام لە دوو بەرەی شەڕەکە پشتیوانی سەربازیی کۆمەڵێک وڵاتی جیاوازیان لە پشتە، ئەو ئابڵوقەیە هیچکات لەبەرچاو نەگیراوە. هەریەک لە میسر، ڕووسیا، ئیمارات و فەرەنسا پشتگیری لە حەفتەر دەکەن، لەکاتێکدا تورکیا، قەتەر و ئیتاڵیا بەشێوەی جیاواز لە پشت حکومەتەکەی سەڕاجن.

سەرچاوەیەک بە ڕۆژنامەی (گاردیەن)ی ڕاگەیاندووە، لەو چەکدارانەی لە سووریاوە ڕەوانە دەکرێن فیرقەیەک بەناوی عومەر موختار دروست دەکرێ کە ناوی سەرکردەیەکی لیبیاییە و لە ساڵی 1931 لەلایەن ئیتاڵیاوە لەسێدارە درا.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر)ی ئەمریکی، بەرپرسانی هەواڵگریی تورکیا لە کانوونی یەکەمی پارساڵ لەگەڵ چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووری دانیشتوون و پێشنیازی مووچەی 2000 بۆ 3000 دۆلاریان بە هەر چەکدارێک داوە کە بچێتە لیبیا. سوپای نیشتمانیی سووریا لە کاتی خۆیدا ئەو دەنگۆیەی ڕەتکردەوە، بەڵام دواجار بە بەرچاوی جیهانەوە، چەکدارانی فەیلەقی شام، فیرقەی سوڵتان موراد و هێزی مەعتەسەم ڕوویان لە لیبیا کرد.

سەرچاوەکانی سوپای نیشتمانیی سووریا بە ڕۆژنامە بەریتانییەکەیان ڕاگەیاندووە، چەکدارەکان گرێبەستی شەش مانگەیان لەگەڵ حکومەتی سەڕاج واژۆ کردووە نەک لەگەڵ سوپای تورکیا. هەر چەکدارێکیش مانگانە 2000 دۆلار وەردەگرێ، ئەوەش 20 هێندەی ئەو پارەیەیە کە لە سووریا لە حکومەتی تورکیای وەردەگرن. هەموو ئەو چەکدارانە بەڵێنی ئەوەیان پێدراوە کە دواتر ڕەگەزنامەی تورکیا وەردەگرن. خەرجیی چارەسەری ئەو چەکدارانە لەسەر حکومەتی تورکیایە و لە حاڵەتی کوژرانیشیان هەر تورکیا بەرپرسیارە لە گەڕاندنەوەی تەرمەکانیان بۆ سووریا. هەتا ئێستا 4 چەکداری سووری لە لیبیا کوژراون، هەرچەندە یەکە چەکدارییەکانی خۆیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو چوار چەکدارە لە شەڕی دژی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) کوژراون.

تورکیا خۆی 35 سەربازی بە سیفەتی ڕاوێژکار ناردووەتە لیبیا. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان سەڕاج سەرەتا ڕازی نەبووە بەوەی چەکداری سووری لەبری سەربازی تورکیا ڕەوانەی تەرابلوس بکرێن، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی هێزەکانی حەفتەر لە تەرابلوس، ڕەزامەندیی داوە.

دۆخی پێش کۆنگرەکەی بەرلین بۆنی ئەوەی لێنەدەهات کە چارەسەرێکی درێژخایەن بۆ کێشەکە لە داهاتوویەکی نزیکدا مومکین بێ. هەفتەی ڕابردوو حەفتەر بێ ڕێککەوتن مۆسکۆی جێهێشت و ئەردۆغانیش هەڕەشەی لە حەفتەر کرد کە وانەیەکی دەدەنێ لەبیری نەکات.

# ئایا ئێران تۆڵەی قاسم سولەیمانی لە کێ دەکاتەوە؟

ڕووداو- هەولێر

چاودێرانی سیاسی، کوژرانی قاسم سولەیمانی بە گورزێکی گەورە لە ستراتیژی ئێران بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانن و پێیانوایە ئێستا ئێران لە هەموو کاتێک مەترسیدارترە بۆ دەستوەشاندن. ئەوان دەڵێن دوور نییە سوپای قودس بۆ شاردنەوەی شکستەکەی هێرش بکاتە سەر خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات و بزووتنەوە سیاسییەکەی لە هەرێمی کوردستان.

قاسم سولەیمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسداران، بەهۆی هێرشێکی ئەمریکاوە لە ڕێگای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، لە 3ی کانوونی دووەمی 2020 لە نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا کوژرا. سولەیمانی لەدوای ئەحمەد وەحیدی، لە ساڵی 1998 و بە مەرسومی عەلی خامنەیی ڕێبەری ئێران، کرا بە فەرماندەی فەیلەقی قودس. لەناو ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە کەسێکی چالاک ناسرابوو، بەتایبەتی لە عێراق و سووریا. لە ساڵی 2012 بەدواوە پشتگیریی ڕژێمی سووریای کردووە و لە عێراقیش هێزەکانی حەشدی شەعبیی ڕێکخستووە.

دۆسیەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پێشتر لە دەست قەرارگەی ڕەمەزان بوو، لەو قەرارگەیە وەرگیرایەوە و تەسلیمی سوپای قودس کرا. هەر بۆیە کوژرانی قاسم سولەیمانی وەکو فەرماندەی ئەم سوپایە، کاریگەری لەسەر مەسەلەی کورد لەم پارچەیەی کوردستان و پارچەکانی دیکەش دەبێت.

بەهزاد خۆشحاڵی، چاودێری سیاسی، دەڵێت: "هەر بەرپرسێکی سیاسی یان سەربازیی ئێران دەرکەوتنەکەی لە کوردستان بووە. ئەمە بۆ قاسم سولەیمانیش ڕاستە. لەژێر ناوی (زدی ئینقیلاب) بزووتنەوەی سیاسیی کوردیان بەتوندی سەرکوت کرد. دوای شۆڕشی ئێران لە ماوەی پێنج مانگدا 50 هەزار کەسیان کوشت". بۆیە خۆشحاڵی پێیوایە "خۆشترین هەواڵ بۆ کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کوژانی قاسم سولەیمانی بوو".

بەگوتەی ئەو چاودێرە سیاسییە، یەکەی 400ی سەر بە سوپای قودس کە یەکەیەکی دەرەوەی سنووری ئێرانە، لە دوای دامەزراندنییەوە خەریکی کوشتن و ڕفاندنی کەسانی سەر بە ئۆپۆزسیۆنی کوردییە: "250 — 300 پێشمەرگە لە دەرەوەی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر دەستی ئەم یەکەیە لەناو خاکی باشووری کوردستاندا تیرۆر کراون. هەروەها تیرۆری ڕێبەرانی کورد لە ئەورووپا کاری یەکەی 400ی سوپای قودس بووە".

عەبدوڵڵا حیجاب، سیاسەتمەدار و چاودێری سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیوایە کوردی ڕۆژهەڵات ڕژێمی ئیسلامیی ئێران باش دەناسن و دەزانن کە لەدەستچوونی مرۆڤێکی وەکو سولەیمانی چ گورزێک لە ستراتیژی ئێران لە ناوچەکە دەدات، بۆیە بە کوژرانی خۆشحاڵ بوون.

حیجاب بە (ڕووداو)ی گوت: "خۆشحاڵبوونی کورد بە کوشتنی سولەیمانی بەهۆی ئەوەیە کە ئەو کەسە بکوژی ڕێبەرانی کورد و زۆر لە چالاکڤانانی سیاسی کورد بوو، هەروەها یەکێک بوو لە مۆرە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دژایەتیکردنی خواستەکانی کورددا".

کوژرانی قاسم سولەیمانی بەگشتی چەندین ئاماژە هەڵدەگرێت، لەوانە گۆڕان لە هاوسەنگییەکانی هێز لە ناوچەکە. ئامانج لە کوشتنی سولەیمانی و توندکردنی گەمارۆکان لەسەر ئێران، بۆ لەناوبردنی ڕژێمەکە نییە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی تەسلیمبوونی ئێرانە بە ئەمریکا و دوورخستنەوەیەتی لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

چاودێران پێیانوایە کورد دەبێت لەوە تێبگات کە ئێران گورزی بەرکەوتووە و بریندارە، بۆیە لە هەموو کاتێک مەترسیدارترە. بەهەر شێوەیەک بێت لەم قۆناغەدا تاران دەیەوێ نمایشی هێزی خۆی لە ناوچەکە بکات، بۆ ئەوەی شکستەکانی بەرامبەر ئەمریکا پەردەپۆش بکات. بۆیە پێشبینی دەکەن دەست بە هەڵمەتێک بکات بۆ لەناوبردنی ئەندامان و سەرکردەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

خالید خەیاتی، ئەکادیمی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە سەیری ئەم هەڕەشەیەی سەر کورد دەکات و پێیوایە کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ کاتێک نەیتوانیوە لە بەرامبەر زلهێزەکان و هێزە ناوچەییەکان سەرکەوتوو بێ "حکومەتی ئێستای ئێران ناتوانێ ڕووبەڕووی ئەمریکا و ئیسرائیل ببێتەوە، بۆیە لایەنی لاوازتر هەڵدەبژێرێ و گورزی لێدەوەشێنێ. بۆ نموونە دوور نییە بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێک جوڵە بکەن. وەکو ئەوەی لەدوای ڕیفراندۆم کرا کە 16ی ئۆکتۆبەری لێکەوتەوە. کە مووشەکبارانی قەڵای دیموکرات لە کۆیە کرا، هەلومەرجێکی وەکو ئەمڕۆ لە ئارادابوو. بۆ ئەوەی هێزی خۆی نیشان بدات، هەندێک خاڵی لاواز هەڵدەبژێرێت. بۆیە ئەگەرێکی زۆرە لەم ئاڵۆزییەدا پەنا بۆ کارێکی وەها ببەن".

هەر دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، ئیسماعیل قائانی کە بە سێبەری توندڕەوی سولەیمانی نووسراوە، کرایە فەرماندەی هێزی قودس. بەگوێرەی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی، قائانی دیارترین فەرماندەی هێزی پاسداران بووە لەکاتی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران. بۆ ماوەی 20 ساڵیش جێگری فەرماندەی هێزی قودس بووە، لە ڕابردووشدا لە ئەفغانستان بووە.

قائانی لە ساڵی 1958 لە مەشهەد لەدایکبووە. بە لایەنگرێکی سەرسەختی دەستێوەردانی ئێران دەناسرێت لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی عێراق و سووریا. سۆسیالمیدیای ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی قائانی وەکو "کەسێکی توندڕەو" کە زۆر جیاوازی لەگەڵ سولەیمانیدا نییە، وەسف دەکات، پێیوایە ئەزموونی پێویستی هەیە لە بەرە جیاوازەکانی جەنگدا، هەروەها وەکو داڕێژەری بیرۆکەی دروستکردنی میلیشیا شیعەکان لە قەڵەم دەدرێت. هەر بەگوێرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، قائانی ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە ئیدارەکردنی (لیوای فاتمیوون) کە میلیشیایەکی شیعەی ئەفغانییە و لە دوای ساڵی 2014 لە سووریا بۆ پشتگیریی ڕژێم بەشداریی شەڕی ناوخۆی کردووە.

ئەنیستتیوتی ئەمریکی بۆ توێژینەوەی سیاسی لە ڕاپۆرتێکیدا لە کانوونی دووەمی 2012، بەراوردی لە نێوان سولەیمانی و قائانی کردووە، پێیوایە تۆماری شەڕی (عێراق و ئێران) ئاماژە بۆ ناکۆکیی جەوهەری لە نێوان ئەو دوو پیاوە دەکات. ڕاپۆرتەکە سولەیمانی وەکو کاریزمایەکی خۆشەویست وەسف دەکات و قائانیش وەکو گەنجێکی لێهاتوو.

> چاودێرێکی سیاسی:
>
> جێگرەوەی سولەیمانی دەستی لە مێشکی زیاتر کار دەکات

بە گوێرەی بەهزاد خۆشحاڵی، جێگرەوەی سولەیمانی کەسێکە "دەستی لە مێشکی زیاتر کار دەکات" و دەڵێت: "قاسم سولەیمانی مێشکی داڕێژەری هەموو کردەوەکانی ئێران بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەمتر کاری پراکتیکی دەکرد، بەڵام ئەوەی شوێنی گرتووەتەوە، دەستی لە مێشکی زیاتر کار دەکات. ئەمەش ئەو ئەگەرە بەهێزتر دەکات کە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ باشترین جێگرەوەی سولەیمانییە، هەروەها بۆ ئەوەی نیشانی بدات سوپای قودس هێشتا سوپا بەهێزەکەی جارانە، دوور نییە پەنا بۆ چالاکییەک ببات. یان هێرش بکاتە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کە زۆربەیان نیشتەجێی باشووری کوردستانن".

بەبڕوای خۆشحاڵی "ئەم کارە کەمترین تێچووی هەیە بۆ ئێران، جگە لەوەش ئەمە نەریتێکی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە بۆ شاردنەوەی شکستەکانیان هێرش دەکەنە سەر کورد".



ئیسماعیل قائانی و قاسم سولەیمانی

# عەفرین: گوزەرانێکی خراپ و دەستدرێژی بۆ سەر هەموو شت

حوسێن عومەر*
ڕوودا و- هەولێر

"وا دەخنکێم.. ئەوەی لە عەفرین ڕوودەدات جێی باوەڕ نییە. هەمووان لە فرۆشتنی عەفریندا بەشدارن و هەمووان پشتیان تێکرد" ئەمە قسەی بەساڵاچوویەکی دانیشتووی عەفرینە.

(ل.ت) کە ئێوارەی ڕۆژی یەکی کانوونی دووەمی 2020 لەڕێی تەلەفۆنەوە ئەم قسانەی بۆ (ڕوودا و) کرد، وشەکان لە گەروویدا گیریان خوارد و بە گریانەوە گوتی: "ئەمڕۆ بێوەژنێکی کوردی تەمەن 28 ساڵم بینی، ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ فرۆشتنی جەستەی بەرامبەر دوو هەزار لیرەی سووری (دەکاتە کەمتر لە 3 دۆلار) لەپێناو دابینکردنی نان و خواردنی یەک ڕۆژ بۆ منداڵە هەتیوەکانی".

پیرە عەفرینییەکە بە کەسەرێکی زۆرەوە باسی دۆخی ناوچەکەی کرد کە لە هەموو ڕوویەکەوە تێکچووە، هەر لە نەبوونی ئاسایش و ئارامی، تا زەحمەتبوونی ژیان بەهۆی گرانیی لەڕادەبەدەر و نەبوونی سەرچاوەی ژیان، هەروەها تاڵانی و دەستدرێژی لەلایەن گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیاوە، ئەمە سەرباری گرتن و ڕفاندن و سەپاندنی فدیە و سەرانەسەندن.

(ل. ت) کە لەبەر هۆکاری ئەمنی نەیویست ناوەکەی بە تەواوی ئاشکرا بکرێ، هۆکاری دۆخی بێوەژنە کوردەکەی بۆ دۆخی خراپی ئابووری و گرانیی نرخی شتومەک گێڕایەوە لە کاتێکدا ڕێکخراوە فریاگوزارییە نێودەوڵەتییەکان لەوێ نەماون تا کۆمەکی لێقەوماوان بکەن.

نرخی کەلوپەل و پێداویستیی ژیان لە بازاڕەکانی عەفریندا زۆر گران بووە، تەنانەت ئەگەر بەراوردی بکەین بەو کەسانەش کە کاربەدەستی دامودەزگاکانی سەر بە تورکیا و حکوومەتی کاتیی سووریان.

بە گوتەی (ل.ت) تێکڕای مووچەی فەرمانبەرانی سەر بە دەسەڵاتی تورکیا و حکومەتی کاتیی سووریا 600 لیرەی تورکیە کە

> کچانی کورد لە ترسی ڕفاندنیان شوو بە چەکدارە ئیسلامییەکان دەکەن

کەمێک زیاترە لە 100 دۆلار. لەکاتێکدا نرخی هەندێک خواردن و پێداویستیی دیکەی ڕۆژانە بەم جۆرەن: یەک کیلۆ گۆشتی سوور 7000 لیرە، یەک کیلۆ گۆشتی سپی 1500 لیرە، یەک کیلۆ شەکر 600 لیرە، یەک کیلۆ نان 400 لیرە، یەک کیلۆ تەماتە 700 لیرە، یەک لیتر بەنزین 750 لیرە، یەک لیتر گاز 700 لیرە، یەک بوتڵ غازی ماڵان 9500 لیرە.

## هاوسەرگیری بۆ خۆپاراستن

ئێستا لە ناوچەی عەفرین دیاردەیەک پەیدابووە، دیاردەی هاوسەرگیریی ئافرەتانی کورد لەگەڵ ئەندامانی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا یان عەرەب و تورکمانە نیشتەجێکراوەکان، ئەمەش تەنیا لەپێناوی خۆپاراستن لە ڕفاندن و گرتن و تاڵانکردن و دزی. بەگوێرەی زانیارییەکانی (ل.ت)، زیاتر لە 150 حاڵەتی هاوسەرگیریی نێوان ئافرەتانی کورد و ئەندامانی گرووپە چەکدارەکان هەیە، 17 حاڵەت لە ناحیەی بلبل، 7 لە ناوچەی ڕاجو، 5 حاڵەت لە گوندی میعراتە و دوو دانە لە گوندی مەیدانکێ و دەیان حاڵەتی دیکەش لە سەنتەری شار و ناوچەکانی دەوروبەری و گوندە نزیکەکان.

## بەساڵاچووانی تەنیاکەوتە و برسی

پەلاماری عەفرین لەلایەن سوپای تورکیا و گرووپە چەکدارەکانی لایەنگری، ئاوارەبوون و دەربەدەربوونی هەزاران خێزانی لێکەوتەوە، بەڵام ئەوانەی توانای هەڵاتنیان نەبووە بە تایبەتی بە ساڵاچووان، بە تەنیا ماونەتەوە.

(ل.ت) دەڵێ: "تەنیا لەناو شاری عەفرین نزیکەی 300 ژن و پیاوی بەساڵاچوو هەن کە بە تەنیا و بەبێ چاودێری دەژین، ئەمانە لە دۆخێکی قورسدان، بچووکترین سەرچاوەی ژیانیان نییە و لە سووتەمەنی و خواردن و دەرمان بێبەشن، لەکاتێکدا هەندێکیان نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە و هەندێکیشان کەمئەندامن".

ئەو نموونەیەک دەهێنێتەوە و دەڵێ فاتمە حەنان کە تەمەنی 90 ساڵە، بەتەنیا دەژی بەبێ هیچ داهاتێک، هاوسەرەکەی (حوسێن عەبدۆ) لە سەرەتای ئەمساڵ مرد. ئەو ژنە پارەی کڕینی کفن و تێچووی شاردنەوەی هاوسەرەکەی نەبوو، بۆیە خەڵکی ناوچەکە پارەیان بۆ کۆکردەوە.

## زیاتر لە 2000 ڕفێنراوی بێسەروشوێن

لە دوای پەلامارەکەی تورکیا و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کە تورکیا پاڵپشتییان دەکات، جگە لە کوژران و ئاوارەبوونی خەڵک، ژمارەیەکی زۆر خەڵکیش ڕفێنراون و چارەنووسی هەندێکیان تا ئێستا نادیارە.

(ر.ق) کە یاساناسە و نیشتەجێی سەنتەری عەفرینە، لەبارەی گیراو و ڕفێنراوەکانەوە بە (ڕوودا و)ی گوت: "لە سەرەتای هێرشی تورکیا و داگیرکردنی عەفرینەوە، ژمارەی ڕفێنراو و گیراوەکان گەیشتووەتە 7227 کەس، تا ئێستا چارەنووسی 2112 کەسیان دیار نییە، ئەمەش بەپێی ئەو ڕووماڵەی پارێزەران و یاساناسانی چاودێر بۆ دۆسیەی پێشێلکارییەکانی دەسەڵاتی تورکیا و گرووپە چەکدارەکانی لایەنگری کردوویانە".

## عەفرین لە کوردی ئێزدی بەتاڵ دەبێ

ناوچەی عەفرین زێدی نزیکەی 35 هەزار کوردی ئێزدییە، بەڵام ئێستا نزیکە لەوەی خاڵی ببێ لەو پێکهاتە دێرینە.

عەلی عیسۆ، چالاکڤانی کوردی ئێزدی کە خەڵکی ناوچەی عەفرینە و دامەزرێنەری دامەزراوەی (ئێزدینا)، تورکیا بەوە تۆمەتبار دەکات کە بە ئەنقەست دەیەوێ کۆچ بە ئێزدییەکان بکات و کولتوور و مێژووی ئەوان لە عەفرین بسڕێتەوە.

عەلی عیسۆ بە (ڕوودا و)ی گوت: "ئێزدییەکان بەسەر نزیکەی 22 گوندی ناوچەی عەفرین و سەنتەری شاردا دابەشبوون، بەر لە داگیرکاریی تورکیا ژمارەیان نزیکەی 35 هەزار کەس بوو. بەر لە دوو مانگ لەڕێی تیمێکی گەڕۆکی مەیدانییەوە کە بۆ ڕێکخراوەکەی ئێمە کار دەکەن، بۆمان دەرکەوت کە کۆچپێکردنی زۆرەملێ نزیکەی 90%ی ئێزدییەکانی گرتووەتەوە و ئێستا لەنێو عەفرینی داگیرکراودا تەنیا 10%یان ماون".

عیسۆ نموونەی هەندێک گوند دەهێنێتەوە و دەڵێ: "گوندی بافەلونی ئێزدی کە نزیکەی 350 ئێزدی تێدا نیشتەجێ بوو بەر لە داگیرکردن، ئێستا یەک تاکە ئێزدیشی تێدا نەماوە. گوندی قەستەل جندۆ کە هەموو دانیشتووانەکەی ئێزدی بوون، ئێستا تەنیا نزیکەی 60 کەسی تێدا ماوە کە بەر لە داگیرکردن 1000 کەس لەو گوندە دەژیان. هەروەها گوندی فەقیرۆ کە دانیشتووانەکەی 1200 کەس بوون و سەرجەمیان کوردی ئێزدی بوون، ئێستا تەنیا 100 کەسی تێدا ماوە".

عیسۆ لەبارەی ژمارەی ئەو ئێزدییە سڤیلانەی لە سەرەتای پەلاماری تورکیا و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بۆ سەر عەفرین کوژراون، دەڵێت تا ئێستا 18 سڤیل کوژراون کە پێنجیان ئافرەت و پێنجیان منداڵ بوون. لەنێو کوژراوەکاندا ژن و پیاوێک هەبوون کە ڕاستەوخۆ و بە ئەنقەست لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی سەر بە تورکیاوە کوژران، ئافرەتێک بەهۆی فڕێدانی نارنجۆک بۆ نێو ماڵەکەی کوژرا. کچێک بەهۆی تەقەلێکردنی ڕاستەوخۆ کوژرا، پیاوێکیش بەهەمانشێوە.

## سووکایەتی بە ئاینی ئێزدی

ئەو ئێزدیانەی لەبەر هۆکاری جیاجیا نەیانتوانیوە عەفرین جێبهێڵن، وەک خۆیان دەڵێن، لەلایەن گروپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیاوە هەوڵی گۆڕینی ناسنامەی ئاینیی منداڵەکانیان دەدرێ و سووکایەتی بە پیرۆزییەکانیان دەکرێ.

(س.د) چالاکڤانی ئێزدیی تەمەن 40 ساڵ کە لە وڵاتێکی ئەورووپی نیشتەجێیە و لە ترسی ئەوەی کەسە نزیکەکانی لەلایەن چەکدارە ئیسلامییەکانی سەر بە تورکیاوە ئازار نەدرێن داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێت: "لە گوندی ئێزدییەکان، بەسەر ماڵباتە ئێزدییەکاندا سەپێنراوە کە دەبێ خێزانی عەرەبی هاوردە داڵدە بدەن، دەبێ خاوەن ماڵ، ماڵی خۆیان لەگەڵ بەش بکات. ئەوان لەنێو ماڵی ئێزدییەکاندا نوێژ دەکەن و هەوڵدەدەن کاریگەری لەسەر منداڵ و گەنجەکانی ئەوان دابنێن تا باوەڕ بە ئیسلام

> خێزانە کوردەکان ناچار دەکرێن ماڵ و سامانیان لەگەڵ عەرەبی هاوردە بەش بکەن

بهێنن، هەندێک وشە دەردەبڕن کە لەڕووی ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە ئازاری ئێزدییەکان دەدات. هەوڵ دەدەن جلوبەرگی ئیسلامی بەسەر ئێزدییەکاندا بسەپێنن، لەوانەش ناچارکردنی پیاوەکان بەهێشتنەوە و درێژکردنەوەی ڕیشیان".

گرووپە چەکدارەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو ئێزدییەکان تاڵان دەکەن. (س. د) دەڵێ: "چەندین حاڵەت هەیە کە تێیدا چەکدارەکان دەستیان گرتووە بەسەر ئۆتۆمبێل و ئامێری کشتوکاڵیی ئێزدییەکاندا، بۆ گێڕانەوەشی داوای سەرانەیان کردووە کە بڕەکەی زۆر جار نزیکەی نیوەی بەهای ئامێرەکە بووە. کاتێکیش ئەو پارچانە دەگێڕنەوە، کەڵکی کارپێکردنیان نەماوە بەهۆی لێکردنەوەی پارچە یەدەگەکانی".

ئەو چالاکڤانە چەندین حاڵەتی بۆ (ڕوودا و) ئاشکرا کرد بەناو و بڕی پارەی سەندراو و وردەکارییەوە و داوای کرد بە وردەکارییەوە لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەیان بۆ نەکرێت لەبەر سەلامەتیی گیانی خاوەنەکانیان.

هەروەها ئاماژەی بە پێشێلکاریی چەکدارەکان کرد دەرهەق بە مەزارگە و گۆڕستانی ئێزدییەکان و گوتی "گرووپە چەکدارەکان گۆڕستانی کوردی ئێزدییان لە گوندی قیبار (3 کیلۆمەتر ڕۆژهەڵاتی شاری عەفرین) شێواندووە کە ئەو گوندە بە پایتەختی کوردی ئێزدی دادەنرێت لە عەفرین، چونکە ساڵی 1925 دەروێش ئاغای ئێزدییەکان یەکەم فێرگەی لەو گوندە کردەوە بەپاڵپشتیی میر جەلادەت بەدرخان و میری ئێزدییەکان کە بەڵگەنامەی دامەزراندن و بریکارێتی ئێزدییەکانی سووریای پێدا. دەسەڵاتدارانی فەرەنسا ئەوکات دانیان بەو بەڵگەنامەیەدا نا".

چالاکوانەکە زیاتر دەڵێ چەکدارەکان مەزارگەکانی جیل خانەی پیرۆز و مەلیک ئادییان لەهەمان گوند تێکداوە. هەروەها مەزارگەی شێخ جونەید لە فەقیرا و وێرانکردنی مەزارگەی شێخ سەیدی لەهەمان گوند لەپێناو دۆزینەوەی ئاسەوار و زێڕ. لە کاتێکدا مەزارگەکانی باسۆفان و شادێری و گۆڕەکانی چواردەوریان تێکداون. لە گوندی قەستڵ جندۆ مەزارگەی بارسە خاتوونیان وێران کردووە، پاش ئەوەی فڕۆکەکانی تورکیا بۆردومانیان کرد.

ئەو چالاکڤانە ئێزدییە ئاماژەی بەوەدا کە ئەو پێشێلکاری و دەستدرێژییانە بەدۆکۆمێنت کراون و پێشکەشی لیژنەی سەربەخۆی نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوە کراون کە ئەنجوومەنی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە سووریا دروستیکرد و بەرپرسیارێتی لێکۆڵینەوەی لە هەموو ئەو دەستدرێژی و پێشێلکارییانەی خراوەتە ئەستۆ کە بەرامبەر یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لە سووریا ڕوودەدەن.

> **2110** کەس لە عەفرین بێسەروشوێنن

## دەسەڵاتی داگیرکار پابەندی یاساکانی داگیرکاری نابێ

عیماد شێخ حەسەن، پارێزەر و بەڕێوەبەری سەنتەری (لێکۆڵین) بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە یاساییەکان کە مۆڵەتی لە ئەڵمانیا وەرگرتووە، دەڵێ: "تورکیا دەسەڵاتێکی داگیرکارییە لە عەفرین، بەڵام ئەو ئەرکانە جێبەجێ ناکات کە بەهۆی ئەو سیفەتەوە دەکەونە ئەستۆی".

یاساناسە کوردەکە کە خۆی خەڵکی ناوچەی عەفرینە، بە (ڕوودا و)ی گوت: "بەپێی بەیاننامەی ساڵی 1907ی لاهای و ڕێککەوتنی چوارەمی جنێف لە ساڵی 1949، دەسەڵاتی داگیرکار پابەندە بە ڕێزگرتن و چەسپاندنی ئەو یاسایانەی بەر لە داگیرکردن لە ناوچەکەدا کاریان پێکراوە. بەڵام ئێمە لە عەفرین ئەوە نابینین، چونکە بەکورتی خەڵکی ناوچەکە پابەند و ملکەچی هەندێک یاسای تایبەت دەکرێن کە سەرچاوەکەی نەزانراوە، لە بنەمادا هەر یاسا نین، تەنیا هەندێک یاسای باری کەسی نەبێت".

هەروەها دەڵێت: "هەندێک کەس سەرپەرشتی لایەنە سزاییەکان دەکەن کە سەر بە گرووپ و لایەنە سیاسییەکانن و دەسەڵاتەکانیان ڕووکەشانە و بەبێ دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، لە کاتێکدا دەسەڵاتی ڕاستەقینە بەدەست هەواڵگریی تورکیایە".

ئەو پارێزەرە کوردە باسی کاروباری دادگا مەدەنییەکانی عەفرین دەکات و دەڵێت: "بابەتە مەدەنییەکان لەدەستی چەندین لایەنی جیاوازدایە کە هەریەکەیان بە سیستەمی تایبەتی خۆی کاردەکات. بۆ نموونە دادگای شەرعی سەر بە گرووپەکانی سوڵتان مورادە و لە هەندێک ناوچەی دیکەشدا دادگای شەرعی و ئابووری سەر بە گرووپی دیکەن، هەروەها دادگای سڤیل و سەربازیش هەن کە ڕاستەوخۆ سەر بە تورکیان. هەرچی ئەو یاسایانەیە کە دەبێ لە بواری کەسیدا کاریان پێبکرێت وەک میرات و هاوسەرگیری، ئەوە یاسا و حوکمی شەریعەتی ئیسلامە نەک یاسای سووریا".

## گۆڕینی دیمۆگرافیا

لە دوای دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ، هێزەکانی سەر بە ڕژێمی سووریا لە ساڵی 2012 لە شارەکە کشانەوە و شارەکەیان ڕادەستی یەکینەکانی پاراستنی گەل کرد. عەفرین یەکێک بوو لە سێ کانتۆنەکەی ڕۆژئاوای کوردستان کە لەلایەن ئیدارەی خۆسەر دامەزران. شارەکە کە سەر بە پارێزگای حەلەبە، تاوەکو مانگی ئاداری 2018 لەلایەن کوردەوە بەڕێوەدەبرا، بەڵام لە ئاداری 2018 چەکدارە ئیسلامییەکانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بە پاڵپشتیی تورکیا پەلاماری شارەکەیان دا و داگیریان کرد.

هێرشی هێزەکانی حکوومەتی سووریا بە پشتگیریی هێزی ئاسمانیی ڕووسیا بۆ سەر ناوچەکانی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای ئدلیب کە نزیکی عەفرینە، هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئاوارەبوون و هەڵهاتنی دەیان هەزار کەس لەو ناوچانەوە بەرەو عەفرین.

لە شەوی 10ی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا (ڕوودا و) پەیوەندی بە ڕێنوێنیکەرێکی کۆمەڵایەتییەوە کرد کە لە پێناو پاراستنی گیانی نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، ئەو کە ئاگاداری وردەکاریی نیشتەجێکردنی ماڵباتە تازەهاتووەکانە بۆ ناوچەکە، گوتی: "ژمارەی ئەوانەی لە ماوەی ڕابردوودا ڕوویان لە عەفرین کردووە نزیکەی 100 هەزار کەسە. بەمەش عەفرین نوقمی ئاوارەی عەرەب بووە، ئێستا ڕێژەی عەرەب لە شارەکە زیاتر لە 80% دەبێ، لە کاتێکدا بەر لەو شەپۆلی کۆچە نزیکەی 65% بوو. بەر لە دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆی سووریاش ژمارەی عەرەب لە شارەکە تەنیا 8% بوو".

> ڕێژەی عەرەب لە عەفرین لە 8%ەوە بووەتە 80%

گرووپە چەکدارەکان کار دەکەن بۆ نیشتەجێکردنی ماڵباتە عەرەبەکان لەناو ماڵی خەڵکی کورد بەبێ ڕێزگرتن لە تایبەتمەندی ماڵباتە کوردییەکان. چالاکوانێکی کوردی نیشتەجێی گوندی کەفەر جەننە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ: "تا ئێستا نزیکەی 250 ماڵبات لە گوندەکەدا نیشتەجێکراون، دەسەڵاتداران بەسەر هەندێک لە ماڵباتە ڕەسەنەکانی گوندەکەیاندا سەپاندووە کە ماڵباتە هاتووەکان لە خانووەکانی خۆیاندا نیشتەجێ بکەن. لە کاتێکدا نزیکەی سەد خێزانی خەڵکی ڕەسەنی گوندەکە لە گوندەکەی خۆیان دەرکراون".

لە گوندی کەفەر سەفرەی سەر بەناحیەی جەندەریس سەرچاوەیەک کە نایەوێ ناوی بهێنرێت، دەڵێ: "چەکدارەکان 12 خێزانیان لە گوندەکەدا ناچار کرد بە نیشتەجێکردنی خێزانە عەرەبە هاتووەکان لە ماڵەکانی خۆیاندا، لە کاتێکدا فیدان حاجی، خاوەن ماڵ کە خانمێکی بەتەمەنە، لەو بڕیارەی چەکدارەکان ناڕەزایەتی دەربڕی و هەڕەشەی خۆسووتاندنی کرد، بەڵام چەکدارەکان هیچ گوێیان بەهەڕەشەکانی نەدا و بەزۆرەملێ ماڵباتێکی عەرەبیان لە ماڵەکەیدا نیشتەجێ کرد".

## ئەو سەرکردە و گروپانەی دەستیان لە پێشێلکاریدا هەیە

پاش چەندین پەیوەندی (تۆڕی میدیایی ڕوودا و) بە سەرچاوەی هەمەجۆرەوە لەناو عەفرین و دەرەوەی شارەکە، هەروەها ڕێکخراوەکانی ماف و دامەزراوەی تایبەت بە دۆکیۆمێنتکردنی پێشێلکارییەکان و ئەو چالاکانەی کە خۆیان بەرەوڕووی پێشێلکاری بوونەتەوە، کۆدەنگییەک هەبوو لەسەر ئەوەی کە هەموو گروپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سەر بە تورکیا پێشێلکارییان کردووە. بەڵام لەناو ئەوانەدا، هەندێ گروپ و سەرکردەی میلیشیا زۆرتر لەو چوارچێوەیەدا ناویان دێت. ئەوانەش بریتین لە: بەرەی شامی بە سەرکردایەتی عەقید ئەبوعەلی سەجۆ کە خەڵکی ناوچەی ئەعزازە. هەروەها سەرکردەی هەمان گروپ لە شارۆچکەی مۆباتا کە ناوی شێخ جومعەیە. محەممەد حەزوانی، بەرپرسی ئەمنیی هەمان گروپ لەو شارۆچکەیە. فیرقەی سوڵتان موراد کە زۆرینەیان تورکمانن و

> چەکدارە ئیسلامییەکان ئێزدییەکانی عەفرین ناچار بە ڕیشهێشتنەوە دەکەن

فەهیم عیسا سەرکردایەتییان دەکات و ناوچەکانی بلبل، شەڕڕا و ڕاجۆی لەژێر دەستە. فیرقەی موعتەسەم لەناو عەفرین بە سەرکردایەتی ئەبولعەباس عەباس. لیوای سەمەرقەند، بە سەرکردایەتی سائیر مەعروف. ئەم لیوایەش زۆرینەی تورکمانە و دەستی بەسەر گوندەکانی ناحیەی جەندەریسدا گرتووە. لیوای سوڵتان سلێمان شاە، بە سەرکردایەتی محەممەد جاسم (ئەبو عەمشە) کە خەڵکی ریفی حەمایە. گروپی حەمزات بە سەرکردایەتی (موعتەز) کە خەڵکی ناوچەی غابە لە ناوەڕاستی سووریا. هەروەها گروپەکانی شەرقیە کە سەرکردەکەیان لە عەفرین بە (نعوم) دەناسرێ و خەڵکی ناوچەی دێرەزوورە.

*** بەرپرسی بەشی ڕۆژئاوای کوردستان لە (تۆڕی میدیایی ڕوودا و)**



تەنیا لەناو شاری عەفرین نزیکەی 300 ژن و پیاوی بەساڵاچوو هەن کە بە تەنیا و بەبێ چاودێری دەژین (فۆتۆ: AFP)

ڕووداو ئابووری
ژمارە (588) - دووشەممە 2020/1/20



## هۆڵەندا چەند پرۆژەیەک بۆ گەنجانی کوردستان رادەگەیێنێ

**ڕووداو- سلێمانی**

حکومەتی هۆڵەندا لە ڕێگەی کونسوولخانەکەیەوە لە هەولێر، چەند پرۆژەیەک بۆ گەنجان رادەگەیێنێت و کۆنسوڵی وڵاتەکەش لە هەولێر دەڵێت: "ئامانجمانە لە ڕێگەی پرۆژەکانمانەوە گەنجانی کوردستان ببنە خاوەن کاری خۆیان و هۆڵەندییەکانیش رابکێشین بۆئەوەی لە کوردستاندا وەبەرهێنان بکەن".

ڤیلم کۆساین، کۆنسوڵی هۆڵەندا، لەکاتی بەشداریی لە بەرنامەی (نووڕۆژ)ی ڕادیۆی ڕووداودا گوتی: "پرۆگرامی ئۆرەنج کۆرنەرز ئەربیل، پرۆگرامێکی جیهانییە، لە بەغدا و هەولێریش دەستمان پێکردووە. ئامانجمان ئەوەیە کە ببێتە سەرچاوە و دەستپێکێک بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ وەبەرهێنان بکەن". کۆساین گەنجانی کوردستان بۆ وەبەرهێنان هاندەدات و دەڵێت: "ئەگەر تۆ کاری تایبەتی خۆت هەبێ زۆر باشترە لەوەی کار بۆ کەسی دیکە بکەی".

## ساڵی ڕابردوو 153 کارگە لە هەرێمی کوردستان دامەزراون

# مۆڵەتی دامەزراندن دەدرێتە 147 کارگە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی ئاسایبوونەوەی دۆخی ئابووری و سیاسیی کوردستان، خواست لەسەر دامەزراندنی کارگە زیاد بووە. ساڵی ڕابردوو 147 مۆڵەت بۆ دامەزراندنی کارگە وەرگیراوە و 153 کارگەی تازەش دامەزراون.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان، ژمارەی کارگە دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2019 گەیشتووەتە 4.258 کارگە (2656 کارگە لە هەولێر، 1.072 کارگە لە سلێمانی و 530 کارگەش لە دهۆک) کە نزیکەی 40.755 هەلی کاریان دابین کردووە، بەراورد بە ساڵی 2018 ژمارەی کارگەکان نزیکەی 3.7% گەشەی کردووە، هەلی کاریش نزیکەی 4.6% زیاد بووە.

هەر بەپێی هەمان ئامار ساڵی ڕابردوو 153 کارگە دامەزراون (133 کارگە لە هەولێر، 14 کارگە لە سلێمانی و شەش کارگەش لە دهۆک). ئەو 153 کارگەیە دەرفەتی کاریان بۆ 1809 کەس دابین کردووە.

مستەفا زوبێر، بەڕێوەبەری هونەری و سەرپەشتیاری کارگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشەپێدانی پیشەسازی بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی ئاسایبوونەوەی باری ئابووری و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2019 بەراورد لەگەڵ سێ ساڵی پێشتر ژمارەی کارگە دامەزراوەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد بووە، تەنانەت لە ساڵی ڕابردوو بەراورد لەگەڵ ساڵی 2018 گەشەی دامەزراندنی کارگان 61% زیاد بووە".

دامەزراندنی ئەم کارگانە بووەتە هۆی پشتبەستنی زیاتر بە بەرهەمی خۆماڵی، بەتایبەت لە پێویستییەکانی بیناسازی، پاککەرەوە، پلاستیک و زۆر بەرهەمی دیکە کە ئێستا زیاد لە پێویست هەن و تەنانەت بەشێکیشی لێ هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێت.

ئەو 153 کارگەیەی ساڵی ڕابردوو دامەزراون، بریتین لە 45 کارگەی خۆراک، 28 کارگەی پلاستیکی، 21 کارگەی مۆبیلیات، 20 کارگەی کیمیایی، 17 کارگەی سلیلۆزی، 12 کارگەی بیناسازی، 7 کارگەی فلزی، 2 کارگەی ڕستن و چنین، یەک کارگەی خزمەتگوزاری.

مستەفا زوبێر، دەڵێت: "خواستی بازاڕ ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە ئاراستەکردنی کەرتی تایبەت بۆ جۆری کارگەکان، بۆ نموونە بەهۆی زۆریی خواست لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو، هەمیشە دامەزراندنی کارگەی خۆراک لە پلەی یەکەم بووە، دوای ئەویش کارگەی پاککەرەوە کە لەمەی دووەمیان هەنگاوێکی باشمان بڕیوە و بەرهەم هەناردەی عێراق و سووریا و وڵاتانی دیکە دەکەین".

مستەفا زوبێر دەڵێت بەنیازن ئەمساڵ زیاتر کارئاسانی بۆ ئەو بازرگان و سەمایەدارانە بکەن کە دەیانەوێ لەو سێکتەرانەی تاوەکو ئێستا وەکو پێویست گەشەیان پێنەدراوە، کاربکەن.

جگە لە دامەزراندنی ئەو 153 کارگەیە، ساڵی ڕابردوو مۆڵەتی دامەزراندنی 147 کارگەش وەرگیراوە (85 مۆڵەت لە هەولێر، 50 مۆڵەت لە سلێمانی و 12 مۆڵەتیش لە دهۆک) کە لەچاو ساڵی 2018 ژمارەی مۆڵەتوەرگرتن بە ڕێژەی 93% زیاد بووە.

مستەفا زوبێر دەڵێت: "دوای هەڵگرتنی بازگەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراق، هەروەها جێبەجێکردنی یاسای ژمارە 20ی عێراق لە هەرێمی کوردستان کە ئیمتیاز و هاندان و بەخشین لە باج و ڕسومات لەکاتی دامەزراندنی کارگە و پاراستنی بەرهەمەکەی تێدایە، خواستی دامەزراندنی کارگە زیاتر بووە".

لە پارێزگای سلێمانی 1.072 کارگە هەن. ساڵی ڕابردووش 14 کارگەی تازە بە سەرمایەی ملیارێک و 896 ملیۆن دۆلار دامەزراون. مۆڵەتیش دراوە بە کەرتی تایبەت بۆ دامەزراندنی 50 کارگەی دیکە.

محەممەد جەبار، بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازی لە پارێزگای سلێمانی، دەڵێت: "لە سلێمانیش هاوشێوەی هەولێر خواست لەسەر دامەزراندنی کارگەی تازە هەیە، بەڵام کێشەی سەرەکی ئێمە لەوەدایە لە ناوچە پیشەسازییەکانمان شوێن بۆ دامەزراندنی کارگە نەماوە. ئەو زەوییانەش کە بۆ ناوچەی پیشەسازی لە ناوەندی شار و قەزا و ناحیەکان تەرخان کراون، هیچیان خزمەتگوزارییان نییە، بۆیە سەرمایەداران و وەبەرهێنەران ناچارن زەوی لە شوێنی گونجاو بکڕنەوە کە زۆر جار کێشەی بەناوکردنیان بۆ دروست دەبێت، چونکە زۆربەی زەوییەکان کشتوکاڵین و بۆ گۆڕینی ناونیشانەکانیان بۆ پیشەسازی، ڕێکاری کارگێڕیی زۆری دەوێت".

محەممەد جەبار دەڵێت نزیکەی 600 دۆنم زەوی لە سنووری پارێزگای سلێمانی بۆ ناوچەی پیشەسازی جیاکراوەتەوە، چەند ساڵێکە هەوڵدەدەن خزمەتگوزاریی بۆ دابین بکەن، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی نەیانتوانیوە ئەمە بکەن.

ئەو پێیوایە ئەگەر گرفتی گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچەی پیشەسازی چارەسەر ببێ، ئەوە ژمارەیەکی زۆری وەبەرهێنەر و سەرمایەدار ئامادەن سەرمایەکانیان لە دامەزراندنی کارگە بخەنەگەڕ.

بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازی لە پارێزگای سلێمانی دەڵێت لە چەند ساڵی ڕابردوودا خواست لەسەر بەرهەمی خۆماڵی لە ناوخۆ زۆر بووە، بۆیە خواست بۆ دامەزراندنی کارگەش زیاد بووە.

پارێزگای دهۆک لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کەمترین کارگەی لێ دامەزراوە. کۆی گشتیی کارگە دامەزراوەکانی ئەو پارێزگایە تەنیا 530 کارگەیە کە دەکاتە 12.44%ی تێکڕای کارگە دامەزراوەکانی کوردستان. لە کارگە دامەزراوەکان و مۆڵەتدراوەکانی ساڵی ڕابردووش، کەمترین ژمارەی بەر ئەو پارێزگایە کەوتووە، بەجۆرێک لەکۆی 153 کارگە تەنیا 6 کارگە و لە کۆی 147 مۆڵەت، تەنیا 12 مۆڵەت لەو پارێزگایە وەرگیراوە.

نازدار عەبدولقادر، بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازی لە پارێزگای دهۆک دەڵێت: "کێشەی سەرەکیی دهۆک کەمیی زەویی پیشەسازییە بۆ دامەزراندنی کارگە، چونکە پارێزگای دهۆک ناوچەیەکی شاخاوییە و زەویی تەختی کەمە".

نازدار عەبدولقادر ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان لە مانگی ئاداری ساڵی ڕابردووە کار بە یاسای ژمارە 20ی عێراق دەکەن، ئەم یاسایە ڕێگە بە وەبەرهێن دەدات لەسەر هەر زەوییەکی گونجاو کارگە دروست بکات بەو مەرجەی ڕەزامەندیی ژینگە و تەندروستی بۆ وەربگرێ،، بەڵام نازدار عەبدولقادر دەڵێت لە جێبەجێکردنی یاساکەدا گرفتیان بۆ دروست بووە، چونکە یاساکانی وەزارەتی کشتوکاڵ ناکۆکن لەگەڵ ئەو یاسایە و ڕێگە بە دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی نادەن لەسەر زەویی کشتوکاڵی.

گوتیشی: "ئێمە دڵنیاین ئەگەر حکومەت و پەرلەمان یاسا و ڕێنماییەکانی کشتوکاڵ هەموار بکەنەوە، لە داهاتوودا ژمارەیەکی زۆر کارگەی نوێ لە دهۆکیش دادەمەزرێن، چونکە خواستێکی زۆر بۆ دامەزراندنی کارگە هەیە".



ئێستا 4250 کارگە لە هەرێمی کوردستان هەن (فۆتۆ: ڕووداو)

# ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە دەروازەکانی کوردستان لاواز دەبێت

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی کاریگەریی یەکخستنی تەعریفەی گومرگی و ئاسانکاری لە هەندێک دەروازەی عێراق بۆ بازرگانانی کوردستان، ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان نزیکەی 22% دابەزیوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان کە پشتی بە داتای وڵاتانی هەناردەکار بەستووە، ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا، بەراورد بە نۆ مانگی یەکەمی ساڵی پێشتر، 22% دابەزیوە، لە بەرامبەریشدا ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە خاڵە سنوورییەکانی عێراق 33.4% زیاد بووە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ سەرەتای لاوازبوون و پاشەکشەی ئەو جووڵە بازرگانییە گەرمەی کە پێشتر بەهۆی ئاسانکاری و جیاوازیی ڕەسمی گومرگی لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان هەبوو کە ساڵانە نزیکەی 55%ی پێداویستییەکانی عێراق لە ڕێگەی کوردستانەوە دابین دەکرا.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لە 9 مانگی ساڵی 2018 دا عێراق بایی 45 ملیار و 567 ملیۆن دۆلار کاڵای هاوردە کردووە و نزیکەی 59%ی ئەم کاڵایانەش لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە هاوردەکراوە، لەهەمان ماوەدا لە ساڵی 2019 هاوردەی کاڵا بۆ عێراق بەڕێژەی 7.3% زیادی کردووە و بایی 48 ملیار و 970 ملیۆن دۆلار کاڵا هاوردە کراوە. بەڵام بەهۆی یەکخستنی تەعریفەی گومرگی و ئاسانکاری بۆ بازرگانان لە بەندەری ئوم قەسر، بەشێک لە بازرگانانی کوردستان ڕێڕەوی بازرگانییان گۆڕیوە، بەو هۆیەوە هاوردەی کاڵا لەو ماوەیەدا تەنیا 42.7%ی لە ڕێگەی دەروازەکانی هەرێمی کوردستانەوە بووە، نرخی کاڵا هاوردەکراوەکانیش بایی 20 ملیار و 926 میلۆن دۆلار بووە.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بە (ڕووداو)ی گوت: "یەکخستنی پێناس و تەعریفەی گومرگی داهاتی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی بە ڕێژەیەکی باش زیاد کرد، چونکە ئەگەر پێشتر بۆ هاوردەی کۆنتێنەرێک کاڵا 500 تا 1000 دۆلار ڕەسم وەرگیرابێت، ئێستا بووە بە 4 بۆ 5 هەزار دۆلار، بەڵام کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر جموجۆڵی بازرگانی لە خاڵە سنوورییەکانی کوردستان هەبووە".

### بەهۆی بارودۆخی ئێستای عێراق جووڵەی بازرگانی کەوتووەتەوە دەروازەکان

بەڕێوەبەری گومرگی هەرێمی کوردستان

نەوزاد ئەدهەم، دەروازەی ئیبراهیم خەلیل بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت پێشتر ڕۆژانە 1200 کۆنتێنەر لە ڕێگەی ئیبراهیم خەلیلەوە دەهێنرا، ماوەیەک بۆ کەمتر لە 400 کۆنتێنەر دابەزی، واتە دوو لەسەر سێی جموجۆڵی بازرگانی پاشەکشێی کرد. هەروەها دەڵێت: "ئەو هۆکارەی بارودۆخەکەی خراپتر کرد تێکچوونی بارودۆخی ئێران و ئاسانکاری و وەک خۆی جێبەجێنەکردنی ڕەسمەکە بوو، بەتایبەت لە ئوم قەسر، بەڵام خۆشبەختانە کردنەوەی بەندەری ئەسکەندەرۆنە بەڕووی بازرگانان، بەتایبەت لە سێ مانگی کۆتایی کەمێک بارودۆخەکەی ئاسایی کردەوە".

پێشتر بەهۆی کەمیی ڕەسمی گومرگی و ئاسانکاری و ئاسایشی ناوچەکە، نزیکەی 50 تاوەکو 60%ی ئەو کاڵایانەی ساڵانە بۆ عێراق هاوردە دەکران، لە ڕێگەی دەروازە سنوورییەکانی کوردستانەوە بوو، بەڵام ئێستا جۆرێک لەپاشەکشێ هەیە.

نەوزاد ئەدهەم دەڵێت: "تایبەتمەندی شوێنی جوگرافی خاڵە سنوورییەکانی کوردستان و کەمیی کرێی گواستنەوە بۆ هەندێ کاڵا، وای لە بازرگانان کرد نەتوانن دەستبەرداری خاڵە سنوورییەکانی کوردستان بن، بۆیە سەرەڕای ئاسانکارییەکانی ئوم قەسر بۆ بازرگانان، بەڵام هێشتا خاڵە سنوورییەکانی کوردستان پێگەی خۆیان لەدەست نەداوە".

بەپێی داتاکان، لە 9 مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا عێراق و هەرێمی کوردستان لە 105 وڵاتەوە کاڵایان هاوردە کردووە، بەڵام پشکی شێری ئەمە بەر 10 وڵات کەوتووە کە بریتین لە: ئیمارات- 9.3 ملیار دۆلار، چین- 6.9 ملیار دۆلار، ئێران- 6.7 ملیار دۆلار، تورکیا- 6.3 ملیار دۆلار، هیندوستان- 1.5 ملیار دۆلار، کۆریای باشوور- 1.4 ملیار دۆلار، ئەمەریکا- 978 ملیۆن دۆلار، ئەڵمانیا- 810 ملیۆن دۆلار، ژاپۆن- 565 ملیۆن دۆلار و کوێت- 520 ملیۆن دۆلار.

بۆ هاوردەکردنی کاڵا زۆربەی بازرگانان پشت بە کۆمپانیاکانی گواستنەوە دەبەستن، بەپێی ئامارێک کە لەڕێگەی کۆمپانیاکانەوە دەست (ڕووداو) کەوتووە، تەنیا لە شاری هەولێر نزیکەی 50 کۆمپانیای تایبەت بە گواستنەوەی کاڵا هەن، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان چالاکن.

سروود میرزا، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ئاموون بۆ هاوردەکردنی کاڵا دەڵێت: "ساڵی 2018 نزیکەی 1800 کۆنتێنەر کاڵامان لە چینەوە بۆ عێراق گواستەوە، نزیکەی 50%ی بارەکانمان لە باشماخەوە هێنایەوە، بەڵام ساڵی ڕابردوو بەهۆی بارودۆخی ئێران و زیابوونی ڕەسمی گومرگ، لە کۆی 1100 کۆنتێنەر تەنیا 20 بارمان بە باشماخدا هێنایەوە".

بە گوتەی سروود میرزا، ئێستا زۆربەی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی کاڵا ڕوویان لە ئوم قەسر کردووە، چونکە لەوێ وەک خاڵە سنوورییەکانی کوردستان پشکنین بۆ هەموو کاڵاکان ناکەن، بۆ هەر کۆنتێنەرێک تەنیا 3000 دۆلار وەردەگرن و نزیکەی 1100 دۆلاریش کرێی گواستنەوەیە لە بەسراوە بۆ هەولێر، بەڵام ئەگەر هەمان کۆنتێنەر بە باشماخدا بهێننەوە خەرجییەکەی نزیکەی 6 بۆ 7 هەزار دۆلارە.

سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیی سلێمانی دەڵێت: "بەهۆی ئاسانکارییەوە ئێستا زۆربەی بازرگانان بەندەری ئوم قەسر هەڵدەبژێرن. ئەمەش زیانی گەورەی بە ئابووریی هەرێمی کوردستان گەیاندووە و بووەتە هۆی بێکاربوونی سەتان بارهەڵگر و خەڵکی نزیک لە مەرزەکان".

بەبڕوای سیروان محەممەد، گەشەی بەرهەمی خۆماڵی و زیادکردنی باجی سەر هەندێ بەرهەمی هاوردە، هۆکارن بۆ کەمبوونەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان. ئەو نموونە بە سنووردارکردنی هەندی کاڵا دێنێتەوە و دەڵێت: "جاران شیرنەمەنییەکی زۆر و چیپس و پەتاتە و شیش و چیمەنتۆیەکی زۆر لە ئێرانەوە دەهات، بەڵام ئێستا بەرهەمی ناوخۆ ئەم پێداویستیانەی پڕکردووەتەوە، بۆیە ڕەسم خراوەتە سەریان و کەمتر دێن، بەهەمانشێوە پێشتر ڕۆژانە 100 بۆ 200 بارهەڵگر هێلکە لە تورکیاوە دەهات، ئێستا قەدەغەکراوە و بەو قەبارەیە نایەت".

سامال عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتیی گومرگ لە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "ساڵی ڕابردوو کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە تەعریفە و ڕەسمی گومرگی کراوە کە کاریگەری زۆریان لەسەر جووڵەی بازرگانی هەبووە، لەوانەیە بەو هۆیەوە بەشێک لە بازرگان و کۆمپانیاکانی گواستنەوە بۆ هێنانەوەی کاڵا ڕوویان لە خاڵە سنوورییەکانی عێراق کردبێت".

سامال عەبدولڕەحمان دەڵێت لە سەرەتای ئەمساڵەوە جووڵەی بازرگانی لە کوردستان بەگشتی و لە هەندێ خاڵی سنووری بەتایبەت کەمی کردبوو، بەڵام ئێستا وردە وردە بەرەو ئاساییبوونەوە دەچێت، بەتایبەت بەهۆی خۆپیشاندانەکانی عێراقەوە، چەند مانگێکە گەشەیەکی باش هەیە و خەریکە دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی جاران.

### تێچووی هێنانەوەی کۆنتێنەرێک لە دەروازەکانی عێراق 3000 دۆلارە، بەڵام لە کوردستان 7000 دۆلارە

بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی گواستنەوە:



لە نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا بایی 22 ملیار دۆلار کاڵا لە دەروازەکانی هەرێمی کوردستانەوە هێنراوە

# کێشەی لیبیا و گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان

عومەر ئەحمەد*

جارێکی دیکە هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لە وڵاتێکی دیکەی دوور لە خاکی خۆیان، خەریکە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. ئەمجارە لیبیا بووەتە گۆڕەپانی پێکدادانی بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچەی باکووری ئەفریقا و وڵاتانی کەناری دەریای ناوەڕاست کە دوای لەناوچوونی ڕژێمی معەمەر قەزافی و سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی لە 2011 وە تووشی شەڕی ناوخۆ هاتووە.

لە ڕۆژاوای لیبیا، لە تەرابلوس حکومەتی لیبیا هەیە کە فایز سەڕاج، سەرۆکایەتی دەکات و لەلایەن تورکیا و قەتەرەوە پشتگیری دەکرێت و لە ڕۆژهەڵاتی لیبیاش ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری حکومەت بە سەرۆکایەتی ژەنەراڵ حەفتەر هەیە کە لە بنغازی حوکم دەکات و لەلایەن ڕووسیا و ئیمارات و میسر و فەرەنسا و سعودیەوە پشتگیری دەکرێ.

هۆکاری ئەوەی کە ئەو هەموو وڵاتە ڕۆڵیان هەیە لە ڕووداوەکانی لیبیا، بە پلەی یەکەم ئەوەیە کە لیبیا گەورەترین وڵاتی نەوتیی ئەفریقایە و قەبارەیەکی بەرچاو یەدەکی نەوت و گازی هەیە. نزیکەی 48 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەکی هەیە و ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێ و 1.5 تریلیۆن مەتر سێجا یەدەکی گازی هەیە. لیبیا لە باکوورەوە بە درێژیی 2 هەزار کیلۆمەتر سنووری ئاوی هەیە لەسەر دەریای ناوەڕاست، مەزەندە دەکرێت کەنارە ئاوییەکانی، قەبارەیەکی بەرچاو گازی سروشتی لەخۆگرتبێت. لە پلەی دووەمیشدا لیبیا ڕێڕەوێک بووە بۆ ناردنی کۆچبەر بۆ وڵاتانی ئەورووپا، هەروەها مەڵبەندێک بووە بۆ چەکدارە ئیسلامییەکانی نزیک لە داعش، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی نێودەوڵەتییە.

لە مانگی 11ی ساڵی 2019 ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا و فایز سەڕاج، سەرۆکی حکومەتی لیبیا کۆبوونەوە و ڕێککەوتنێکی سەربازی و ئابووریيان واژۆ کرد. بەپێی ڕێککەوتنەکە تورکیا لە دژی ژەنەراڵ حەفتەر پاڵپشتیی سەربازی دەداتە حکومەتی لیبیا، لەنێویشیاندا پڕچەککردن و ناردنی چەکدار بۆ پشتیوانی لە حکومەتەکەی سەڕاج. لە بەرامبەردا تورکیا مافی ئەوەی پێدراوە لە کەنارە ئاوییەکانی لیبیا لە دەریای ناوەڕاست لە سنووری حکومەتەکەی سەڕاجدا بە دوای نەوت و گازدا بگەڕێت. ئەم ڕێککەوتنە نائاساییە زەنگی مەترسیی بۆ وڵاتانی ناوچەکە لێداوە. ڕێککەوتنەکە بەگوێرەی بەرپرسانی تورکیا سنووری ئاویی لیبیا و تورکیا بەیەکەوە دەبەستێ و پەیوەندیی ئاویی زۆر لە وڵاتانی ناوچەکە، لە ئیسرائیل و میسرەوە بگرە تاوەکو سووریا و قوبرس، بە یۆنان و ئەورووپاوە دەپچڕێنێ.

تورکیا گەڕان بە دوای نەوت و گاز لە سنووره ئاوییەکانی هەردوو قوبرسی تورکیا و قوبرسی یۆنان بە مافی خۆی دەزانێ و تا ئێستا دوو کەشتی بۆ ئەم بەمەبەستە خستووەتە کار. یەکێتیی ئەورووپاش بە توندی ئیدانەی ئەم کارەی تورکیای کردووە و ڕایگەیاندووە کە تورکیا سزا دەدات.

لەلایەکی دیکەوە سەرەتای ئەم مانگە ئیسرائیل و قوبرس و یۆنان ڕێککەوتنێکی مێژوویيان لە ئەسینا واژۆ کرد بۆ ڕاکێشانی بۆرییەک بە بەهای 6 ملیار دۆلار بۆ هەناردەکردنی گازی سرووشتیی ئیسرائیل و قوبرس بۆ یۆنان و پاشان ئیتاڵیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا. واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتنە تورکیای زۆر تووڕە کردووە. تورکیا نایەوێت جێگرەوەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە و وڵاتانی دیکە ببنە ڕێڕەوێک و سەرچاوەیەکی گرنگی دیکە بۆ دابینکردنی گازی ئەورووپا.



ناوچەی ئابووریی تایبەتی تورکیا، ناوچەی هاوبەشی ئابووریی نێوان تورکیا و لیبیا، ناوچەی ئابووریی تایبەتی لیبیا

ڕێڕەوی ئەم بۆڕییە، ڕاستەوخۆ ئەو سنوورە ئاوییە یەکگرتووە دەپچڕێنێ کە تورکیا و حکومەتی فایز سەڕاج لەسەری ڕێککەوتوون. سنوورە ئاوییە هاوبەشەکەی تورکیا و لیبیا

**بەپێی خەمڵاندنی کۆمپانیا ڕاوێژکارییەکان**

**هەرێمی کوردستان لە ئیسرائیل، قوبرس و میسر گازی سروشتی زیاتری هەیە**

کە لە ڕێککەوتنی نێوانیان بە "ناوچەی تایبەتی ئابووریی هاوبەش" ناوی هاتووە، هەموو پڕۆژەکانی وڵاتانی ئیسرائیل و قوبرس و یۆنان و میسر لە بواری گازی سرووشتی و وزە پەکدەخات. ئەو وڵاتانە ئەمەیان پێ قبووڵ ناکرێت، بەتایبەتی پڕۆژەکان لە قۆناغی سەرەتاییدان و ئەگەر بەربەستێکی گەورەی وەها جیۆپۆلیتیکی بێتە بەردەمیان، کەڵکی ئابوورییان نامێنێ، لە کاتێکدا جێبەجێکردن و تەواوکردنی ئەو پڕۆژانە بۆ زۆر لەو وڵاتانە وەک خەون وایە و بە ئاسانی دەستبەرداری نابن. بۆ نموونە وڵاتێکی وەک ئیسرائیل کە بۆ یەکەمجارە لە مێژووی خۆیدا لە وڵاتێکی بەکارهێنەری وزەوە دەبێتە وڵاتێکی هەناردەکار. بنیامین نەتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاندووە کە ئەمە خەونێکی لەمێژینەی ئیسرائیلە.

ئەو خەونەی تورکیا بە لیبیاوەی دەبینێ، ڕاستەوخۆ دژی بەرژەوەندیی وڵاتانی ئەورووپا و ئاسایشی ئەو وڵاتانەیە، لەخۆڕا نییە جۆزێف بۆرێل، بەرپرسی نوێی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا ڕەخنە لە هەڵوێستی وڵاتە ئەورووپییەکان بەرامبەر بە ڕووداوەکانی لیبیا دەگرێت و بە تووڕەییەوە دەڵێت: "ئەورووپییەکان بۆ ئەوەی بەشدار نەبن لە هیچ شەڕێکدا، بەردەوام دووپاتی دەکەنەوە کە هیچ چارەسەرێکی سەربازییان بۆ کێشەکان نییە". هەروەها دەڵێت: "کەس خۆشحاڵ نابێت ئەگەر لە بەرامبەر کەنارە ئاوییەکانی ئیتاڵیا زنجیرەیەک کەشتی جەنگیی تورکیا و ڕووسیا ببینێ".

بۆرێل ڕاست دەکات. ئەگەر بەو چەشنەی کە دەردەکەوێت ڕووسیا بتوانێت تورکیا قایل بە بەرقەرارکردنی ئاشتی لە نێوان حەفتەر و سەڕاج بکات و لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز لەگەڵ تورکیا و لیبیا ڕێکبکەوێت، ئەوە بەو مانایە دێت کە ڕووسیا دەستی دەگاتە بۆڕییەکی دیکە لەوانەی گازی ئەورووپا دابین دەکەن.

چڕبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتانی کەناری دەریای ناوەڕاست، جارێکی دیکە هێمای ئەوەیە کە تا چەند دەستخستنی سەرچاوەی وزەی نوێ، بەتایبەتی لە چەشنی گازی سروشتی بۆ یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی ناوچەکە گرنگە.

لەم نێوەندەدا سەرچاوەکانی گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان دووبارە دەکرێ ببنە جێگەی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان. هەرێمی کوردستان بەپێی خەمڵاندنی کۆمپانیا ڕاوێژکارییەکان لە وڵاتانی ئیسرائیل، قوبرس و میسر گازی سروشتیی زیاتری هەیە. دەکرێت ئەمە جارێکی دیکە تورکیا هانبداتەوە بۆئەوەی بژارەی هاوردەکردنی گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستانەوە جددیتر وەربگرێ. ئەگەر تورکیا بە ئاشکرا خواستی خۆی بۆ کڕینی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان دەربڕێ، ئەگەری هاتنی کۆمپانیای نێودەوڵەتی و شارەزای ئەو بوارە بۆ نێو بازاڕی گازی هەرێمی کوردستان زیاترە.

ئێستا بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان لەو ئاستەدا نییە کە پێداویستییەکانی ناوخۆ پڕبکاتەوە، بەڵام ئەگەری هەیە تاوەکو 2023 دوای بەرزبوونەوەی قەبارەی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی لەلایەن کۆمپانیای داناگاز لە کێڵگەکانی کۆرمۆر و چەمچەماڵ، ئەمە ڕوودەدات. ئەوەی کە دەمێنێتەوە، پەرەپێدانی کێڵگە گازییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، وەک میران، بنەباوێ و چەندین کێڵگەی دیکەی گازی سرووشتییە کە ئەگەر کۆمپانیای گەورە وەبەرهێنانی تێدا بکات، دەکرێت لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا ئامادە بکرێن بۆ ناردنی گازی سرووشتی بۆ تورکیا و ئەورووپا.

* **بەڕێوەبەری دیسکی ئابووریی تۆڕی میدیایی ڕووداو**

## هەناردەی گازوایلی بە ڕێژەی 400% بەرز کردووەتەوە

# ئێران بۆ سووککردنی سزاکان هەناردەی گازوایل زیاد دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

حکومەتی تاران بۆ سووککردنی زیانی سزاکانی ئەمریکا، گازوایلی زیادەی وڵاتەکەی هەناردەی وڵاتانی دراوسێی دەکات. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)، هەناردەی گازوایلی ئێران لە چەند مانگی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، لە کاتێکدا هەناردەی نەوتی خاوی ئەو وڵاتە بەهۆی سزاکانی ئەمریکا دابەزینی گەورەی بەخۆوە بینیوە.

بەرهەمە نەوتییەکانی ئێران، هاوشێوەی نەوتی خاوی ئەو وڵاتە سزاکانی ئەمریکا دەیانگرێتەوە، بەو حاڵەشەوە حکومەتی تاران ڕێژەی هەناردەی ئەو بەرهەمانەی زیاد کردووە، عێراق و سووریا لە نێو ئەو وڵاتانەدان کە ئێران بە نرخێکی زۆر هەرزانتر لە نرخەکانی بازاڕ گازوایلیان پێدەفرۆشێ.

بەگوێرەی ئەو دۆکیۆمێنتانەی دەست ئاژانسی (ڕۆیتەرز) کەوتوون، بڕی هەناردەی گازوایلی ئێران لە چارەکی کۆتایی 2019 گەیشتبووە 95 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەو پێیەش هەناردەی گازوایلی ئێران بە ڕێژەی 80% لەچاو چارەکی سێیەم و بە ڕێژەی 400% لە چاو چارەکی یەکەمی 2019 بەرزبووەتەوە.

گازوایل بەرهەمێکی پاڵێوراوی نەوتە کە بۆ گەرمکردن، بەرهەمهێنانی کارەبا و سووتەمەنیی ئۆتۆمبێل، بە تایبەتی بارهەڵگرەکان بەکاردەهێنرێ. لە مانگی شوباتی ساڵی ڕابردوو، وەزارەتی نەوتی ئێران ڕایگەیاند کە وڵاتەکەیان لەڕووی بەرهەمهێنانی گازوایل گەیشتووەتە ئاستێک چیدی پشت بە گازوایلی هاوردە نابەستێ، ئەوەش دوای ئەوەی فازی سێیەمی پاڵاوگەی ئەستێرەی کەنداوی فارس لە شاری بەندەر عەباس دەستبەکار بوو.

ئێران ساڵانێک بوو نەیدەتوانی هەموو پێداویستییەکانی گازوایلی وڵاتەکەی دابین بکات، بەشێک لەوە بۆ کەمتوانایی پاڵاوگەکانی دەگەڕایەوە. هۆکارێکی دیکەش ئەوە بوو کە سزا نێودەوڵەتییەکان ڕێگر بوون لەوەی حکومەتی تاران توانای چاککردنەوەی ئەو پاڵاوگانەی هەبێ کە کێشەی تەکنیکییان هەبوو.

ئەو داتایانەی دەست ئاژانسە بەریتانییەکە کەوتوون، لەسەر بنەمای مەزەندەکانی کۆمپانیای (FGE)ی بەریتانین کە تێیدا مەزەندەی ئەو گازوایلە دەکات بە کەشتی یان بە بارهەڵگر بۆ وڵاتانی دراوسێی ئێران نێردراون، لەوانەش عێراق، پاکستان، ئەفغانستان و سووریا.


ئێران بە نرخێکی زۆر هەرزان گازوایل بە عێراق و سووریا دەفرۆشێ

نەوتی خاو هەمیشە لە کۆتاییدا خۆی لە پاڵاوگەکان دەبینێتەوە، بەڵام بەرهەمی وەک گازوایل ڕەوانەی دەستی کارگەکان و کڕیارە ئاساییەکان دەکرێ. هەر بۆیە بە پێچەوانەی نەوتی خاوەوە، دیاریکردنی دوایین کڕیارەکەی کارێکی ئاسان نییە.

ئیدارەی ئەمریکی لە مانگی ئایاری 2018 کشانەوەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی نێوان ئێران و کۆمەڵەی 5+1 ڕاگەیاند، لەو کاتەشەوە بە چەندین قۆناغ کۆمەڵێک سزای قورسی بەسەر جومگە سەرەکییەکانی ئابووریی ئێراندا سەپاندووە. لەوانەش کەرتی نەوت و غازی ئێران کە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی ئێرانن. لە نزیک یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا، ئاستی هەناردەی نەوتی خاوی ئێران 80% دابەزیوە.

یەکێک لە دۆکیۆمێنتەکان ئاماژە بە کۆمپانیایەک دەکات لە بەغدا کە لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی پارساڵ پێشنیازی ناردنی 150 هەزار تۆن گازوایلی ئێرانی بۆ بەندەری بانیاس لە پارێزگای لازقییە لە سووریا کردبوو. لە دۆکیومێنتەکەدا بانکی سادیراتی ئێرانی وەک فرۆشیار و بانکی بازرگانیی سووریا وەک کڕیار دانراوە.

**ئێران ڕۆژانە 115 ملیۆن لیتر گازوایل بەرهەمدەهێنێ**

وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا لە ساڵی 2018 سزای بەسەر بانکی سادیراتدا سەپاند، دوای ئەوەی ئەو بانکەی بەوە تۆمەتبار کرد کە هاریکاریی دارایی پێشکەش بە چالاکییەکانی ئێران لە ناوچەکە دەکات. بانکی بازرگانیی سووریاش لە لیستی سزاکانی ئەمریکادایە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ زۆر بانکی ئێرانیدا هەیە، لەوانەش بانکی سادیرات.

ئێران داشکاندنێکی زۆری لە نرخەکانی گازوایل بۆ وڵاتانی دراوسێ کردووە، کەسێکی ئاگادار لەو بازرگانیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ئەوان (واتە ئێرانییەکان) تەنیا دەیانەوێ گازوایل بفرۆشن، نرخەکان کێشە نین".

لە مانگی تشرینی دووەمی 2019 عەلیڕەزا سادقابادی، سەرۆکی کۆمپانیای نیشتمانیی دابەشکردنی بەرهەمی نەوتی ئێران ڕایگەیاند، ئێران ڕۆژانە 115 ملیۆن لیتر گازوایل بەرهەمدەهێنێ، بەو پێیەش لە نێو ئەندامانی ئۆپێکدا بەرهەمهێنەری سەرەکیی گازوایلە.

ئێران بەدەست قاچاخی گازوایل بۆ وڵاتانی دراوسێ دەناڵێنێ. کۆتایی ساڵی ڕابردوو، ئاژانسی فارسی ئێرانی بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران ئاشکرای کرد کە لە ساڵی 2018، ڕۆژانە 22 ملیۆن لیتر گازوایل بە قاچاخ ڕەوانەی وڵاتانی دراوسێ کراوە. ڕاپۆرتەکە چەند ڕۆژێک دوای ئەوە بوو کە ئێران بڕیاری دا نرخەکانی گازوایل بەرز بکاتەوە و بڕی ئەو گازوایلەی بە کۆبۆن بە خەڵکی دەدەن کەم بکەنەوە.

حکومەتی ئێران پێیوایە بڕی ئەو گازوایلەی بە قاچاخ ڕەوانەی دەرەوە دەکرێ لە ساڵی 2019 گەیشتبووە 40 ملیۆن لیتر لە ڕۆژێکدا. بەرپرسانی حکومی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو سیاسەتە نوێیەی حکومەت گلدانەوەی گازوایلە بۆ حکومەت و ڕێگری لە بە قاچاخ فرۆشتنی بە وڵاتانی دیکە. ئەو هەنگاوەی حکومەت خۆپیشاندانی سەرتاسەری لێکەوتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ڕۆیتەرز، ئێران لە چەند مانگی ڕابردوودا بەشێک لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای لە غازی سروشتییەوە بۆ گازوایل گۆڕیوە، ئەوەش بۆ بەکارهێنانی ئەو گازوایلەی بەهۆی بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنان و گلدانەوەی گازوایل لەسەر دەستی حکومەت ماوەتەوە.

داتاکانی (FGE) دەریدەخەن ڕێژەی بەکارهێنانی غازی سروشتی لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای ئێران لە چاو 2018 نیوەیی بووە. لە کاتێکدا ڕێژەی بەکارهێنانی گازوایل و نەوتی سپی لە کانوونی دووەمی پارساڵ گەیشتبووە 600 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کە دەکاتە دوو هێندەی ئەو بڕەی لە 2018 بۆ هەمان مەبەست بەکارهێنرابوو.

کۆمپانیا بەریتانییەکە دەڵێت: "پێشبینی دەکەین لە 2020 ئێران بڕێکی زیاتر لەو غازە سروشتییە کەمبکاتەوە کە لە وێستگەکانی کارەبا بەکاری دەهێنێ، چونکە ئێران بەهۆی نەبوونی ئەمبارەوە ناچار دەبێ بەرهەمهێنانی غازی سروشتی کەمبکاتەوە".



## پەیام عەزیزی "دەردی هیجران" دەڵێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

پەیام عەزیزی، هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆرانییەکی هونەرمەندی ناوداری کورد سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی بەناوی "دەردی هیجران" نوێ دەکاتەوە. پەیام عەزیزی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم گۆرانییەی هونەرمەند سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی زیاتر لە 110 ساڵ پێش ئێستا گوتراوە، بۆیە دووبارە بەشانازییەوە ئەم گۆرانییەم گوتووتەوە کە لە ئاوازی هونەرمەند سەید عەلی ئەسغەر کوردستانییە و لە تێکستی هۆزانڤانی کورد تاهیر بەگی جافە". عەزیزی دەشڵێت: "ئەم ڤیدیۆکلیپە لەسەر قەڵای دێرینی هەولێر وێنەگیراوە، کاری دەرهێنانی ڤیدیۆکلیپەکەش لەلایەن نڤار هەنارەیی جێبەجێکراوە، ئێستا لەسەر یوتیوب بڵاوکراوەتەوە".

## || هونەرمەندی گۆرانیبێژ جەمشید بۆ (ڕووداو):

# حەز دەکەم کۆنسێرتەکەی هۆڵی دۆلبی لە کوردستان دووبارە بکەمەوە

**20 ساڵە لە سنە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جەستە دوورم**

**زۆر نارەحەت و دڵتەنگم بە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

لەگەڕەکی چوارباخی شاری سنە لەدایکبووە، بەڵام ئامادە نییە ساڵی لەدایکبوونی ئاشکرا بکات. جەمشید یەکێکە لەو هونەرمەندە ڕۆژهەڵاتییانەی لەنێو فارسەکانیش خۆشەویستە و هەواداری زۆری هەیە، یەکەمین هونەرمەندی کوردە لە هۆڵی دۆلبی لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆنسێرتی ساز کردووە کە ساڵانە ڕێورەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکاری تێدا بەڕێوەدەچێ. ئەو هونەرمەندە کە هەفتەی ڕابردوو بۆ چەند کارێکی هونەری لە شاری هەولێر بوو، (ڕووداو) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ کرد.

ڕووداو- هەولێر



**ویستم پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان نیشان بدەم، بەڵام مەلاکان هێرشیان کردە سەرم**

**ڕووداو: ڕەنگە زۆر کەس نەزانن کە چۆن دەستت بەکاری هونەری کرد؟**

**جەمشید:** من لە سنە بۆ خوێندن چوومە تاران، لەوێ بەشی ئەندازیاریی تەلارسازیم خوێند. لە تاران گرووپی میوزیکی سنەییەکان یەکمانگرت و کاری زۆر باشمان کرد. وەکو گرووپی عەندەلیبییەکان و کامکاران و چەند ژەنیارێکی ناوداری دیکە. سەرەتا لە ستایلی سونەتی کارم دەکرد تاوەکو ساڵی 2000، ئیدی لەو ساڵەوە ئێرانم جێهێشت و نەگەڕامەوە. 20 ساڵە لە سنە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جەستە دوورم، بەڵام دڵ و دەروون و ڕۆحم لەوێن. لە کەنەدا و ئەمریکا ژیانم بەسەر دەبرد، بەڵام چەند ساڵێکە لە پاریس دەژیم.

**ڕووداو: یەکەمین ئەلبوومت لە ئێران بوو یان لە ئەمریکا؟**

**جەمشید:** یەکەمین ئەلبوومی گۆرانیم لە ئەمریکا بەناوی نەخشی زیبا لە ساڵی 2001 بڵاوکردەوە، ئەو کات دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی هەبوو، چونکە بە تەکنیک و ئەدایەکی زۆر نوێ کارمان لەسەر کردبوو، لەنێو تاراوگەنشینان پێشوازییەکی زۆر باشی لێکرا، پاشان ئەلبوومی خۆش ئامەدی و ئەلبوومی ئەڤەلین نیگا و ئەلبوومی سانیهام بڵاوکردەوە، دواتر زیاتر لە 60 گۆرانیم بەشێوازی سینگل بڵاوکردەوە. لە هەر ئەلبوومێکیشدا گۆرانییەک یان دوو گۆرانیم بە کوردی بڵاودەکردەوە، تاوەکو ئێستا خاوەنی هەشت ئەلبوومی گۆرانیم

**هەشت ئەلبووم و 60 گۆرانیی سینگڵم هەیە**

جگە لە گۆرانییە سینگڵەکان.

**ڕووداو: بۆچی لە نێو ئەلبوومەکانت تەنیا یەک گۆرانیت بە کوردی بڵاودەکردەوە؟**

**جەمشید:** من هەمیشە شانازی بە کوردبوونی خۆمەوە دەکەم، بڵاوکردنەوەی گۆرانیی کوردی لەنێو ئەلبوومەکانمدا بۆ ئەوە بوو کە بە خەڵک بڵێم من کوردم، بەڵام بە زمانێکی دیکە گۆرانی دەڵێم. زۆربەی بینەران و بیسەرانی من فارس بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانیی کوردیم لە کۆنسێرت و ئاهەنگەکاندا دەگوت و باسم لەوەش دەکرد کە من هونەرمەندێکی کوردم و مێژوو و زمان و فەرهەنگی خۆمم هەیە، من پێموایە گۆرانیبێژ بە زمانەکانی دیکەش گۆرانی بڵێت باشە، بۆیە بە ئەرمەنی و تورکیش گۆرانیم گوتووە، بۆ ئەوەی پەیامی هونەرمەندان بە هەموو زمانێک بڵاوبکرێتەوە.

**ڕووداو: لە ساڵی 2007 کۆنسێرتێکت لە هەولێر کرد، کاردانەوەیەکی زۆری لە نێو خەڵک بەدواداهات و هەندێک خەڵکیشی توورە کرد..**

**جەمشید:** بەڵێ، من لەگەڵ خۆم چەندین سەماکاری نێودەوڵەتیم هێنابوو کە لەگەڵ گۆرانییەکانم سەمایان دەکرد، بەشێکیش شایی و هەڵپەڕکێی کوردییان دەکرد، مەبەستم بوو بڵێم ئێمە لە کوردستان زۆر کراوەین و جیاوازین لە ناوچەکانی دیکە، چونکە خەڵکێکی زۆر بەناوبانگی فارس و وڵاتانی دیکەمان لەگەڵ بوو، منیش حەزم دەکرد ئەو پێشکەوتنەی کوردستان لەڕێگەی کۆنسێرتەکانمانەوە نیشانی جیهان بدەین، بەڵام بەداخەوە هەندێ لە پیاوانی ئاینی بە جۆرێکی دیکە ئەم کارەی ئێمەیان پێناسە کرد. هەڵبەتە ئەو کەسانە لە پەنجەی دەست تێپەڕ نەدەبوون، بەڵام خۆشبەختانە لە میدیاکانی ئێران بە پێشکەوتن و سەرکەوتنی کوردستان وەسفکرا.

**ڕووداو: چۆن دەڕوانییە ڕەوشی ئێستای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

**جەمشید:** بەداخەوە ڕەوشی ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خراپی دەڕوات، بەجۆرێک خەڵک زۆر ماندوو و شەکەت بووە. باری ئابوورییان زۆر لاواز بووە، باوەڕ ناکەم هیچ وڵاتێک بەقەد ئێران ڕەوشی ئابووریی خراپ بێت، بۆچی وابێت؟ دەکرێت ژیانێکی باشتر و خۆشگوزەران بژین، جیاوازی لە نێوان چینی هەژار و دەوڵەمەند ئەرز و ئاسمانە، زۆر نارەحەت و دڵتەنگم بەو بارودۆخەی رووی لە ڕۆژهەڵاتی کورستان کردووە. خەڵک هەمووی سەرگەردان بووە، من بیست ساڵە لە ئێران ڕۆیشتووم، ڕۆژهەڵاتی کوردستانم جێهشتووە و لەم وڵات بۆ ئەم وڵات دەڕۆم، تاکەی ڕەوشی ئێران وابێت؟ دەکرێت هەموو خەڵکی ئەو پرسیارە لە دەسەڵاتداران بکەن، تاوەکو کەی ئەم ماڵوێرانی و دەربەدەرییە بەردەوام دەبێت.

**ڕووداو: وەکو یەکەمین هونەرمەندی کورد لە هۆڵی دۆلبی لە لۆس ئەنجلس کۆنسێرت کردووە، ئەمە چۆن ساز بوو؟**

**جەمشید:** هۆڵی دۆلبی، یەکێکە لە گرانترین هۆڵەکانی لۆس ئەنجلس کە هەموو ساڵێک ڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکاری تێدا بەڕێوەدەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا سوپەر ستارەکان دەتوانن لەم هۆڵە کۆنسێرت بکەن، بەخۆشحاڵییەوە منیش چانسی ئەوەم هەبوو وەکو یەکەمین هونەرمەندی کورد گۆرانی و میوزیکی کوردی لەم هۆڵە بەناوبانگە بچڕم کە زیاتر لە 70 سەماکار لەگەڵ گۆرانییەکانی من سەمایان دەکرد، لەگەڵ 30 ژەنیاری ناودار کە میوزیکیان بۆ من دەژەنی، هاوکات زیاتر لە 3500 کەس لەم هۆڵەدا ئامادەبوون، یەکێک بوو لە سەرکەوتووترین کۆنسێرتەکانی من، هیوادارم بتوانم بەمشێوەیە لە کوردستانیش کۆنسێرتێکی مەزن لە نەورۆز ساز بکەم.

**ڕووداو: کۆمەڵێک گۆرانیبێژی گەنج لە کوردستان دەرکەوتوون کە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بەشێوازی ڕۆژئاوایی دەڵێنەوە، تا چەند لەگەڵ ئەو شێوازەیت؟**

**جەمشید:** بێگومان گەنجی زۆر دەنگخۆش و بەهرەمەندمان هەیە و من گوێ لە زۆربەیان دەگرم، گوتنی گۆرانییە کۆنەکان بەشێوازی نوێ زۆر باشە، بەڵام ڕەسانەیەتی خۆی لەدەست نەدات، هەوڵبدات بەشێوازی خۆی گۆرانییەکە بڵێتەوە بۆ ئەوەی تام و چێژی جارانی لەدەست نەدات، لەگەڵ ئەوەشدا نوێکاری و نوێگەری پێوەدیار بێت، بەبۆچوونی من ئەمە سوودی بۆ میوزیک و گۆرانی کوردی دەبێت، گەنجی ئێستا دەیەوێت گوێی لە کاری نوێ بێت، ئەمەش هاندەر دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر گوێ لە کاری کوردی بگرێت.

## ڕەوشەن چەلیکەر، خانمە هونەرمەندی باکووری کوردستان بۆ (ڕووداو):

# زنجیرە کۆنسێرتێک بۆ ناساندنی ئەلبوومەکەم دەکەم



هونەرمەند ڕەوشەن چەلیکەر لە ناوچەی تاتوان لە بەدلیسی باکووری کوردستان لەدایکبووە، بەشی دەروونی لە زانکۆی ئەنقەرە تەواو کردووە، دواتر ماستەری لە نواندن بەدەستهێناوە، کەمانژەنێکی لێهاتووە و بەشێکی زۆر لە میوزیکی گۆرانییەکانی خۆی دەیژەنێت، خاوەنی دوو ئەلبوومی گۆرانییە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کارە هونەرییەکانی دەکات و دەڵێت بەنیازە زنجیرە کۆنسێرتێک لە شارەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان بۆ ناساندنی ئەلبوومەکەی بکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو - هەولێر**

**ڕووداو: ئەلبوومە نوێیەکەت لە سەرەتای ئەمساڵ بڵاوکردەوە، ناوی چییە و چی تێدایە؟**

**ڕەوشەن:** بەڵێ سەرەتای ئەمساڵ ئەلبوومە نوێیەکەم وەکو دیارییەکی بە نرخ کە دووەم ئەلبوومم بوو بەناوی تۆڤ، پێشکەشی هەوادارانی میوزیک و گۆرانی کوردی کرد. ئەمجارە منیش وەکو هونەرمەندە پرۆفیشناڵەکانی جیهان سەرەتا لە ڕێگەی بازاڕی ئۆنلاینەوە لە چەناڵی تایبەتی خۆم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی یوتیوب بڵاومکردەوە، چونکە پێموایە ئێستا لەڕێی سۆشیال میدیا زیاتر بەرهەمەکانی هونەرمەندان بە هەواداران دەگات، ئێمەش ماندووبوونێکی زۆرمان لە دروستکردنی ئەم ئەلبوومە بینیوە، بۆیە حەزدەکەین بە ئاسانترین شێوە بەرهەمەکانمان بگاتە گوێگران، لەبەر ئەوەی ئێستا ئینتەرنێت ڕێگە دوورەکانی نزیک کردووەتەوە، دەتوانی لە هەر کوێی دونیا بیت لە ڕێگەی بازاڕە ئۆنلاینەکانەوە بەرهەمەکانت بەدەست بگات.

**ئەلبوومە نوێیەکەم لە سۆشیال میدیاوە بڵاوکردەوە**

**ڕووداو: ئەلبوومەکەت لە چەند تراک پێکهاتووە؟ هەموو گۆرانییەکان بە زمانی کوردین؟**

**ڕەوشەن:** ئەلبوومی ئەمجارەم لە 10 تراک پێکهاتووە، بەڵام هەموو گۆرانییەکان بە دابەشکردنێکی جیاواز و سەرنجڕاکێش و تێکەڵکێش لە نێوان میوزیکی مۆدێرن و میوزیکی فۆلکلۆری کوردی کراون. تام و چێژێکی نوێی هەیە، دەکرێت هەر گۆرانییەک داستان و چیرۆکێک بگێڕێتەوە، هیوادارم بەدڵی هەوادارانم بێت.

**ڕووداو: بۆچی ئەم ئەلبوومەت ناونا تۆڤ، مەبەستت چییە؟**

**ڕەوشەن:** تۆڤ، ئیلهام و پەیامی تایبەتی خۆی هەیە، تۆڤ لە کۆندا زۆر بەکاردەهات، مانای تۆڤ بە سۆرانی بە دان، داندوک، گەنم، تۆو دێت، بە مانایەکی دیکە واتە ژیان و نوێبوونەوە.

**ڕووداو: چۆن تێکست و هەڵبەستەکانت بۆ گۆرانی هەڵدەبژێری؟**

**ڕەوشەن:** لەم ئەلبوومە نوێیەدا لەگەڵ کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیران و هەڵبەستڤانانی ناودار کارم کردووە و شیعرەکانم کردوون بە گۆرانی، وەکو کامەران عەلی بەدرخان، ئارام تیگران، فێکری یوسف، دکتۆر ئەحمەد کایا و مراد دۆغان. بەردەوام شیعری شاعیرانی مەزنی کورد بۆ گۆرانییەکانم هەڵدەبژێرم، چونکە شیعر کاریگەری زۆری هەیە بۆ ئەوەی گۆرانییەکەت بە نەمری بمێنێتەوە، بۆیە شیعری گۆرانییەکانم زۆر بە وردی و شارەزایی هەڵدەبژێرم.

**ئەلبوومە نوێیەکەم تێکەڵەیەکە لە گۆرانیی مۆدێرن و فۆلکلۆر**

**ڕووداو: لە ڕووی میلۆدی و کاری دابەشکردنی میوزیکی گۆرانی کێ هاوکاریت دەکات؟**

**ڕەوشەن:** لە ئەلبوومی تۆڤدا، هونەرمەند و میوزیکژەن هاکان گوربوز کاری دابەشکردن و سەرپەرشتیکردنی گرتووەتە ئەستۆ، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی میوزیکەوە من زۆر هاوکار و یارمەتیدەری بوومە. هاکان زیاتر کار لەسەر ئەوە دەکات کە میوزیک پێویستی بە زانینی زمان نییە و لە هەر شوێنێک میوزیک پێشکەش بکرێت بەبێ تێگەیشتن لە زمانەکەی دەخزێتە نێو دڵ و دەروونەوە.

**ڕووداو: دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئەلبوومە بەنیازی سازکردنی کۆنسێرت نیت؟**

**ڕەوشەن:** بێگومان بەنیازی زنجیرە کۆنسێرتێکم کە وەکو بانگەشەیەک بۆ ئەلبوومەکەم دەبێت، یەکەمین کۆنسێرتیشم لە ڕۆژی 29ی ئەم مانگە لە ئیستانبوڵ دەبێت، دواتر لە ئەنقەرە و ئیزمیر و چەند شارێکی دیکە. هیوادارم بتوانم لە شارەکانی دهۆک، سلێمانی و هەولێریش کۆنسێرت سازبکەم و ئەلبوومەکەم بناسێنم.

**شیعری گۆرانییەکانم زۆر بە وردی و شارەزایی هەڵدەبژێرم**





## فیلمی تایبەت بە ڕۆژاڤا لە سوید نمایش دەکرێن

**ڕووداو- هەولێر**

لە ڕۆژی یەکشەممەوە 19ی کانوونی دووەمەوە، کۆمەڵێک فیلم لەسەر ئەزموونی ڕۆژاڤای کوردستان لە شارە جیاجیاکانی سوید نمایش دەکرێن. ئەم چالاکییە بەشێکە لە کارەکانی یەکێتیی منداڵانی نێودەوڵەتی. دوریێچ کۆبانی کە لە کاتی هێرشەکانی داعش بۆسەر کۆبانی، لەو شارە مابووەوە، یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوەکەیە. دوریێچ بە ڕادیۆی کوردیی سوید دەڵێ "بیرۆکەکەم هەر لە کاتی شەڕی کۆبانییەوە لەگەڵ بووە، بەڵام ئێستا کە لە ئەوروپاین دەتوانین یارمەتی منداڵانی ڕۆژاڤا بدەین" بە گوتەی دوریێچ مۆڵەتی نمایشی چوار فیلمیان وەرگرتووە و لە شارەکانی ستۆکهۆڵم، ئوپسالا، ئۆرەبرو، مالمۆ، ئۆستەرشوند، هێلسینبۆری، یۆتۆبۆری و مالمۆ و ژمارەیەک شاری دی نمایش دەکرێن.

**زۆربەیان گولەنین**

# ساڵی ڕابردوو 11 هەزار تورک داوای مافی پەنابەرییان لە ئەڵمانیا کردووە

**ڕووداو – هەولێر**

ژمارەی ئەو تورکانەی داوای مافی پەنابەری لە ئەڵمانیا دەکەن، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو هەڵکشانە، ئەمەش بەشێک لە سیاسەتوانان و نووسەرانی کوردی نیگەران کردووە، سیاسەتوانێک دەڵێت: "بەهۆی هەڵکشانی ژمارەی پەنابەرانی تورک، ئەردۆغان هەوڵدەدات ئایدیۆلۆژیی دەوڵەتی تورک بگوازێتەوە ئەڵمانیا".

بەگوێرەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پەنابەران و کۆچبەرانی فیدراڵ (BAMF) لە ئەڵمانیا، ساڵی ڕابردوو 11 هەزار و 423 هاووڵاتیی تورک بە قاچاخ گەیشتوونەتە ئەڵمانیا و داوای مافی پەنابەرییان کردووە. لەکاتێکدا بەر لە کودەتای 15ی تەمموزی ساڵی 2016 ساڵانە ژمارەی ئەو هاووڵاتییە تورکیانەی داوای مافی پەنابەرییان لە ئەڵمانیا دەکرد لە 1800 کەس تێپەڕی نەدەکرد. هەر بەگوێرەی ئامارەکە، لەم ژمارەیە 74.6% یان مافی پەنابەرییان وەرگرتووە.

چیرۆکی کۆچکردنی خەڵکی تورکیا بۆ ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکان، ئەو کۆچبەرانە زۆربەیان کرێکار بوون و بۆ کار چوونەتە ئەڵمانیا، لە دوای ئەم شەپۆلە دوو شەپۆلی دیکەی کۆچبەر لە تورکیاوە ڕوویان لە ئەڵمانیا کردووە، بەڵام هۆکارەکانیان سیاسی بوون.

دوای دەستپێکردنی شەڕی پەکەکە و سوپای تورکیا لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکان و خاپوورکردنی گوندەکانی باکووری کوردستان، کورد وەکو پەنابەری سیاسی گەیشتنە ئەڵمانیا.

ڕۆژنامەنووس بورهان ئیکینجی کە چەندین ساڵە لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای کودەتای 15ی تەمموز، کۆچکردنی سیاسی لە تورکیاوە بۆ ئەڵمانیا زیادی کردووە. دوای تەقینەوەی ململانێ لە نێوان ئاکپارتی و فەتحوڵڵا گولەن کۆچبەری سیاسیی تورک بۆ ئەڵمانیا لە هەڵکشاندایە. لەم ساڵانەی دواییدا زۆربەی ئەوانەی داوای مافی پەنابەرییان لە ئەڵمانیا کردووە و وەرگیراون جەماعەتی فەتحوڵڵا گولەنن".

لە ناوخۆی تورکیا ئازادییەکان تا ئاستێکی مەترسیدار بەرتەسک کراونەتەوە، ئەمەش هەست و دەنگی نارەزایی لە تەواوی ئەوروپا بەگشتی و ئەڵمانیا بەتایبەتی دژ بە حکومەتی تورکیا دروستکردووە، بەڵام هێشتا پارتەکەی ئەردۆغان (ئاکپارتی) لە ئەوروپا و بە تایبەتی لە ئەڵمانیا، دەنگی زۆرینەی دەنگدەرانی تورک دەبات.

بورهان ئیکینجی دەڵێت: "ئەردۆغان 50%ی دەنگەکانی پەنابەرانی تورک لە ئەڵمانیا دەبات. دەنگدەری تورک لە ئەڵمانیا لە کردەوەکانی دیکتاتۆر و فاشیانەی ئەردۆغان نارەحەت نین. چونکە لەناو قەیرانی ئابووریدا ناژین. ئەردۆغان زیانیان پێ ناگەیەنێ، بۆیە ئەردۆغانیان خۆشدەوێ".

**خەڵکی تورکیا پاش عێراق و سووریا لە پلەی سێیەم دێن لە ریزبەندی ئەوانەی لە ئەڵمانیا داوای مافی پەنابەری دەکەن**

بەگوێرەی (BAMF)، زۆربەی هاووڵاتیانی تورکیا کە بەر لە ساڵی 2016 لە ئەڵمانیا داوای مافی پەنابەرییان کردووە، خۆیان وەک کورد ناساندووە. تەنیا 20%ی ئەوانە تورک بوونە. بەڵام لە ساڵی 2019 دا ڕێژەی ئەوانەی خۆیان وەک تورک ناساندووە گەیشتووەتە زیاتر لە 50%.

تاوەکو ساڵی 2016 هاووڵاتیانی تورکیا لە ریزبەندی دەیەمین بوون لەناو وڵاتانی جیهاندا کە لە ئەڵمانیا داوای مافی پەنابەرییان کردووە. بەڵام لە ساڵی 2019 دا تورکیا لە دوای عێراق و سووریا، هاتووەتە پلەی سێیەم.

هەر بەگوێرەی زانیارییەکانی (BAMF)، ژمارەیەکی دیار لەو تورکانەی داوای مافی پەنابەری دەکەن دیپلۆماتکارن. ساڵی ڕابردوو 207 کەس کە پاسپۆرتی دیپلۆماسییان هەبووە، داوای مافی پەنابەرییان کردووە. هەر بەگوێرەی ئەم ناوەندە، لە دوای ساڵی 2016 زیاتر لە هەزار تورک کە خاوەنی پاسپۆرتی دیپلۆماسی بوونە، داوای مافی پەنابەرییان کردووە.

کێشەی پەنابەرانی تورک ئەوەیە بە ئاسانی تێکەڵ بە کۆمەڵگەی ئەڵمانی نابن. ئەمەش دوو کێشەی جدی بەدوای خۆیدا دێنێ، یەکەمیان: هەستی دژایەتیی بیانییەکان لە ئەڵمانیا زیاتر دەکات. دووەمیشیان: دەوڵەتی تورکیا بۆ مەبەستی سیاسی بەکاریان دێنێ، بە تایبەتی لە سەردەمی ئەردۆغاندا.

مەترسییەکی دیکەش کە ڕەنگە لە ئەنجامی هەڵکشانی ژمارەی پەنابەرانی تورک ڕوویدات، پێکدادانی تورک و کوردە. چونکە زۆربەی کوردی ئەڵمانیا خەڵکی باکووری کوردستانن و نزیکن لە پەکەکە.

بورهان ئیکینجی دەڵێت: "بەهۆی هەڵکشانی ژمارەی پەنابەران لەم ساڵانەی دواییدا، دوژمنایەتی بیانییەکان زیادی کردووە، دەنگی پارتی ئەڵتەرناتیفی ئەڵمانیا (AFD) کە پارتێکی توندڕەوی ڕاستڕەوە و ڕابەرایەتی هەستی دژە بیانییەکان دەکات، لە هەموو هەرێمەکان لە هەڵکشاندایە".

هەرچەندە پەنابەرانی تورک کە دوای 2016 ڕوو لە ئەڵمانیا دەکەن زۆربەیان سەر بە بزووتنەوەی گولەنن و ئەمڕۆ لەگەڵ پەنابەرانی کورد یەک دوژمنی هاوبەشیان هەیە کە (ئەردۆغان)ە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە تا سەر ئەم پەنابەرانە بۆ کورد نەبنە هەڕەشە. ئیکینجی لەوبارەیەوە دەڵێت: "تا ئێستا پێکدادانی تورک – کورد لە ئەڵمانیا ڕووینەداوە، بەڵام چۆن جیهانبینی تورک – کورد لە تورکیا لێکجیاوازە، لێرەش هەمان شتە. بگرە لە تاراوگە کورد و تورک زیاتر لەیەکدابڕاون".

عەلی ئاتاڵان، پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە کە کوردێکی ئێزیدیی نیشتەجێی ئەڵمانیایە، دەڵێت: "بەشێکی زۆر لەو پەنابەرانەی لە تورکیاوە ڕوو دەکەنە ئەڵمانیا فەتۆچین. ئەمڕۆ فەتۆچییەکان پشتگیری لە سیاسەتی ئەردۆغان ناکەن، بەڵام سبەی ئەردۆغان نەمێنێ دیسان دەگەڕێنەوە سەر بەزمی جاران و بەرژەوەندی دەوڵەت لەبەرچاو دەگرن".

سەبارەت بە کاریگەریی هەڵکشانی پەنابەرانی تورک لەسەر کورد، ئاتاڵان دەڵێت: "چەندە پەنابەرانی تورک نەژادپەرست و نەتەوەپەرست بن، ئەوەندە خۆشەویستیی کورد بۆ کوردستان زیاتر دەبێت. لەوانەیە هەندێکجار لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەری خراپ لەسەر کورد دروست بکەن، بەڵام لە کۆتاییدا نەتەوەپەرستی تورک هێز دەداتە کوردی ئەڵمانیا".

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان، نزیکەی 3 ملیۆن تورک لە ئەڵمانیان. هەروەها تا ڕادەیەکی دیار لۆبی تورکی لە ڕووی ئابووری، سیاسی و کولتووری ئەوانەی ڕێکخستووە و بوونەتە بەشێکی دیار لەناو کۆمەڵگای ئەڵمانیادا. ئەمەش بۆ خودی دەوڵەتی ئەڵمانیا مەترسییە.

حوسێن تۆپگیدەر، سیاسەتمەداری کورد کە دانیشتووی ئەڵمانیایە، پێیوایە کۆمەڵگای ئەڵمانی درکی بە مەترسییەکانی هەڵکشانی ژمارەی پەنابەرانی تورک لە ئەڵمانیا کردووە، بۆیە گفتوگۆی لەسەر دەکات و هەندێکجار دەبێتە ڕۆژەڤی میدیا و سیاسەت. تۆپگیدەر بە (ڕووداو)ی گوت: "تورکیا بەرنامەی خۆی هەیە، دەخوازن لە داهاتوودا لە ئەڵمانیا حیزب دروست بکەن و بەم شێوەیە کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەڵمانیا دابنێن".

**لەدوای کودەتای 15ی تەمووزەوە هەزار دیبلۆماتکاری تورک پەنایان بۆ ئەڵمانیا بردووە**

هەروەها دەڵێت: "ئێستا نزیکەی 3 ملیۆن هاووڵاتیی تورکیا لە ئەڵمانیا دەژین. تورکیا تەنیا بە ڕەوانەکردنی پەنابەر نەوەستاوە، بەڵکو مزگەوت، وەقف و ڕێکخراوی جۆراوجۆر دروست دەکات. ئەمانە هەموو کاری سیاسییە و کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەڵمانیا هەیە. ئەگەر تورک پارتێک دروست بکەن، ئەم پارتە بە ملیۆنان دەنگ دەهێنێ. ئەمەش کاریگەری لەسەر هاوسەنگییە ناوخۆییەکانی سیاسەتی ئەڵمانیا دەبێت".

حوسێن تۆپگیدەر لەو باوەڕەدا نییە ئەڵمانەکان هەستیان بەو مەترسییە نەکردبێ.

عەلی ئاتاڵان پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپەش دەڵێت: "تورکیا دەخوازێت ئەم پەنابەرانە وەکو ئامرازێکی هەڕەشە بەکاربێنێ و لە ڕێگەی ئەوانەوە سیاسەتی دەرەوەی بەسەر ئەڵمانیادا فەرز بکات".

عەلی ئەرتان تۆپرا، سەرۆکی کۆمەڵەی (جڤاکا کورد) و بەربژێری کورد بۆ پەرلەمانی هەرێمی هامبۆرگ لەسەر لیستی پارتی یەکێتی دیموکراتی کریستیان، دەڵێت: "بێگومان زیادبوونی ژمارەی پەنابەرانی ئەڵمانیا لە تورکیا لە ئایندەدا دەبێتە هەڕەشە لەسەر دەوڵەتی ئەڵمانیا، چونکە تاکی تورک بە ئاسانی ئاسیمیلە نابێت".

هەروەها دەڵێت: "هەفتەی ڕابردوو کەناڵی تەرەتە بە ئەڵمانی کرایەوە. ئێستا بەرپرسانی تورک بۆ کردنەوەی قوتابخانەی تورکی گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا دەکەن. ئەمەش لەناو ڕای گشتیی ئەڵمانیا کاردانەوەی لێکەوتووەتەوە. کردنەوەی قوتابخانەی تورکی مەسەلەیەکی ئایدیۆلۆژییە. ئایدیۆلۆژی دەوڵەتی تورک لە ڕێگای ئەم قوتابخانانەوە دەگوازرێتەوە ئەڵمانیا".

عەلی ئەرتان پێیوایە بێدەنگیی حکومەتی ئەڵمانیا بەرامبەر سیاسەتەکانی تورکیا، پێگەی ڕاستڕەوانی ئەڵمانیا بەهێزتر دەکات.



نزیکەی سێ ملیۆن هاووڵاتیی تورکیا لە ئەڵمانیا پەنابەرن

## سوێد دەفتەری سەعاتی کارکردن بۆ خاوەنکارەکان دادەنێ

# "کاری ڕەش" شکست بە چیرۆکی سەرکەوتنی گەنجێکی کورد دێنێ

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

دامەزراوەی باجی سوێد، خاوەنکارەکان ناچار دەکات دەفتەری "سەعاتی کارکردن" دابنێن کە ماوەی کارکردنی کرێکارانی تێدا تۆمار دەکرێ و ئامانج لەوەش، ڕێگرییە لە "کاری ڕەش". بەڵام دیاردەکەی بە تەواوی بنبڕ نەکردووە.

دامەزراوەی باج لە پرۆسەکە ڕازییە و دەڵێت دەرفەتی کاری زیاد کردووە و ڕێگری لە پێشێلکاری بەرامبەر کرێکاران کردووە، بەڵام میدیاکانی سوێد ئاشکرایان کردووە کە دەفتەرەکە ساختەکاری تێدا دەکرێ.

ڕادیۆی سوێد قسەی لەگەڵ گەنجێکی کورد کردووە کە بە عەلی خۆی ناساندووە و لە ڕێستورانتێک کار دەکات، گوتوویەتی خاوەنکارەکەی بەردەوام سەعاتی کەمتری لە دەفتەرەکە بۆ دەنووسێ.

### کورد و ئەفغانی و عەرەب، یەکەمن

عەلی کە ناوی خوازراوی کۆچبەرێکی کوردە و قسەی بۆ ڕادیۆی سوێد کردووە، زیاتر لە پێشێلکارییەک لە گرێبەستەکەیدا هەبووە و دەڵێت "هەموو ڕۆژێک چەند سەعاتێکم لێ دەخورێت". بۆ ڕێگری لەم جۆرە کارانە، دامەزراوەی باجی سوێد، دەفتەرێکی بەناوی پەڕاوی کارمەندان (Personliggaren) داناوە. لە دەفتەرەکەدا دەستپێک و کۆتایی کاری هەر کارمەندێکی تێدا تۆمار دەکرێت. ڕۆژانە، یان هەفتانە دامەزراوەکە کۆنترۆڵی دەکات.

لە سەردانێکدا بۆ یەکێک لە مارکێتە ناسراوە ڕۆژهەڵاتییەکانی ستۆکهۆڵم کە خاوەنەکەی کوردە و خەڵکی باشووری کوردستانە، سێ کەیسی هاوشێوەی عەلیمان بینی. ئەوان لە ترسی لەدەستدانی کارەکەیان نایانەوێ ناوی ڕاستەقینەیان بڵاوبکرێتەوە.

هیوا کە ناوی خوازراوی یەکێک لەوانە، بە (ڕووداو)ی گوت: "لە بەرامبەر 11 سەعات کاری فیعلی 6 سەعاتم بۆ تۆمار دەکرێت، بەڵام ڕازیم". هیوا ئەوەندە نییە ئیقامەی وەرگرتووە. کۆچبەری نوێیە و دەشڵێت: "ناچارم قبووڵی بکەم، چونکە سۆسیال و پارەی بێکاری ریسواییە".

**کۆچبەرێکی کورد:**

**ڕۆژی 11 سەعات کار دەکەم و 6 سەعاتی دەنووسرێ**

سیروان کوردێکی نیشتەجێی سوێد ماوەی شەش ساڵە بە "ڕەش" لە ڕێستورانتێکی ستۆکهۆڵم کار دەکات. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "زمان باش نازانم، توانای زۆر کاریشم نییە، ناچارم سۆسیال و تەئمین و ئەو شتانە قبوڵ بکەم و لەپاڵیدا هەفتانە، یان چەند ڕۆژ جارێک کاری ڕەش بکەم".

ئەو کۆچبەرە پێیوایە ڕێسا و یاساکانی سوێد ناچار بە کاری ڕەشیان کردووە: "لێرە سیستمێک هەیە دەتکوژێت، ڕێگەت بۆ خۆشدەکەن کاری ڕەش بکەی. ڕۆتینی ئەم وڵاتە مرۆڤ دەکوژێت، باجێکی زۆر هەیە، هەموو شتت لێدەبەن و لە ژێر کاریشدا دەتکوژن".

"کورد و عەرەب و ئەفغانی حەزیان لە کاری ڕەشە". ئەمە بووەتە گوتەیەکی باو. ئینریگ لارش کە لە ڕێستورانتێک کار دەکات تا ئەو کاتەی خوێندنەکەی تەواو دەکات، دەڵێت: "بەڵێ بیانییەکان، زۆریان حەز بە کاری ڕەشە، تەنیا لەبەر ئەوەی باج نەدەن، یان ئامادەنین فێری کاری نوێ ببن".

هاژە ڕەحیمی لە ڕێکخراوی تواناسازیی گەنجانی کوردستان (KYEO)، پێیوایە لەگەڵ ئەوەی بۆچوونێکی "نەژادپەرستانە" لەنێو ئەم پرسانە بەرامبەر بیانییان هەیە، بەڵام دیاردەکەش ڕەت ناکاتەوە: "بەداخەوە دیاردەیەکە و هەیە، بەتایبەت لە نێو ئەو کۆچبەرانەی لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە هاتوون".

وێڕای نەبوونی ئاماری فەرمی لەوبارەیەوە، بەڵام هاژە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەپێی ئەو ژمارانەی بەدەستیان دەگات و لە ئەنجامی گەڕانی مەیدانیی خۆیان، گەیشتوونەتە ئەوەی لە هەر ناوەندێکی کار کە تاراوگەنشینان بەڕێوەی دەبەن، سێ کەس کاری ڕەش دەکەن.

**ڕێکخراوێکی کوردی:**

**لە هەر ناوەندێکی کاری بیانییەکان سێ کەس بە ڕەش کار دەکەن**

### دڵنیایی و خانەنشینی، لە باجە گەورەکەی کاری ڕەش

پێشتر (ڕووداو) لە ڕاپۆرتێکدا خراپیی ڕەوشی خانەنشینانی کوردی سوێدی نیشاندا کە زۆرینەیەکی ڕەهایان لە خوار هێڵی هەژارییەوەن. بەپێی بەدواداچوونی ئێستا، داهاتوویەکی هاوشێوە چاوەڕێی ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی کورد لە سوێد دەکات.

بیلال مستەفا، شارەزای بواری ئابووری دەڵێت: "زۆربەی کاتەکانی کار و خزمەتی ساڵانە، هەروەها گەڕاندنەوەی بەشێک لەو باجەی مانگانە دەیدەیت، بنەمای خانەنشینی هەر کەسێکە. ئەوانەی کاری ڕەش دەکەن، هیچ یەکێک لەوانە پێشکەش ناکەن. گەورەترین باجی کاری ڕەش کرێکار خۆی دەیدات. قازانجە گەورەکانی داهاتووی خۆی دەکاتە قوربانیی چەند کرۆنێکی ئێستای".

مستەفا خاوەنی کۆمپانیایەکی وردبینی داراییە. زۆربەی کەیسەکانی کۆمپانیاکان دێنە بەردەستی، ئەو دەڵێت: "خەڵک هەیە بۆ سوودمەندبوونی ئێستا، بۆ نموونە نزیکەی 6 تا 10 ساڵ کار ناکات، هەمووی بە کاری ڕەش و هاوکارییەکانی حکومەت بەسەر دەبات، لە کاتێکدا چارەکی ئەو پارەیەی دەستناکەوێت کە لە کارێکی فەرمی دەستی دەکەوێت، بەمەش هیچ پارەیەک ناچێتە سەر حیسابی خانەنشینییەکەی".

بە گوتەی ئەو شارەزایەی بواری ئابووری، ئەوانەی کاری ڕەش دەکەن لە زۆر ئیمتیازی دیکە بێبەش دەبن، وەکو قەرزی بانکی، پارەی مەترسی، دڵنیایی کاڵا و چەند خزمەتگوزارییەکی دیکە.

بیلال مستەفا پێیوایە حکومەتیش خۆی هۆکاری زیادبوونی دیاردەی کاری ڕەشە و دەڵێت: "فەرمانگەکانی حکومەتیش کەمتەرخەمن، وەکو پێویست کۆچبەران لەو بابەتانە هۆشیار ناکەنەوە و ڕێنماییان نادەنێ کە بەداخەوە زۆرجار حکومەت خۆی بەشێکە لەوەی کۆچبەر بکەوێتە ئەو چاڵەوە".

### شێفە کوردەکە شکستی هێنا

(ڕووداو) پێشتر چیرۆکی سەرکەوتنی کوردێکی ناسراوی سوێدی بەناوی (ئومێد) بڵاوکردبووەوە کە ناوبانگی کەبابەکەی سنووری کوردی سوێدی تێپەڕاندبوو.

ئومێد هیوا مەدحەد کەبابچی، شێفێکی ناودار بوو، بەڵام کارەکەی شکستی هێنا. خواردنگەکەیان هاوشێوەی زۆر لە ڕێستورانتە کوردی و بیانییەکان داخرا و خۆیشی وازی لە کارەکەی هێنا.

ئومێد کە ئێستا لە کۆمپانیایەکی شووشتنی جلوبەرگ کار دەکات، دەڵێت: "ساختەکاری و غەدر" شکستی بە کارەکەی هێنا. ئەو ئەگەر نەتوانێت بگەڕێتەوە سەر کارەکەی پێشووی، بیر لەوە دەکاتەوە بگەڕێتەوە کوردستان.

ئومێد باسی هۆکاری شکستی پڕۆژەکەی دەکات و دەڵێت: "بۆ کاری لەو شێوەیە دەبێت لەگەڵ کورد، یان ڕۆژهەڵاتییەک بیت، چونکە زەحمەتە لەگەڵ ناوێکی گەورە، یان سوێدییەک بتوانی کەبابخانە دابنێی، بە داخەوە کە لەگەڵ خەڵکانی خۆشمان دەبیت، ئەوان ئەوەندەی بەدوای کاری ڕەش و قازانجی زۆر لەسەر حیسابی دابەزاندنی کواڵیتی دەگەڕێن، ئەوەندە بەدوای ناوی گەورە و بە براندکردندا ناگەڕێن، ئەمەش هۆکاری سەرەکی شکستی کارەکەم بوو".



## لە ڕاپەڕین دوو ژن دەسووتێن

**ڕووداو – هەولێر**

لە ماوەی سێ ڕۆژدا دوو ژن لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین بەهۆی سووتانەوە مردوون، یەکێکیان خۆی سووتاندووە و ئەوەی دیکەش هێشتا ئاشکرانەبووە کە سووتاوە یان خۆی سووتاندووە .ڕۆژی 2020/1/16 ژنێکی تەمەن 21 ساڵ بەناوی (ب.ی.ح) کە تەمەنی 21 ساڵە و دانیشتووی چوارقورنەیە، کە دایکی منداڵێک بووە و بە منداڵی دووەم دووگیان بووە، خۆی سووتاندووە. دوای ڕۆژێک مانەوەی لە نەخۆشخانە مردووە. بەگوتەی سەرچاوەیەکی پۆلیس: "پێشتر کێشەی لەگەڵ هاوژینەکەی هەبووە، بۆیە خۆی سووتاندووە". ڕۆژی 2020/1/18یش لە گوندی مەمکانی سەر بە ناحیەی سەنگەسەر، ژنێکی تەمەن 23 ساڵان بەناوی (ئ. ح) سووتا، لە نەخۆشخانە بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەی، مرد. پۆلیس دەڵێت دیارنییە سووتاوە یان خۆی سووتاندووە.

# مامۆستایەکی ئایین لە کەرکووک خۆی دەخنکێنێ



مۆبایلەکانی چێنەر دیار نین و کەسوکارەکەی بەدوایدا دەگەڕێن

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

چێنەر بە مامۆستاکانی قوتابخانەکەی گوتبوو کە لەوانەیە ئیدی نەگەڕێتەوە قوتابخانە، مامۆستا چێنەر قسەکەی خۆی بردە سەر و لە ژوورێکی ماڵەکەیاندا بە پەتێک خۆی هەڵواسی.

چێنەر ناسح، تەمەن 29 ساڵ و دانیشتووی گەڕەکی شۆڕجەی شاری کەرکووک، سەعات نۆی شەوی 2020/1/14 لە نێو ماڵەکەیدا، بە لەچکەکەی خۆی هەڵدەواسێ و خۆی دەخنکێنێ.

موقەدەم فەرهاد مەحموود، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی ئازادی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی لەلایەن برایەکی ئافرەتەکە لە ڕووداوەکە ئاگادار کراینەوە، چووین بۆ نەخۆشخانە، خۆم لەچکەکەم لە ملی ئافرەتەکە کردەوە، تەرمەکەمان نارد بۆ پزیشکی داد، دەرکەوت ئەو ئافرەتە سەعاتێک پێش ئەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە مردووە".

پۆلیس پەراوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە و قسەی لەگەڵ دایکی کچەکە کردووە کە لە کاتی ڕووداوەکە تەنیا ئەو لە ماڵ بووە.

موقەدەم فەرهاد گوتی: "دایکی دەڵێ کچەکەم هیچ کێشەیەکی نەبووە".

چێنەر ئەو شەوە بە دایکی گوتبوو دەچمە سەرەوە جل دەشۆم، بەڵام دواتر خۆی خنکاندووە. بە گوتەی پۆلیس ئەو کچە دوو مۆبایلی هەبووە، بەڵام هیچ لە مۆبایلەکانی دیار نەماون.

ئاکۆ ناسح کە برای چێنەرە، لە پرسەی خوشکەکەیدا باسی ژیانی خوشکەکەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "خوشکەکەم دەرچووی زانکۆ بوو، چەند جارێک ناوی نووسی لە پەروەردەی کەرکووک بۆ دامەزراندن، کەچی ناوی نەگەڕایەوە، بەوەش خەمی زۆر دەخوارد، بەڵام لەو باوەڕەدا نەبووین بگاتە ئەو ڕاددەیەی خۆی بخنکێنێ".

چێنەر کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی تەواو کردبوو، ماوەی دوو ساڵ بوو لە قوتابخانەیەکی ئەهلی لە شاری کەرکووک وانەی دەگوتەوە. براکەی دەڵێت چێنەر کەسێکی زۆر بێ کێشە بوو، ئەگەر پێشتر کێشەیەکیشی هەبووبێ، ئەوانی ئاگادار کردووەتەوە.

چێنەر لەگەڵ دایکی و دوو برای و باوکە نابیناکەی دەژیا. ئەو ڕۆژە چووەتە قوتابخانە و دەوامی کردووە. دوای ئەوەی نانی ئێوارەی خواردووە بە دایکی گوتووە دەچێتە سەرەوە جل دەشوات، بەڵام لەوێ خۆی خنکاندووە.

دوای سەعاتێک دایکی چەند جارێک بانگی کردووە، بەڵام چێنەر وەڵامی نەداوەتەوە. ئاکۆ گوتی: "دوای ئەوەی چێنەر وەڵامی دایکمی نەدابووەوە، دایکم چووبووە نهۆمی سەرەوە. بینیبووی چێنەر خۆی هەڵواسیوە. هاواری بۆ براژنەکەم بردبوو، کە چەقۆیەک بهێنێ و لەچکەکە لە شیشی بنمیچەکە بکەنەوە، بەڵام نەیانتوانیبوو، پاشان هانایان بۆ دراوسێکیان بردوو، تەرمەکەیان لە شیشەکە کردبووەوە و بردبوویان بۆ نەخۆشخانە".

ئاکۆ سەری سوڕماوە لە خۆخنکاندنی خوشکەکەی و دەڵێت: "هیچ کێشەیەکی نەبوو، بە ئارەزووی خۆی حەزی لێبووایە دەوامی دەکرد، حەزیشی لێنەبووایە نەیدەکرد". هەروەها دەڵێت: "خوشکەکەم دەرچووی خوێندنی ئیسلامی بوو، دوای دەوامی قوتابخانەکەی لە مزگەوتەکەی لای ماڵمان وانەی ئاینی بە قوتابیان دەگوت. جاری وا هەبوو تا درەنگ نەدەهاتەوە، چونکە ئێمە ئازادیی تەواومان پێدابوو".

سەبارەت بەوەی کە دەڵێن خەمی لە دانەمەزراندنی خواردووە، بۆیە خۆی خنکاندووە، ئاکۆ گوتی :"ڕاستە خەمی لەوە دەخوارد، بەڵام خوشکەکەم دوو ساڵە لە قوتابخانەیەکی ئەهلی بە مووچەی مانگانەی 300 هەزار دەوامی دەکرد، بۆیە لەو باوەڕەدا نیم لەبەر ئەوە خۆی کوشتبێ".

ئاکۆ گوتیشی: "خوشکەکەم ئەو ڕۆژە لە قوتابخانە بە مامۆستایەکی هاوڕێی گوتبوو لەوانەیە نەیەمەوە بۆ قوتابخانە، ئاگاداری قوتابییەکانم بە، دەفتەری تاقیکردنەوەی قوتابیەکانی بە هاوڕێکەی دابوو، قسەکەی خۆیشی بردە سەر و خۆی خنکاند"

ئاکۆ پێیوایە خوشکەکەی پلانی بۆ خۆخکاندن دانابوو، چونکە بەر لە خۆخنکاندنی داوای لە براکەی کردبوو ژوورەکەی بۆ چۆڵ بکات. سەبارەت بە دیارنەمانی مۆبایلەکانیشی، ئاکۆ گوتی: "نیوەڕۆ کە هاتبووەوە، دایکم مۆبایلەکەی لەدەست نەبینیبوو، لێی پرسیبوو کوا مۆبایلەکانت، چێنەریش گوتبووی لە قوتابخانە لەبیرمکردوون بەیانی دەیانهێنمەوە، بەڵام دوای خۆخنکاندنی چووینە قوتابخانە، مۆبایلەکانی لەوێ نەبوون".

چێنەر نهێنی خۆخنکاندنەکەی لەگەڵ مۆبایلەکانی ونکردوون، کەسوکارەکەشی بەدوای مۆبایلەکانیدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی بزانن دوایین کەس کێ بووە چێنەر قسەی لەگەڵ کردووە.

## بەپێی ئاماری دادگاکان

# لە کوردستان تەڵاق و مارەبڕین لە هەڵکشاندان



(گرافیک: هونەر مەرجان)

سالی ڕابردوو مانگانە 931 ژن تەڵاقدراون

**سەرباز سیامەند**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ئاماری ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نۆ مانگی یەکەمی 2019دا لە هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) 30 هەزار و 499 حاڵەتی مارەبڕین تۆمارکراون، لە بەرامبەریشدا 7 هەزار و 381 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە هەبووە. بەراورد بە ساڵانی پێشتر مارەبڕین و تەڵاقیش زیادیان کردووە.

بەگوێرەی ئامارەکەی ئەنجوومەنی دادوەری (کە ڕووداو ئاماری دادگای گەرمیانی لێدەرهێناوە، چونکە ئاماری ساڵی ڕابردووی ئەو دادگایە بڵاونەکراوەتەوە تا بە ئەمساڵ بەراورد بکرێ)، لە ماوەی نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 30 هەزار و 499 گرێبەستی هاوسەرگیری لە دادگاکانی کوردستان تۆمار کراون. تێکڕای مارەبڕین لە ماوەی ئەو نۆ مانگەدا 3،389 بووە.

بەڵام ساڵی ڕابردوو لە هەرسێ پارێزگاکە 39 هەزار و 763 گرێبەستی هاوسەرگیری کراون کە لە مانگێکدا دەکاتە 3.313 گرێبەست. بە بەراوردکردنی ئاماری تێکڕای گرێبەستی هاوسەرگیری لە 2019 لەگەڵ تێکڕای گرێبەستی ساڵی 2018 دەردەکەوێت لە مانگێکدا 75 گرێبەستی هاوسەرگیری و لە ساڵێکدا 900 حاڵەت زیاد بووە.

زۆرترین گرێبەستی هاوسەرگیری لە نۆ مانگەکەی ساڵی ڕابردوودا لە دادگاکانی سنووری پارێزگای هەولێر تۆمار کراوە کە 11 هەزار و 144 گرێبەست بووە، کەمترین مارەبڕینیش لە گەرمیان بووە بە هەزار و 933 گرێبەست. هەرچی پارێزگای سلێمانییە، دوای هەولێر لە پلەی دووەم دێت کە 11 هەزار و 33 گرێبەست بووە، بەڵام دهۆک پلەی سێیەمی وەرگرتووە بە 8 هەزار و 322 گرێبەست.

هەرچی سەبارەت بە ئامارەکانی 2018یە، زۆرترین گرێبەستی هاوژینی لە سنووری پارێزگای هەولێر تۆمار کراوە کە 15 هەزار و 25 گرێبەست بووە، دوای ئەویش پارێزگای سلێمانی دێ کە 13 هەزار و 836 گرێبەست بووە. دهۆکیش بە پلەی سێیەم دێت بە 10 هەزار و 902 گرێبەست.

| پارێزگا | ساڵ | مارەبڕین | ڕێپێدان به ژنهێنانی دووەم | پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی | تەڵاق و جیابوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 2018/ مانگانە | 1252 | 2.16 | 101 | 300 |
| | 2019/ مانگانە | 1238 | 2.33 | 89 | 346 |
| | +/- | – 14 | + 0.7 | – 12 | + 46 |
| سلێمانی | 2018/ مانگانە | 1153 | 4 | 93 | 340 |
| | 2019/ مانگانە | 1225 | 3.66 | 78 | 383 |
| | +/- | – 72 | – 0.33 | – 25 | + 43 |
| دهۆک | 2018/ مانگانە | 908 | 0.4 | 47 | 126 |
| | 2019/ مانگانە | 924 | 0.5 | 66 | 125 |
| | +/- | 16+ | 0.1+ | 19+ | 1– |

بەراوردی ئاماری نۆ مانگی یەکەمی 2019 لەگەڵ ئاماری 12 مانگی ساڵی 2018

### تەڵاق و جیابوونەوە

هەرچی پەیوەندیدارە بە تەڵاق و جیابوونەوە، لە ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی گشتی لەو سێ پارێزگایە (بێجگە لە گەرمیان کە 689 حاڵەت بووە) 7692 حاڵەت لە دادگاکان تۆمارکراون کە لە مانگێکدا دەکاتە 855 حاڵەت. ئەگەر گەرمیانیش لە نێو ئامارەکەدا بێت، ئەوە مانگانە 931 ژن و پیاو لەیەکترجیابوونەتەوە.

بەپێی ئامارەکە کە ڕۆژی 15ی کانوونی دووەمی 2020 لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستانەوە بڵاوکرایەوە، زۆرترین حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە لە سنووری پارێزگای سلێمانی بووە کە 3 هەزار و 448 حاڵەت بووە، بەڵام لە گەرمیان کەمترین حاڵەت تۆمار کراوە کە 689 حاڵەت بووە. هەرچی پارێزگای هەولێرە، لە پلەی دووەم دێت بە 3 هەزار و 115 حاڵەت، بەڵام دهۆک لە پلەی سێیەم دێت کە هەزار و 129 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە تۆمار کراوە.

هەر بەپێی ئامارەکانی ئەنجوومەنی دادوەری، لە ساڵی 2018دا 9 هەزار و 192 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە تۆمارکراون کە لە مانگێکدا دەکاتە 766 حاڵەت.

لە ساڵی 2018دا زۆرترین حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە هەر لە دادگاکانی سنووری پارێزگای سلێمانی تۆمارکراون کە چوار هەزار و 85 حاڵەت بووە. پارێزگای هەولێر بە پلەی دووەم دێ کە سێ هەزار و 598 حاڵەت بووە، پارێزگای دهۆکیش بە پلەی سێیەم دێ کە هەزار و 509 حاڵەتی جیابوونەوە و تەڵاقی تێدا تۆمارکراوە.

ئەگەر بەراوردی ئاماری نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو لەگەڵ 12 مانگی ساڵی 2018 بکەین، دەبینین ئاماری تەڵاق و جیابوونەوە زیادی کردووە، چونکە لە ساڵی 2018 مانگانە 766 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە تۆمارکراوە، بەڵام ساڵی ڕابردوو مانگانە 855 حاڵەت تۆمار کراوە. واتە لە مانگێکدا 89 حاڵەت و لە ساڵێکیشدا 1068 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە زیادی کردووە.

لە ماوەی نۆ مانگدا ڕێ بە 59 پیاو دراوە ژنی دووەم بهێنن

### پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی

یەکێکی دیکە لە داتا و ئامارەکانی ئەنجوومەنی دادوەری کە لە ماوەی نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا ئاماژەی بۆ کراوە، پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی بووە کە ژمارەی مارەبڕینی دەرەکی 2 هەزار و 115 حاڵەت بووە، لەو ژمارەیە زۆرترین مارەبڕینی دەرەکی لە هەولێر بووە کە 800 حاڵەت بووە، کەمترین مارەبڕینی دەرەکیش لە گەرمیان بووە کە تەنیا 12 حاڵەت بووە. هەرچی سلێمانییە پلەی دووەمی هەیە و ژمارەکەی 706 بووە، بەڵام دهۆک پلەی سێیەمی هەیە بە 597 حاڵەت.

پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی لە ساڵی 2018دا دوو هەزار و 901 حاڵەت بووە (1216 حاڵەت لە هەولێر، 1120 حاڵەت لە سلێمانی، 565 لە دهۆک).

ئاماری پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی لە 9 مانگی ساڵی 2019 دا (بێجگە لە گەرمیان) 2103 حاڵەت بووە کە لە مانگێکدا دەکاتە 234 حاڵەت. هەروەها بەدرێژایی ساڵی 2018، دوو هەزار و 901 حاڵەت بووە کە لە مانگێکدا دەکاتە 242، واتە پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی لە ساڵی ڕابردوودا کەمی کردووە.

### ڕێگە بە 59 پیاو دراوە ژنی دووەم بهێنن

هەر بەپێی ئەو ئامارانە، ساڵی ڕابردوو 59 پیاوی کورد لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ڕێگەیان پێدراوە ژنی دووەم بهێنن.

پێشتر هیچ کۆت و بەندێک لەسەر فرەژنی نەبوو، بەڵام پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2008 یاسای ژمارە 188ی ساڵی 1959 (یاسای باری کەسێتیی عێراق)ی هەموار کردەوە و فرەژنی مەرجدار کرد. لەوانەش وەرگرتنی ڕەزامەندیی ژنی یەکەم، تووشبوونی ژنی یەکەم بە نەخۆشییەکی درێژخایەنی سەلمێنراو کە ڕێگە لە کاری سەرجێیی ژن و مێردایەتی بگرێ و ئومێدی چاکبوونەوەی نەبێ، یاخود ژنەکە نەزۆک بێ. هەروەها ئەو پیاوەی ژنی دووەم دێنێ توانای دارایی باش بێ کە بەشی بەڕێوەبردنی پتر لە ژنێک بکات.

بە گوێرەی یاساکە، هەر پیاوێک بەبێ ئەو مەرجانە ژنی دووەم بێنێ سزا دەدرێت بە حەپسکردن کە ماوەکەی لە شەش مانگ کەمتر و لە ساڵێک زیاتر نەبێ. هەروەها بە 10 ملیۆن دیناریش سزا دەدرێ.

لەژنهێنانی دووەمدا لە ئامارەکەدا دەرکەوتووە کە سلێمانی لە پلەی یەکەمدایە و لە نۆ مانگەکەدا 33 پیاو لە دادگا بەراییەکانی پارێزگای سلێمانی ژنی دووەمیان مارە کردووە. پارێزگای هەولێر بە پلەی دووەم دێ کە 21 حاڵەتی ڕێپێدانی بە هێنانی ژنی دووەم هەبووە، هەرچی پارێزگای دهۆکیش پلەی سێیەمی گرتووە بە 5 حاڵەتی ڕێپێدان.

لە ئاماری ساڵی 2018شدا هاتووە کە تەنیا لە ماوەی ئەو ساڵەدا 79 حاڵەتی ڕێپێدان بە ژنهێنانی دووەم تۆمار کراوە (48 لە سلێمانی، 26 لە هەولێر و 5 حاڵەتیش لە دهۆک)، بە گوێرەی بەراوردی ئامارەکان دەرکەوتووە ساڵی ڕابردوو ڕێپێدان بە ژنهێنانی دووەم کەمی کردووە.

لە تەڵاق پارێزگای سلێمانی و لە مارەبڕین هەولێر لە پلەی یەکەمدایە

### 72 هەزار مامەڵە

بەگوێرەی ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتیی پلان و ئاماری ئەنجوومەنی دادوەری، لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان 24 جۆر مامەڵە دەکرێن کە بریتین لە (مارەبڕین، ڕێپێدان بە ژنهێنانی دووەم، پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی، تەڵاق و جیابوونەوە، پێسپێرنامە، بەڵگەنامەی باوانە، ڕاسپاردننامە، سەرکارنامە، بەڵگەنامەی لێکدەرچوون، بەڵگەنامەی لەدایکبوون، وەفاتنامە، دابەشنامەی شەرعی، دەرخستنی وازلێهێنراو، لە ئەستۆگرتن، بەڵگەنامەی دیکە، نۆرینی بە پەلە، گلدانەوە، لە جیاتی دانان (الانابە)، دابەشنامەی یاسایی، سەرپەرشتی هەڵبژاردن، مامەڵەی دیکە، بڵاوکردنەوەی موسوڵمانێتی، بەڵگەنامەی بەخێوکردن و مامەڵەی پەرتەوازە.

کۆی گشتی ئەو مامەڵانەی لە 2019/1/2 تاوەکو 2019/9/30 لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون 72 هەزار و 975 مامەڵە بووە. زۆرترین مامەڵە لە دادگاکانی سنووری پارێزگای سلێمانی بووە کە 28 هەزار و 192 مامەڵە بووە، دوای ئەویش پارێزگای هەولێر دێ کە 24 هەزار و 430 مامەڵە لە دادگاکانی کراوە، پارێزگای دهۆک بە 16 هەزار و 689 مامەڵە بە پلەی سێیەم و گەرمیانیش بە سێ هەزار و 664 مامەڵە بە پلەی چوارەم دێ.

ئاماری (مارەبڕین، تەڵاق، هێنانی ژنی دووەم و پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی)

| پارێزگا | ساڵ | مارەبڕین | ڕێ پێدان به ژنهێنانی دووەم | پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی | تەڵاق و جیابوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 2018 | 15025 | 26 | 1216 | 3598 |
| | 2019-9 | 11144 | 21 | 800 | 3115 |
| سلێمانی | 2018 | 13836 | 48 | 1120 | 4085 |
| | 2019-9 | 11033 | 33 | 706 | 3448 |
| گەرمیان | 2018 | – | – | – | – |
| | 2019-9 | 1933 | 0 | 12 | 689 |
| دهۆک | 2018 | 10902 | 5 | 565 | 1509 |
| | 2019-9 | 8322 | 5 | 597 | 1129 |



## لە زاخۆ پیاوێکی تەمەن 53 ساڵ کوژرا

**ڕووداو – هەولێر**

ڕۆژی 2020/1/17 لە ناوچەی شەعبانی قەزای زاخۆ پیاوکی دەستڕێژی گوللەی لێکرا و کوژرا، پۆلیسیش ڕووداوەکەی بۆ کێشەی دوژمنداری گەڕاندەوە.
مقەدەم هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پیاوەکە ناوی (غ.ع)ە و تەمەنی 53 ساڵە، دوو ژن و 21 منداڵی هەیە، لەکاتی دەرچوونی لە مزگەوت لەلایەن ژمارەیەک چەکدارەوە دەستڕێژی گوللەی لێکراوە و کوژراوە". گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک گوتیشی: "تەرمی ئەو هاووڵاتییە بۆ پزیشکی دادی دهۆک گواستراوەتەوە، پەراوی لێکۆڵینەوەمان بۆ دۆسیەکە کردووەتەوە، لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕووداوە دەستپێکردووە، هۆکاری کوشتنەکەشی بۆ کێشەی دوژمنداری دەگەڕێتەوە".

# خوێندکارێکی زانکۆ خۆی دەخنکێنێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

"تکایە ئاگاداری خوشک و براکانم بن، با مۆبایل زۆر بەکارنەهێنن". ئەمە داواکاریی ڕەوا بووە بەر لە خۆخنکاندنی، هەر لە نامەکەدا دەڵێت شەوان زۆر گوێی لە قورئان گرتووە، بەڵام نەیتوانیوە خۆی بدۆزێتەوە. داواشی لە دایک و باوکی کردووە گەردنی ئازاد بکەن.

سەعات 11ی پێشنیوەڕۆی 2020/1/8 گەنجێکی تەمەن 19 ساڵ بەناوی ڕەوا فوئاد، دانیشتووی گەڕەکی ژیان لە شاری هەولێر، لە نێو ماڵەکەی خۆیدا خۆی خنکاند. ڕەوا خوێندکاری قۆناغی دووەمی بەشی ماتماتیک بوو لە کۆلێژی بنەڕەتیی زانکۆی سەلاحەددین.

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادار کرانەوە، چوونە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمەکەیان ڕەوانەی پەیمانگای پزیشکی دادی هەولێر کرد". گوتیشی کە دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کردووە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو گەنجە، هۆگر عزیز گوتی: "ئێمە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەداین، نازانین هۆکاری خۆخنکاندنی چییە. ئەو گەنجە نامەیەکی لە دوای خۆی جێهێشتووە داوا لە دایک و باوکی دەکات گەردنی ئازاد بکەن".

> **نامەی ڕەوا:**
> تکایە ئاگاداری خوشک و براکانم بن با مۆبایل زۆر بەکارنەهێنن

مامۆستا فوئاد کە باوکی ڕەوایە، دوای تەواوبوونی پرسەی کوڕەکەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "ڕەوا زۆر حەزی لە بەشی ئینگلیزی بوو، بەڵام ناوی لە بەشی ماتماتیک گەڕایەوە، حەزی لەو بەشە نەبوو، بەڵام لەسەر داوای من دەستی بە دەوام کرد، ساڵی یەکەم دەیگوت وانەکانم زۆر گرانن و هیچیان لێ تێناگەم".

سەرەڕای ئەوەی حەزی لە بەشی ماتماتیک نەبوو، بەڵام ڕەوا قۆناغی یەکەمی کۆلێژی بە سەرکەوتوویی تەواو کرد، کەچی لە قۆناغی دووەمدا زۆر بە کەمی دەوامی دەکرد، ئەوەش باوکی نیگەران کردبوو.

باوکی ڕەوا باسی هەڵسوکەوتی کوڕەکەی دەکات و دەڵێت: "ڕەوا زۆربەی کات شەوان هەتا درەنگ خەریکی یاریی پەبجی بوو، هەر بەو هۆیەوە زۆرجار بەیانیان بە ئاگا نەدەهات و نەدەچوو بۆ دەوام، بەڵام بەمدواییە وازی لە پەبجی هێنابوو، زۆرتر گوێی لە گۆرانی و قورئان دەگرت".

مامۆستا فوئاد کاتێک دەزانێت کوڕەکەی باری دەروونیی جێگیر نییە، دەیباتە لای پزیشکێکی دەروونی. باوکی ڕەوا دەڵێت: "دوای ئەوەی بردمە لای پزیشکی دەروونی، پزیشکەکە قسەی لەگەڵ کرد و گوتی تۆ کوڕێکی ڕۆشنبیری، بەشی زانستیت تەواو کردووە، بۆچی ناتەوێ بخوێنی؟ پاشان هەندێک چارەسەری پێدا".

ڕەوا چارەسەرەکانی بەکارهێناوە، بە گوتەی باوکی لەگەڵ بەکارهێنانی چارەسەرەکانی باش بووە و بەمدواییە زۆربەی کات گوێی لە قورئان دەگرت، وازی لە یاری پەبجیش هێنابوو.

باوکی ڕەوا باسی دوایین پەیوەندی نێوان خۆی و کوڕەکەی دەکات و دەڵێت ئەو ڕۆژەی خۆی خنکاند، سەعات نۆی سەر لەبەیانی تەلەفۆنی بۆ کردووە، داوای لێکردووە بچێت گەنم بداتە مریشکەکان. ئەویش گوتبووی باشە.

ڕەوا ئەو ڕۆژە ئەگەرچی لە کۆلێژ تاقیکردنەوەی هەبووە، بەڵام نەچووە بۆ دەوام.

نزیکەی سەعات 11ی پێش نیوەڕۆ برا بچووکەکەی ڕەوا لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە و چەند جارێک بانگی ڕەوا دەکات، وەڵام ناداتەوە، دوایی داوا لە برا گەورەکەی دەکات تەلەفۆنێک بۆ ڕەوا بکات، کاتێک برا گەورەکەی تەلەفۆن دەکات، زەنگی مۆبایلەکەی ڕەوا لە هەورەبانی ماڵەکەیانەوە دەنگی دێت، کە برا بچووکەکەی دەچێتە سەرەوە، دەبینێ ڕەوا خۆی خنکاندووە.

مامۆستا فوئاد ئەو کاتەی هەواڵی خۆخنکاندنی کوڕەکەی پێدراوە لە قوتابخانە بووە، بۆیە لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان بە پەلە دەگەڕێتەوە ماڵەوە.

دوای گەڕان کەسوکارەکەی نامەیەکی ڕەوایان دۆزییەوە کە نازانرێ چەند پێش خۆخنکاندنەکەی نووسیویەتی. مامۆستا فوئاد باسی ناوەڕۆکی نامەکە دەکات و دەڵێت: "لە نامەکەدا دەڵێت باوکە گیان زۆرم خۆشدەوێی، دایکە گیان تۆشم خۆشدەوێت. لێم توورە مەبن من لە ژیان بێزار بووم، شەوان زۆربەی کاتەکان گوێم لە قورئان دەگرت بەڵام هەست دەکەم خۆم ون کردووە، گەردنم ئازاد بکەن. ئاگاداری خوشک و براکانم بن، مۆبایل زۆر بەکارنەهێنن، هەندێک پارەم هەیە بیدەنە کەسێک یان ماڵێک کە هەژار بن و پێویستیان پێبێت.. خواتان لەگەڵ".

باوکی ڕەوا پێیوایە تاکە هۆکاری خۆخنکاندنی کوڕەکەی ئەوە بوو کە زۆر مۆبایلی بەکارهێناوە و زۆریش یاریی پەبجی کردووە، ئەگەرنا نە لە ماڵەوە و نە لە کۆلێژیش کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە.


ڕەوا ئەو ڕۆژەی خۆی خنکاند لە کۆلێژ تاقیکردنەوەی هەبوو

# "لە هەژاری بێزار بووم بۆیە خۆم خنکاند"

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو– چەمچەماڵ**

ئیدی کەس بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا ناگەڕێت کە "غەریب بۆچی خۆی خنکاند؟" چونکە لە نامەیەکدا کە دوای خۆخنکاندنەکەی دۆزراوەتەوە، هۆکارەکەی بۆ هەموو لایەک ڕوون کردووەتەوە.

ڕۆژی 2020/1/5، گەنجێکی تەمەن 24 ساڵ بەناوی غەریب ڕەزا، دانیشتووی گەڕەکی ئاشتی لە قەزای چەمچەماڵ، لەنێو ماڵەکەیدا بە پەت خۆی خنکاند.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی سەبارەت بەخۆخنکاندنی ئەو گەنجە بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی کەسوکەری ئەو کوڕە تەرمەکە دەبەنە نەخۆشخانە، پۆلیسی چەمچەماڵ لە ڕووداوەکە ئاگادار کرانەوە و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد".

ئەو گەنجە نامەیەکی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە کە باسی هۆکاری خۆخنکاندنەکەی دەکات.

نەقیب سەرکەوت ناوەڕۆکی نامەی گەنجەکەی ئاشکرا کرد و گوتی: "ئەو گەنجە لە نامەکەیدا دەڵێت من لەبەر هەژاری، لە ژیانی خۆم بێزار بووم، بۆیە خۆم خنکاند".

غەریب قوتابی قۆناغی سێیەمی بەشی کارگێڕیی کار بوو لە زانکۆی چەرمۆ، بەڵام بە گوتەی براکەی ئەمساڵ نەیتوانیوە بخوێنێ.

جەزا ڕەزا کە برای غەریبە، دەڵێت براکەی گوتوویەتی خوێندن هیچ سوودێکی نەماوە، بۆیە ناچێتەوە بۆ کۆلێژ، ئەوانیش سەرپشکیان کردووە لە نێوان بەردەوامبوون و وازهێنان لە خوێندنەکەی.

غەریب ئەگەرچی لە نامەکەیدا باسی لەوە کردووە کە هەژارە، بەڵام دوای وازهێنانی لە کۆلێژ هیچ کارێکی نەکردووە و زۆربەی کات لە ماڵەوە گۆشەگیر بووە.

جەزای برای دەڵێت: "ئێمە هەم بۆ خوێندنەکەی و هەم بۆ کارنەکردنیشی نەمانویست زۆری لێ بکەین، سەرپشکمان کرد کە چی بە باش دەزانێ ئەوە بکات. ئەو زۆربەی کات لە ماڵەوە گۆشەگیر بوو، هەوڵیشی نەدەدا ئیشێک بکات یان بەدوای ئیشدا بگەڕێ".

بە گوتەی جەزا، براکەی هەمیشە چاوی لەوە بووە بەو تەمەنە کەمەوە خاوەنی زۆر شت بێ و خۆش بژی، ئەوانیش هەوڵیان داوە ژیانێکی باشی بۆ فەراهەم بکەن، بەڵام نەیانتوانیوە سەرجەم خواستەکانی جێبەجێ بکەن.

جەزا باسی خۆخنکاندنی براکەی دەکات و دەڵێت: "نزیکەی سەعات هەشتی بەیانی دایکم چووبووە ژوورەکەی بەخەبەری بهێنێ، بەڵام کە دەرگای ژوورەکەی کردبووەوە، بینیبووی خۆی خنکاندووە.

جەزا دەڵێت: "دایکم هاواری کرد و منیش بەپەلە ڕامکردە سەرەوە، بینیم بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە، خۆم پەتەکەم لە ملی کردەوە و بەپەلە گەیاندمە نەخۆشخانە، بەڵام پزیشکەکان گوتیان لە شەوەوە تەواو بووە، هەستێکی زۆر ناخۆشم هەبوو کە من پزیشکم و نەمتوانی گیانی براکەم ڕزگار بکەم".

جەزا باسی لەوە کرد کە غەریبی برای ئەو سێ مانگەی دوایی، بەتەواوی خۆی گۆشەگیر کردبوو، لە ژوورەکەی نەدەهاتە دەرەوە و قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد.

سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی پۆلیس دەڵێت لە دوای خۆی جێیهێشتووە. جەزا گوتی "ئێمە نامەکەمان نەبینیوە، دوای ئێمە پۆلیس چووەتە ژوورەکەی و نامەکەی بینیوە. ئەوان دەڵێن لە نامەکەدا نووسیویەتی من لە هەژاری بێزار بووم، بۆیە کۆتایی بە ژیانی خۆم دەهێنم".

بەڵام جەزا دەڵێت براکەی لە هیچ شتێکی کەم نەبوو، نازانێ مەبەستی براکەی لە "هەژاری" چی بووە!

بەڵام سەرچاوەیەک کە ئاگاداری ژیانی ئەو خێزانە بووە، دەڵێت: "ئەو کوڕە کچێکی خۆشدەویست، نەیاندەتوانی بەیەک بگەن و ئەوەش تووشی خەمۆکیی کردبوو".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت چەند جارێک شەوان بە بەردەگای ماڵی غەریبدا ڕۆیشتووە و غەریبی لەبەردەرگا بینیوە خەریکی جگەرەکێشان بووە. "لە چەند هاوڕێیەکی خۆم پرسی کە ئەویان دەناسی، گوتیان ئەو کوڕە کچێکی خۆشدەوێت، بۆیە وای لێهاتووە".

ئەو کەسە پێیوایە غەریب لە نامەکەدا مەبەستی ئەوە بووە کە خۆی هەژارە نەک باوکی، چونکە ئەگەر ئەو پارەی هەبووایە خۆی دەڕۆیشت بۆ داوای کچەکە.

سەبارەت بەوەی دەگوترێ غەریب کچێکی خۆشویستووە. جەزا گوتی "ڕاستە جارێک براکەم داوای کردبوو ژنی بۆ بهێنین، بەڵام قەت نەیگوتووە کەسێک لە ژیانیدا هەیە. ئێمەش دەمانەوێ بزانین بۆچی خۆی خنکاندووە، بەڵام پێموایە ئەوە هۆکاری خۆخنکاندنی براکەم نییە".


غەریب ڕەزا

# لە کەرکووک گەنجێکی 17 ساڵان خۆی دەکوژێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- کەرکووک**

عەبدوڵڵا بە دایکی گوتبوو دەچێتە ژوورەکەی پشوو دەدات، بەڵام لە ژوورەکەی خۆی بە گوللەیەکی دەمانچە خۆی کوشت. مامی عەبدوڵڵا دەڵێت نازانن ئەو دەمانچەیەی لە کوێ دەستکەوتووە.

سەعات هەشتی شەوی 2020/1/5، گەنجێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی عەبدوڵڵا شوان، دانیشتووی گەڕەکی کوردستان لە شاری کەرکووک، لە ژوورەکەی خۆیدا لە نهۆمی دووەمی ماڵەکەیاندا بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

عەمید ئەفراسیاو کامیل، گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی بنکەی پۆلیسی عەرەفە لە ڕووداوێکی خۆکوشتن ئاگادارکرانەوە، پۆلیس چوونە ماڵەکە و لێکۆڵینەوەیان لە ڕووداوەکە کرد".

باوکی عەبدوڵڵا لە ئیفادەیدا بۆ پۆلیس دەڵێت: "کوڕەکەم لە منداڵییەوە بە قسەی کەسی نەدەکرد، هەر شتێکمان پێگوتبایە پێچەوانەکەی دەکرد. بەمدواییە بەبێ هۆ شەڕی بە من دەفرۆشت، بەڵام نازانین بۆچی خۆی کوشتووە".

سەبارەت بەو دەمانچەیەی کە خۆی پێ کوشتووە، باوکی لە ئیفادەکەیدا گوتوویەتی نازانن لە کوێی هێناوە. عەمید ئەفراسیاو دەڵێت سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن بزانن ئەو دەمانچەیەی لە کوێ هێناوە. هەروەها بزانن بۆچی خۆی کوشتووە.

زانا ئەحمەد کە مامی عەبدوڵڵایە، لە پرسەی برازاکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "عەبدوڵڵا منداڵێکی لاسار بوو، هەمیشە پێچەوانەی ئەو شتەی دەکرد کە پێتدەگوت، دایک و باوکی چاوەڕێ بوون کوڕەکەیان گەورە ببێ و هەڵسوکەوتی بگۆڕێ، بەڵام هەر چاک نەبوو".

عەبدوڵڵا قوتابی بووە، بەڵام بە گوتەی مامی، پارساڵ وازی لە خوێندن هێناوە، سەرەتا لە دووکانێک کاری دەکرد، بەمدواییەش باوکی مارکێتێکی بۆ دانابوو، بەو هیوایەی سەرقاڵ ببێ و لە کێشە دووربکەوێتەوە، بەڵام مامی دەڵێت: "عەبدوڵڵا هەموو ڕۆژێک کێشەیەکی بۆ خێزانەکەی دروست دەکرد".

بە گوتەی خێزانەکەی، عەبدوڵڵا لە دەرەوە کەسێکی زۆر بێ کێشە بووە، لەگەڵ خەڵک باش بووە، هەموو ئەوانەی ناسیویانە بە پەرۆشن بۆی. زانا دەڵێت "زۆر بەلامانەوە سەیر بوو، بۆچی عەبدوڵڵا دوو کەسایەتی جیاوازی هەبوو، لە دەرەوە نەرم و لەسەرخۆ، لە ماڵەوەش شەڕانگێز و توندوتیژ".

زانا باسی لەوەش کرد کە هەفتە نەبوو عەبدوڵڵا لەگەڵ باوکی شەڕ نەکات، دوایین شەڕیشی لەگەڵ باوکی، سێ ڕۆژ بەر لە خۆکوشتنەکەی بوو، داوای لە باوکی کردبوو ئۆتۆمبێلی بۆ بکڕێت، ئەویش گوتبووی جارێ پارەم بەدەستەوە نییە، هەندێک پارەم لەنێو ئیشدایە کە وەرمگرتەوە بۆت دەکڕم.

هەرچەندە تەمەنی عەبدوڵڵا نەگەیشتبووە تەمەنی یاسایی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل کە 18 ساڵە، بەڵام بەو حاڵەشەوە باوکی بەڵێنی پێدابوو ئۆتۆمبێلی بۆ بکڕێ.

وەک زانا باسی دەکات، باوکی عەبدوڵڵا پەیوەندی پێوەکردبوو کە عەبدوڵڵا داوای ئۆتۆمبێل دەکات و گوتبووی ئۆتۆمبێلێکی باشی بۆ بدۆزنەوە. زانا لەسەر قسەی براکەی، تەماشای دوو ئۆتۆمبێلیشی کردبوو، بەڵام فریانەکەوتن ئۆتۆمبێلەکە بکڕن و عەبدوڵڵا خۆی کوشت.

زانا باسی شەوی ڕووداوەکەی کرد و گوتی: "ئەو شەوە عەبدوڵڵا نانی ئێوارەی لەگەڵ ماڵەوەیان خواردبوو، باوکی و براگەورەکەی دوای نانی ئێوارە چووبوونە دووکان، عەبدوڵڵاش بە دایکی گوتبوو دەڕۆمە ژوورەکەم پشوو دەدەم".

ئەو کاتەی عەبدوڵڵا خۆی کوشتووە تەنیا دایکی و براژنەکەی لەماڵ بوونە. کاتێک دایکی گوێی لە دەنگی تەقە بووە، ڕایکردووەتە نهۆمی سەرەوە و چووەتە ژووری عەبدوڵڵا، بینیویەتی کوڕەکەی لە نێو خوێندا کەوتووە.

زانا لە ڕێگەی خاڵی عەبدوڵڵاوە هەواڵی مەرگی برازاکەی زانیبوو، ئەو دەڵێت بە بیستنی هەواڵەکە شۆک بووە، چونکە خەریکی ئەوە بووە ئۆتۆمبێل بۆ عەبدوڵڵا بکڕێ.

سەبارەت بە هۆکاری خۆکوشتنی برازاکەی، زانا گوتی: "ئێمە نازانین بۆچی خۆی کوشتووە. تەنانەت بەلامانەوە سەیرە ئەو دەمانچەیەی لە کوێ دەستکەوتووە".

بەڵام سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "عەبدوڵڵا کچێکی خۆشدەویست، ماڵەوەیان چەند جارێک چوونە داوای، بەڵام ماڵی کچەکە ڕازی نەبوون، عەبدوڵڵاش لەوە بێزار بووە، بۆیە خۆی کوشتووە". بەگوتەی ئەو سەرچاوەیە، لەدوای ئەو ڕووداوە کێشە کەوتووەتە نێوان ماڵی عەبدوڵڵا و ماڵی کچەکە و گوتوویانە کوڕەکەیان هیچ کێشەی نەبووە و بەهۆی کچەکەی ئێوەوە خۆی کوشتووە، بەڵام مامی عەبدوڵڵا ئەمەی ڕەتکردەوە و گوتی عەبدوڵڵا هیچ کچێکی خۆشنەویستووە.


عەبدوڵڵا شوان

## کۆرنێلیا ئێرنست، بەرپرسی گرووپی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران بۆ (ڕووداو):

# کوشتنی سولەیمانی بڕیارێکی هەڵە بوو

کۆرنێلیا ئێرنست، بەرپرسی گرووپی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران دەڵێت ئەوان دژی سزاکانی ئەمریکان لەسەر ئێران، چونکە پێیوایە ئەو سزایانە تەنیا کاریگەری خراپی لەسەر هاووڵاتیانی ئێران جێهێشتووە. هەروەها دەڵێت، پێویستە پەرلەمانی ئەوروپا پشتیوانی خۆپیشاندەرانی ئێران بکات و گرووپێک لە ئەندامانی پەرلەمانەکە سەردانی ئێران بکەن. ئەو نایشارێتەوە کە ئێران بەنیازی دروستکردنی چەکی ئەتۆمییە، بۆیە دەڵێت دەبێ هەموو ئەو ڕێگایانە تاقیبکەنەوە کە ڕێگر دەبن لەوەی ئێران چەکی ئەتۆمی بەدەستبێنێ.

**هەڤپەیڤین: زنار شینۆ**
**ڕووداو – برۆکسل**



کۆرنێلیا ئێرنست قسە بۆ زنار شینۆ، پەیامنێری ڕووداو دەکات
(فۆتۆ: ڕووداو)

> له سەردەمی ڕۆحانیدا ڕەوشی مافی مرۆڤ باشتر نەبووە

> خەڵکی ئێران لە ئەوروپییەکان بێئومێد بوون، دەڵێن ئێمەتان بە تەنیا جێهێشت

> ئەو گەمارۆ نوێیانەی لەلایەن ئەمریکاوە خراونەتە سەر ئێران زۆر بێ مانان

**ڕووداو: ئەوەی ئێستا لە نێوان ئێران و ئەمریکا ڕوودەدات بەلای ئێوەوە چەندە جددییە؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** ڕەوشەکە ئاڵۆز بووە و ئەوەش دەبێتە هۆی نارەحەتبوونی هەموو لایەک. یەکێک لە نارەحەتییەکان لێدانی فڕۆکەکەی ئۆکراین بوو، هەرچەندە بە هەڵە خرابووە خوارەوە، بەڵام کارەساتێکی مەزنی مرۆیی بوو بۆ ئێران و وڵاتانی دیکەش. لەگەڵ ئەو نارەحەتیانە ژمارەی هەڵەکانیش بەرامبەر یەکدی زیاتر دەبن. من لەو باوەڕەدام ئێمە ئێستا لە قۆناغی شەڕی ساردین، دەبێ نەهێڵین ئەو شەڕە ببێتە شەڕێکی گەرم.

**ڕووداو: ئەوروپییەکان لە پەیامەکانیاندا نیگەرانییان پێوە دیارە، مرۆڤ وا هەست دەکات کە ئەوروپییەکان هیچ ئامرازێکی دیبلۆماسییان لەبەردەست نییە بۆ ئەوەی باڵانس لە نێوان تاران و واشنتن ڕابگرن، بۆچوونی تۆش وەها نییە؟ یان هەوڵی دیکە هەن؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** هەموو شتێک لە دەستی ئێمەدایە، تەنیا پێویستی بەوەیە ئێمە بە ئیشی بخەین، ڕاستییەکەی ئەگەر ئێمە بترسین بە ئەمریکا بڵێین: سیاسەتی زیادکردنی ئاڵۆزییەکان هەڵەیە، ئەو کاتە ئێمە ناتوانین هەنگاو بنێین. من لەو باوەڕەدام دابەشبوونێک لە ڕیزی ڕۆژئاواییەکاندا هەیە. زۆر بە باشی هەست بەمە دەکرێ.

> لە پەرلەمانی ئەوروپا پشتوانییەکی زۆر بۆ خۆپیشاندەرانی ئێران هەیە

ئەمەش تەنیا لە سەردەمی ترەمپدا نییە. ئێمە سکاندالی پاراستنی زانیاریمان هەیە، جیاوازیمان لە پەیوەندی بازرگانی و ڕێککەوتنی بازرگانی هەیە. زۆر بوار هەن کە ئێمە وەکو ئەورووپی و ئەمریکییەکان لەسەری ڕێکناکەوین.

ئێمە دەبێ ئەوە بزانین کە لێرە شتێک ڕوویداوە دەبێ ڕووبەڕووی ببینەوە، ئێمە نە لە دژی ئەمریکاین و نە لە دژی پەیوەندییەکانی ناتۆین، بەڵام بەو شێوەیە ناتوانین بەرەوپێش بچین. من لەو باوەڕەدام نابێ ئەوروپا تەنیا بە یەک گوتار و یەکهەڵوێست دانوستاندن بکات، بەڵکو دەبێ پەیوەندییەکانی دیکەش بپارێزین، بەبێ ئەو پەیوەندیانە ناتوانین سەرکەوتوو بین. بۆ نموونە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ڕووسیا. زۆر ڕوونە لە شەو و ڕۆژێکدا گۆڕانکاری بەسەر پەیوەندییەکانی ناتۆدا دێ، ئەگەر ئێمە بە لانیکەم پەیوەندی خۆمان لەگەڵ ڕووسیا ئاسایی بکەینەوە، ئەو کات باڵانسێکی باشتر لەوەی ئێستا لە جیهاندا دەبێ.

**ڕووداو: قاسم سولەیمانی، دەستی درێژی ئێران بوو لە ناوچەکە، لانیکەم لە عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەن. بە بۆچوونی ئێوە، دوای نەمانی سولەیمانی چالاکییەکانی ئێران لە ناوچەکە کەم دەبنەوە؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** نەخێر، بە هیچ شێوەیەک. بێگومان سولەیمانی لایەنگری دیموکراتی نەبوو، ئەرکی ئەو بەهێزکردنی کاریگەریی شیعەگەرایی بوو. ئێران ببێتە هێزی پارێزەری شیعەگەرایی، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان لە ناوچەکە بەهێزتر بکەن. بەدڵنیاییەوە ئێمە پشتیوانی ئەمە ناکەین، بەڵام دەتوانین بڵێین کوشتنی سولەیمانی بڕیارێکی هەڵەی ئەمریکا بوو، یان سەرۆکی ئەمریکا بوو کە کۆنگرێس دەنگی لەسەر نەدابوو.

> ئەگەر شتێک لە ئێران ڕووبدات، کۆچبەران دێنە لای ئێمە نەک ئەمریکا

**ڕووداو: دوای دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی (5+1)، ئەوروپییەکان بە تایبەتی (E3) ئەڵمانیا، فەرەنسا و بەریتانیا، هەوڵیاندا بە شێوەیەک لە شێوەکان کەناڵی پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ ئێران (instex) بەردەوام بێ، بەڵام سەرنەکەوتن. بە بڕوای تۆ دوای دەرچوونی ئەمریکا، ئەو سێ وڵاتە دەتوانن درێژە بە ڕێککەوتنەکە بدەن؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** بەڵێ بێگومان. ئەگەر ئێمە سەیری 20 ساڵی ڕابردوو بکەین، هیچ ئەنجامێکی پێشکەوتوومان دەستنەکەوتووە، تەنیا ئەو ڕێککەوتنە نەبێ کە بەرهەمی سیاسەتی ئاشتیانە بووە. دەبێ ئێمە شەڕ بۆ ئەو ڕێککەوتنە بکەین و ڕێگری لەوە بکەین کە ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی. بەشی پێویست هێزی ئەتۆمی لە ناوچەکە هەن و پێویست بە هێزی دیکەی ئەتۆمی ناکات. دەبێ ڕێگری لەمە بکرێ، جا ڕێککەوتنەکە وەکو خۆی بهێڵینەوە، یان هەندێک گۆڕانکاری تێدا بکەین، ئەوە پرسیارێکی دیکەیە. دەبێ بزانین ئێمە دەتوانین چی بکەین.

من پشتگیری کاری هەرسێ وڵاتەکە دەکەم و دەبێ بەردەوام بن، چونکە ئەوە لە بەرژەوەندی ئێمەدایە. ئەگەر شتێک بەسەر ئێران بێ، کاریگەری لەسەر ئێمەش دەبێ. ئەوکات چی ڕوودەدات؟ پەنابەر دێن بۆ لای ئێمە، ناچن بۆ ئەمریکا. ئەمریکی و ئەوروپییەکان بەرژەوەندیی جیاوازیان لە ناوچەکەدا هەیە. بەرژەوەندیی ئێمە لە ئاشتیدایە. ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە ئێمە باشین، بەڵکو لە ئێرانەوە نزیکین، بەڵام هیچ خەمێک بۆ ئەمریکییان نییە، ئەوان کار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن.

**ڕووداو: لە دیسەمبەری 2019 پێشنیازت کردبوو شاندێکی پەرلەمانی ئەوروپا بچێتە تاران، بۆ ئەوەی ڕەوشی ئەوێ بزانن، تۆ هەر سووری لەسەر ئەوەی ئەو شاندە بچێ؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** ئێستا هەموو شت زەحمەتتر بووە، ڕۆژانە بڕیارەکان دەگۆڕێن، باشتر بوو ساڵی ڕابردوو ئەو شاندە بچێ، بۆ ئەوەی بە خەڵکی ئێران بڵێین ئەوروپا بە تەنیا بەجێتان ناهێڵێ. ئێمە دەمانەوێ پەیوەندیی ئابووریتان لەگەڵ دروست بکەین، ئێمە دەمانەوێ وڵاتێکی وەکو ئێوە بەڕووی جیهاندا بکرێتەوە. بێگومان سەردانەکە نەکرا و ئێستاش زەحمەتە بکرێ.

> نابێ دیالۆگ لەگەڵ ئێران ڕابگیرێ

**ڕووداو: لەو باوەڕەدان پەرلەمانتارانی ئەوروپا بتوانن ڤیزای ئەو سەفەرە وەربگرن؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** ئێستا زەحمەتە، بەڵام هیوایەک هەر هەیە.

**ڕووداو: هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا دەربارەی خۆپیشاندانەکانی ئێران چی بوو؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** لە پەرلەمانی ئەوروپا پشتوانییەکی زۆر بۆ خۆپیشاندەران هەبوو، پێویستە وەهاش بێ. ئەمە دوو باسی جیان. ئەوەی پەیوەندی بە خۆپیشاندانەکانەوە

> سیاسەتی ئەمریکا زیادکردنی ئاڵۆزییە و ئەمەش هەڵەیە

هەیە، دەبێ بەبێ دوودڵی لەگەڵیان بین کە ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن لە کاتێکدا کەناڵی پەیوەندیکردن بلۆک کرابوون، ئەوە کارێکی وێرانکارییە. ئەوانەی لە دژی خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکرانییەکە خۆپیشاندانیان کرد، ئێمە بە ئاشکرا گوتمان پشتگیریان دەکەین. سەرەڕای ئەمەش نابێ دیالۆگ لەگەڵ ئێران ڕابگیرێ. مرۆڤ دەبینێ هێدی هێدی دەرگاکان دەگیرێن، ئەوکات خەڵک بە تەنیا دەمێننەوە، نابێ ڕێگە بەمە بدەین.

**ڕووداو: هیچ دیدار و گفتوگۆیەکت لەگەڵ ئێرانییەکاندا هەبووە؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** بە خۆشحاڵییەوە! بەڵێ بینیومن. نە تەنیا ئەو ئێرانیانەی لە تاراوگەن، بەڵکو ئەوانەی هاتوچۆی ئێران دەکەن، ژنیشیان لەنێودا بوو. من پێموایە ئەگەر گۆڕانکارییەک لە ئێران ڕووبدات، ژنانی ئێران ڕۆڵێکی کاریگەریان تێدا دەبێ. بزووتنەوەیەکی ژیرن و وەکو ئەوروپا نین. تەڤگەرێکی سەربەخۆ و پێشکەوتووە. ئەوان گلەییان لە ئێمە کرد و داوایان کرد سەفەری ئێران بکەین. ئێمە دەبێ ئەوە بکەین، ئەگەر هیچ سوودیشی نەبێ. هەڵبەت لەگەڵ نوێنەری لایەنی دیکەی ئێرانیش پەیوەندیمان هەیە، هەروەها لەگەڵ ڕژێمیش.

**ڕووداو: لە کاتی دانوستاندن لەسەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی، ڕەوشی مافی مرۆڤ وەکو پێویست قسەی لەسەر نەکرا، ئەوە هەڵە نەبوو؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** بەڵێ ئەوە ڕاستە، دەبێ بڵێین ئەو لایەنە زۆر لەبەرچاو نەگیرابوو. هەرچەند گوترابوو کە دیالۆگێکی تایبەت بە مافی مرۆڤ هەبێ و دەستیشی پێکردبوو، بەڵام لە دواییدا بەهۆی ئەو ڕەوشەی دروست بوو، ئەویشمان هەڵپەسارد. دەتوانین بڵێین لە سەردەمی ڕۆحانیدا ڕەوشی مافی مرۆڤ باشتر نەبووە. خەڵکێکی زۆر لە زیندانە، شوفێری بارهەڵگر کە بۆ مووچەکەی خۆی ناڕەزایی دەربڕیوە، ئێستا لە زیندانە. ئەمە شتێکی بێ مانایە. دەمەوێ باسی نەسرین ستوودە بکەم کە ساڵی 2012 خەڵاتی ساخارۆڤی وەرگرت و ئێستا لە زیندانە. ئێمە ئەوە بە مەترسی دەبینین. بەڵام دیسان ئێمە دەبێ لەگەڵ ئەوان قسە بکەین، هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە تەنیا چوونی ئێمە نەبێ بۆ ئێران. ئێمە دەتوانین هێز بدەینە خەڵکی ئێران.

> کوژرانی سولەیمانی دەستی ئێران لە ناوچەکە کورت ناکاتەوە

**ڕووداو: لە ئێران لانیکەم شەش گرووپی نەتەوەیی هەن، وەکو کورد، عەرەب، فارس و نەتەوەی دیکە، هەڵوێستی ئێوە بەرامبەر مافەکانی کورد چییە؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** هەندێک یاسا بەپێی دەستووری ئێران هەن خراپ نین، بەڵام ئێمە دەزانین ئەوەی بە ئەسڵ ئێرانی نەبێ، شیعە نەبێ، هیچ مەکانەتێکی نییە. گرووپە نەتەوەییەکانی ئێران مافی بڕیاردانیان لە چارەنووسی خۆیان نییە. ئێمە دەزانین ئەوان زۆر ئاریشەیان هەیە. سیاسەتێکی خراپ بۆ نموونە بەرامبەر کورد پەیڕەو دەکرێ، بە بڕوای من زۆر گرنگە دەنگی ئەو نەتەوانە لە ئێران بەرز ببێتەوە و ببیستین و پشتگیری لە مافەکانیان بکرێ.

**ڕووداو: پێشنیازی تۆ بۆ هاوکارانت لە کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەوروپا چییە کاتێک جەواد زەریف یان بەرپرسانی باڵای دیکەی ئێران دەبینن؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** سەرەتا دەبێ ئەوان ببینین، ئەو پرسانەیان لەگەڵ باس بکەین کە لە ئەجێندای کۆبوونەوەکاندا بن نەک لە پەراوێزدا باس بکرێن. سەیری ئێران بکە، ئێستا چی دەبینی؟ خەڵکی ئێران لە ئەوروپییەکان بێئومێد بوونە، دەڵێن ئێمەتان بە تەنیا بەجێهێشت. ئێمە زۆر ڕیسکمان کرد لێ ئێوە بە تەنیا بەجێتانهێشتین. ئەوان لە ساڵی 2009 هاتنە سەر شەقام، ئێستاش بەچڕی هاتوونەتە سەر شەقام. پێویستە پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا پشتگیرییان بکات.

**ڕووداو: هەنگاوی پراکتیکی ئێوە چییە بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندەرانی ئێران؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** ئێمە پێویستمان بە دیالۆگی مافەکانی مرۆڤ هەیە، دەبێ دەزگاکان و پەرلەمانی ئەوروپا پشتگیری ئەمە بکەن. ئێمە دەخوازین مافی ژنان و مافی کوردان و کەمینەی دیکەی وەکو بەهائیان هەبێ. من تاکە کەس بووم لە سەردانەکەماندا باسی بەهائییەکانم کرد. بە بڕوای من گرنگە پەیوەندیی ئابووریش دروست بکەین.

> ئەوروپا کۆچبەری ناوێت، بۆیە نایەوێ پەیوەندیی خۆی لەگەڵ تورکیا تێکبدا

**ڕووداو: پەیوەندیی ئابووری یان گەمارۆی ئابووری؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** نەخێر، ئێمە دژی گەمارۆی ئابوورین.

**ڕووداو: بۆچی؟ گەمارۆ سوودی نەبووە؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** ئەو گەمارۆ نوێیانەی لەلایەن ئەمریکاوە خراونەتە سەر ئێران زۆر بێ مانان. 80%ی هەناردەی ئێران نەوتی خاو و گازی سرووشتییە. کاتێک هەناردەی ئەمانە سفر بکەی، ئەوە ئابووریی ئەو وڵاتە تێکدەدەی. ئێستا ڕەوشەکە بە جۆرێکە کە خەڵک لەبەر بێ دەرمانی لە نەخۆشخانەکان دەردەکرێن. ئێمە بەهەموو جۆرێک دژی ئەوەین. ئێمە ئێستا باسی ئێران دەکەین، بەڵام گەمارۆکە کاریگەری لەسەر عێراقیش هەبووە. بۆ من ئێران و عێراق وەک ئۆرگانێکن کە پێکەوە بن. گەمارۆکان زیانیان هەیە و دەبێ نەمێنن.

**ڕووداو: بەڵام ئەوروپا دەتوانن چی بکەن بۆ ئەوەی چیدی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران پێشێل نەکرێ؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** گەمارۆی تایبەت بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ هەن، من ناڵێم با ئەوە نەمێنێ. ئەو گەمارۆیانەی کە یەکێتیی ئەوروپا دایناون و پشتگیرییان دەکەم. من باسی ئەو گەمارۆیانە دەکەم کە ئەمریکا دوای دەرچوونی لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی بەسەر ئێرانیدا سەپاندوون، ئەو گەمارۆیانە دەبێ نەمێنن. ئێمە دەتوانین چی بکەین، دەتوانین ڕای گشتی بجوڵێنین، ئێمە ناتوانین بەچەکەوە بچینە ناو ئێران بڵێین ئەوە بکەن و ئەمە نەکەن. گۆڕینی ڕژێمەکان ڕەفتارێکی ژیرانە نییە. ئێمە ئەنجامی ئەوەمان لە چەند وڵاتێک بینی. هیچ سوودی نەبوو. بەبڕوای من ئێمە دەتوانین کۆمەڵگەی مەدەنی ئەکتیڤ بکەین.

> گۆڕینی ڕژێمەکان ڕەڤتارێکی ژیرانە نییە و ئێمە ئەنجامی ئەوەمان لە چەند وڵاتێک بینی

**ڕووداو: جارێک ئێوە گوتبووتان، زانیاریتان هەیە کە ئێران چی دەکات پاش ئەوەی ڕایگەیاند هەتا 5% پابەندیی خۆی بە ڕێککەوتنەکە کەمدەکاتەوە. ئێران لەسەر پوختەکردنی یۆرانیۆم بەردەوام دەبێ؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** ئێمەش لەوە دەترسێین ئەو یۆرانیۆمەی ئێران پوختەی دەکات بەشی چەکی ئەتۆمی بکات. دەبێ ڕێگە لەمە بگیرێ، ئێمە ئێستا لەسەر ئەوە گفتوگۆ دەکەین پارێزگاری لەو خاڵ و شوێنانە بکەین کە ڕێگری لە ئێران دەکەن چەکی ئەتۆمی بەدەستبێنێ. بێگومان ئێران دەیەوێ چەکی ئەتۆمی دروست بکات، ئەمە بۆ هەموو ناوچەکە مەترسیدارە، بۆیە ئێمە زۆر نیگەرانین چونکە هێزێکی دیکەی ئەتۆمی بۆ جیهان زیاد دەبێ. ئێران بە شێوەیەکی سیستەماتیک خەریکی پوختەکردنی یۆرانیۆمە و بەردەوامیشە.

**ڕووداو: کاتێک ئێران لە ساڵی 2018 بۆردومانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە هەرێمی کوردستان کرد، ئەوروپا فزەی لێوە نەهات، بەڵام لەسەر فڕۆکە ئۆکرانییەکە هەمووتان هاتنە دەنگ، ئایا ئەمە پەیوەندی بەوە هەبووە کە ئەوان سڤیل بوون، یان لەبەر ئەوە لە بۆردومانەکە بێدەنگ بوون تا پەیوەندیی تاران و برۆکسل تێکنەچێ؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** سەیر بکەن لە عێراقی دوای سەددام چی ڕوویدا؟ سوننە ڕاکێشرانە نێو بارودۆخێکی خراپ. داعش قازانجێکی گەورەی لەمە کرد. دەستێوەردانی ڕۆژئاوا لە ئێران زۆر بە خراپی شکاوەتەوە. ئەگەر ساڵێک ئەمریکا هیچ شتێک نەکات ڕەوشەکە باشتر دەبێ، ئەمە بۆ ئەوروپییەکانیش ڕاستە. دەربارەی کوردان ئێوە دەزانن ڕەوش لە ئەوروپا چۆنە و هەڵوێستی یەکنەگرتوو دەربارەی کوردان لە هەر یەک لەو وڵاتانەی ئەوانی تێدان، هەیە. من بۆ خۆم چوومەتە هەرێمی کوردستان، بێگومان لەگەڵ حکومەتی کوردی کارمان هەبووە و پشتگیریمان کردوون. لەلایەن ئەوروپییەکانەوە هەڵوێستی جیاواز لەبارەی ئەو پرسانە هەیە، بێگومان ئەوەش کارەساتە. ئەوە پەیوەندی بە تورکیاشەوە هەیە، ئەوروپا کۆچبەری ناوێت، بۆیە نایەوێ پەیوەندیی خۆی لەگەڵ تورکیا تێکبدا. ئەوە سیاسەتێکە کە بەڕاستی وێرانکەرە.

**ڕووداو: ئێوە چیتان هەیە بۆ ئەو ئێرانیانەی لەسەر شەقامن، هەروەها پەیامتان بۆ سیاسەتمەدارانی ئێران چییە؟**

**کورنێلیا ئێرنست:** بۆ سیاسەتمەداران بەر لە هەموو شتێک نابێ تەقە لە خۆپیشاندەران بکەن. بۆ ئەوانەشی لەسەر شەقامن، دەڵێم ئێوە بە تەنیا نین، ئێمە لە تەلەفزیۆن دەبینین چی ڕوویداوە، ئێمە لە پشتتانین، ئێمە ناتوانین شەڕی ئێوە لە دەستی ئێوە دەربێنین. دەبێ خۆتان سەرکردایەتیی خۆتان بکەن. ئێوە دەزانن کە ئەمن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیام. ئەز دەزانم ئەوەی لە ئێران ڕوودەدات چ واتایەکی هەیە. کەس ئێمەی لە ئەستۆی خۆی نەگرت، پێویست بوو ئێمە خۆمان خۆمان بەڕێوەببەین. دەبێ خەڵکی ئێرانیش وا بکەن. ئێمە تەنیا دەتوانین پشتگیرییان بکەین. دەبێ ئێرانییەکان بەخۆیان بەسەر کۆماری ئیسلامیدا زاڵ بن. ئێمە ناتوانین ئەمە لە ئەستۆی خۆمان بگرین.

> لە ئێران سیاسەتێکی خراپ بەرامبەر کورد پەیڕەو دەکرێ

# هۆکارەکانی هەوکردنی ڕیخۆڵە کوێرە

**ڕووداو- Webmd**

ڕیخۆڵەکوێرە بەشێکە لە کۆڵۆن، دەکەوێتە لای ڕاست و بەشی خوارەوەی سک، تاوەکو ئێستا فرمانی سەرەکی نەزانراوە، بەڵام یەکێک لە تیۆرییەکان دەڵێت: "خانەی کۆکەرەوەی بەکتریا سوودبەخشەکانە". هەوکردنی ڕیخۆڵەکوێرە تارادەیەک گرفتێکی بەربڵاوە و بەزۆری تووشی ئەو کەسانە دەبێت کە تەمەنیان لەنێوان 10–30 ساڵە.

هەوکردنی ڕیخۆڵەکوێرە ئەوکاتە سەرهەڵدەدات کە بەهەر هۆکارێک بێت ڕیخۆڵەکوێرە بگیرێت، جا دەکرێت بەهۆی پیسایی، گرێی شێرپەنجەیی یان ماددەی دیکە بێت. دوای گیرانی، هەوکردن لەنێویدا دروستدەبێت و ئەمەش حاڵەتێکی فریاکەوتنە و پێویستە لاببردرێت.



## نیشانەکانی هەوکردنی ڕیخۆڵەکوێرە بریتین لە:

- **ئازاری لای ڕاست، بەشی خوارەوەی سک، زۆرجار دەکرێت ئازارەکە لە دەورووبەری ناوک دەستپێبکات.**
- **نەمانی ئارەزووی خواردن.**
- **هێڵنج و ڕشانەوە.**
- **تایەکی کەم.**

لەکاتی هەستکردن بە نیشانەکانی باشتر وایە ڕاستەوخۆ سەردانی پزیشک بکرێت، چونکە زوو دەستنیشانکردنی ڕێگە لە ڕووداانی لێکەوتە خراپەکان دەگرێت، لەوانەش تەقینی ڕیخۆڵەکوێرە. دەستنیشانکردنی گرفتەکە لەلایەن پزیشک پشت دەبەستێ بە نیشانەکانی و چەند پشکنینێک، لەوانەیە لە هەندێ باردا پێویست بە وێنە تیشکییەکان بکات لەوانە سۆنار.

هەوکردنی ڕیخۆڵەکوێرە حاڵەتێکی فریاکەوتنە و دەبێت لەڕێگەی نەشتەرگەرییەوە لاببردرێت، پێش نەشتەرگەرییەکە پزیشک دەرمانی دژە بەکتریا بە نەخۆشەکە دەدات و دوای 12 کاژێر لە نەشتەرگەرییەکەش، نەخۆشەکە دەتوانێت جووڵە بکات، لەماوەی دوو بۆ سێ هەفتەش دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆت.

# وەرزش بۆ چارەسەری گوشاری دەروونی



**ڕووداو- هێڵس لاین**

بەشێکی زۆری خەڵکی ڕۆژانە ڕووبەڕووی گوشاری دەروونی دەبنەوە، لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا نزیکەی 70%ی خەڵکی وڵاتەکە گوشاری دەروونییان لەسەرە، توێژینەوەی زۆریش لەبارەی کاریگەرییە خراپەکانی گوشاری دەروونی لەسەر جەستە کراون و دەریانخستووە گوشاری دەروونی مەترسیی تووشبوون بە بەرزەپەستانی خوێن، شەکرە، نەخۆشییەکانی دڵ و خەمۆکی زیاد دەکات. یەکێک لە ڕێگە کاریگەرەکانی کەمکردنەوەی سترێس، وەرزشە. زۆر دەمێکە بەشێوەیەکی زانستی سوودەکانی وەرزش سەلمێنراون و ئەوانەی وەرزش دەکەن، ئەگەری تووشبوونیان بە چەندین نەخۆشیی کەمتر دەبێتەوە.

پزیشکان دەڵێن وەرزشی بەردەوام مەترسیی تووشبوون بە دڵەڕاوکێ و گوشار کەمتر دەکاتەوە و بەشێوەیەکی باشتر ڕووبەڕووی دەبیتەوە. چونکە وەرزش ئاستی هۆرمۆنەکانی گوشار کەمدەکاتەوە، بەتایبەتی کۆرتیزۆڵ کە لە ماوەی گوشاری دەروونیدا دەردەدرێت و بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەری لەسەر جەستە دادەنێ. لەهەمانکاتدا بەهۆی وەرزشەوە ئیندۆرفینەکان زیاتر دەردەدرێن، ئەمانەش ئەو پێکهاتە کیمیاوییانەن کە کار دەکەنە سەر میزاج و ئازار لابەری سروشتین.

یەکێک لە پاشهاتەکانی گوشاری دەروونی بریتییە لە کەمخەوی. کەمخەوی و گوشاری دەروونی پەیوەندیی ڕاستەخۆیان پێکەوە هەیە، کەسێک گوشاری دەروونی هەبێت تووشی کەمخەوی دەبێت، هەروەها ئەوانەی کەمخەون بەدرێژایی ڕۆژ زۆرتر ڕووبەڕووی گوشاری دەروونی دەبنەوە و باری دەروونییان تێکدەچێت، بۆیە وەرزش هەردوو گرفتەکە چارەسەر دەکات.

لەوانەش گرنگتر، وەرزش یارمەتیدەرە لە زیادکردنی هەستی متمانەبەخۆبوون، بۆیە ئەمە بەگشتی بۆ لایەنی دەروونی سوودی هەیە.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێت دەبێ لە هەفتەیەکدا لانیکەم 170 خولەک وەرزش بکرێت.

# چوار خۆراک بۆ پاراستنی پێست

**ڕووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی**

خۆراکی دروست ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ پاراستنی جەستە، خۆراکی نادروست زیان بە زیندە چالاکییەکانت دەگەیەنێ و مەترسیی تووشبوونت بە چەندین نەخۆشی و گرفتی تەندروستی زیاد دەکات. پێست یەکێکە لەو ئەندامانەی خۆراک ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە پاراستن و هێشتنەوەی بە جوانی.

ئەم خۆراکانە بۆ پاراستنی پێست بخۆ:

### 1 ماسی:

کەمیی ئۆمێگا سێ یەکێکە لە هۆکارەکانی وشکبوونەوەی پێست، ماسییە چەورەکان لەوانەش سەلەموون بە ڕێژەیەکی زۆری ئۆمێگا سێ دەوڵەمەندن کە ڕۆڵی هەیە لە پاراستنی پێست. ئۆمێگا سێ هەوکردن لە جەستەدا کەمدەکاتەوە، بەمەش مەترسیی سوورهەڵگەڕان و دروستبوونی زیپکە کەمتر دەبێتەوە.

### 2 ئاڤۆکادۆ:

بە چەورییە سوودبەخشەکان دەوڵەمەندە، ئەم چەورییە بۆ شێدارهێشتنەوەی پێست گرنگە، توێژینەوەیەک کە لەسەر 700 خانم کراوە، دەریخستووە خواردنی ئاڤۆکادۆ پێست لە زیانەکانی تیشکی خۆر دەپارێزێت و ڕێگە لە دروستبوونی چرچ و لۆچیی پێست دەگرێت. هەروەها بەهۆی دەوڵەمەندیی بە ڤیتامین E کاریگەری دژەئۆکسێنی هەیە.

### 2 گوێز:

یەکێکی دیکە لەو خۆراکانەی پێست دەپارێزێت گوێزە، بە هەریەکە لە ئۆمێگا سێ و شەش دەوڵەمەندە کە چەوریی سوودبەخشن و هەوکردن لە جەستە بەگشتی و پێست بەتایبەتی کەمدەکەنەوە. 28 گرام گوێز نزیکەی 6%ی پێداویستی جەستە بۆ زینک پڕ دەکاتەوە و ئەمەش بۆ زوو چاکبوونەوەی برین باشە و هەوکردنی بەکتریای پێستیش کەمدەکاتەوە.

### 2 بیبەری سوور:

سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بە (بێتا کارۆتینەکان)، ڤیتامین C و A. بیبەری سوور یارمەتیدەرە لە دروستکردنی کۆلاجین لە پێستدا کە دەبێتە هۆی بەهێزتربوونی پێست.

# کێشت دابەزێنە و 10 هەزار دۆلار وەرگرە

**ڕووداو- هەولێر**

پڕۆژەی کێشڕێکی پڕۆژەیەکی نوێی دێسکی تەندروستیی تۆڕی میدیایی ڕووداوە، ئامانجی پڕۆژەکە هاندانی هاووڵاتیانە بۆ پەیڕەوکردنی شێوازێکی ژیانی تەندروست، سەرنج دەخرێتە سەر وەرزش، خۆراکی دروست، ڕێکخستنی خەوتن و هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانی تەندروست.

هاووڵاتیان لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەتوانن بەشداری بکەن و لەڕێگەی فۆرمی کێشڕێکیی بەشی تەندروستی پۆرتاڵی ڕووداو ناویان تۆمار بکەن، فۆڕمەکە بە هەریەکە لە شێوەزاری سۆرانی و کرمانجی، زمانی عەرەبی، تورکی و ئینگلیزی ئامادەکراوە، فۆڕمەکە دەگاتە دەستی سەرپەرشتیارانی پڕۆژەکە.

بەشداربووانی پڕۆژەی کێشڕێکی بۆ ماوەی سێ مانگ لە کەمپێکدا لە بەرزاییەکانی سلێمانی دەمێننەوە، لەماوەی ئەو سێ مانگەدا کێش و شێوازی ژیانیان ڕێکدەخرێتەوە. خەرجیی بەشداربووانیش لە ئەستۆی پڕۆژەکەیە، ئەوەی زۆرترین کێشی ڕێگەپێدراو لەڕووی زانستییەوە دابەزێنێ، لە کۆتایی پڕۆژەکەدا بە 10 هەزار دۆلار خەڵات دەکرێت.

ئەم پڕۆژەیە لە ژێر چاودێریی تیمێکی وەرزشی و پزیشکیی پسپۆڕدا بەڕێوەدەچێت، خانمان و پیاوان ماوەی 3 مانگ لە دوو خانووی جیاوازدا دەمێننەوە، هەموو چالاکییە وەرزشی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی و ژیانییەکانیان وێنەدەگیرێن و دەکرێنە بەرنامەیەکی هەفتانە.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی قەڵەوی بە گرفتێکی گەورەی جیهانی و هۆکاری تووشبوون بە شێرپەنجە ناودەبات، هۆشداریش دەدات لە زیادبوونی قەڵەوی لە جیهاندا، بۆیە دێسکی تەندروستی تۆڕی میدیایی ڕووداو ئەم پڕۆژەیەی ڕاگەیاند کە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیانە لەبارەی ستایلی ژیانی تەندروست و کێشڕێکی.



# بۆچی تووشبووانی شەکرە پێستیان دەخورێ؟

**ڕووداو- مێدیکاڵ نیوزتودەی**

تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە زۆرتر تووشی خورانی پێست دەبن بەراورد بەوانەی نەخۆشییەکەیان نییە، ئەمەش جگە لەوەی بێزارکەرە، هۆکارێکە بۆ برینداربوونی پێست و سەرەنجام هەوکردنیش.

تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە ئەگەر ئاستی شەکر لە خوێنیاندا کۆنترۆڵ نەکەن، زیان بە دەمارەکانیان دەگات، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی تووشبووانی نەخۆشییەکە تووشی خورانی بەردەوامی پێست دەبن بەتایبەت لە دەست و پێیەکان. مەرج نییە هەموو خورانێکی پێست لە تووشبووانی شەکرە هۆکارەکەی زیانگەیشتن بە دەمارەکان بێت، پێش ئەوەی بەهۆی بەرزیی ئاستی شەکری خوێن دەمارەکان زیانیان پێبگات، تووشبووانی نەخۆشییەکە ڕێژەیەکی زۆری (سایتۆکاینەکان)یان لە خوێندا هەیە کە خورانی پێست دروستدەکەن. سایتۆکاینەکان ئەو ماددانەن لەلایەن هەندێ جۆری خانەکانی سیستەمی بەرگری دەردەدرێن. توێژینەوەکان دەیانخستووە بەرزیی ئاستی (سایتۆکاینەکان) لە تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە دەرخەری زیانگەیشتنە بە دەمارەکانیان.

لە هۆکارەکانی دیکەی خورانی پێست لە تووشبوواندا ئاماژە بە گرفت لە جگەر و گورچیلەکاندا دەکرێ، چونکە تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە زیاتر لەبارن بۆ سستبوونی گورچیلە و گرفتەکانی جگەر. بۆیە هەر گرفتێک لەو دوو ئەندامە گرنگەی جەستەدا، وا لە تووشبوو دەکات هەست بە خورانی بەردەوامی پێست بکات.

وەرگرتنی هەندێ جۆری دەرمان و هەستیاری لەو هۆکارانەن کە تووشبووانی نەخۆشییەکە لەوانەیە تووشی خورانی پێست ببن. هەر تووشبوویەکی شەکرە لەکاتی هەستکردن بە خورانی بەردەوامی پێست باشتر وایە سەردانی پزیشک بکات بۆ ئەوەی هۆکارەکەی دەستنیشان بکرێت و چارەسەر وەربگرێت.





عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# مەرجەعیەت یان دامەزراوەی سیستانی؟

لە سەروبەندی خۆپیشاندانەکانی ئەمدواییەی پارێزگا شیعەنشینەکانی عێراق و بەدیاریکراوی لە دوای نامەی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی کە ئامارژەی بە خواستی مەرجەعیەت کردبوو لە کشانەوەکەی، مەبەستم بوو لە وتارێکدا چەند پرسێک دەربارەی سیستانی بورووژێنم. بەڵام بەهۆی پێشهاتە جۆراوجۆرەکان و پێویستی لەسەر وەستانی هەندێ بابەتی تر، فەرامۆشم کرد. ئەم چەند رۆژەی رابردوو بەهۆی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەنجامدانی نەشتەرگەری و دەربڕینی خۆشحاڵیی هەریەکە لە ئێران و ئەمریکا و بەرپرسە عێراقییەکان بە سەرکەوتنی نەشتەرگەرییەکەی سیستانی، سەرنجم کەوتەوە سەر ئەو بابەتە و بەپێویستم زانی لەسەری بوەستم.

ئایا ئەو رۆڵەی سیستانی دەیگێڕێت هەر بەڕاستی لەوەدا کورت دەبێتەوە کە کەسایەتییەکی ئاینییە و رۆڵی مەرجەعی پێدراوە؟ یاخود سیستانی بریتییە لە دامەزراوەیەکی ستراتیژیی شیعی بۆ ئەوەی لە پشتەوەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، خزمەت بە ستراتیژی تەشەیوع بکات لە ناوچەکە؟ ئایا پێوەرە زانستییەکان بۆ توانای جەستەیی و عەقڵیی مرۆڤ تا چ ئاستێکی تەمەن ئەوە دەسەلمێنن کە پیرە پیاوێکی نەوەت ساڵە لەپشتی بڕیارە ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی وڵاتێکەوە بێت؟ بەتایبەتیش بۆ وڵاتێکی وەک عێراقی پڕ لە کێشە و ئاڵۆزی. ئایا چ لۆژیکێک ئەوە دەسەلمێنێ کە رێگەی دروست ئەوەیە لە هەرە پرسە هەستیار و کێشە ئاڵۆزەکاندا هەموو دامەزراوە دەستوورییەکان و عاقڵمەندانی ئەم وڵاتە تەسلیم بە سەرنج و قسەی کەنەفتێکی وەک سیستانی ببن؟

شیعەکان بە ئەندازەیەک پیرۆزییان بە رۆڵی مەرجەع داوە کە وروژاندنی پرسیارگەلی لەم شێوەیە بخرێتە خانەی کوفرەوە. بەڵام خۆ ئێمەی کورد و سوننەی عەرەبی عێراق هیچ پابەندێتییەک نامانبەستێتەوە بەو پیرۆزییەوە تا نەوێرین پرسیار لەبارەیەوە بکەین. هەر بەڕاستی ئایا زانست لەبارەی کارایی و توانای مرۆڤەوە رێگە بەوە دەدات عەقڵ و بیرکردنەوە و دونیابینیی کەسێکی نەوەت ساڵە بخرێتە سەرووی هۆش و عەقڵی کەسێکی پەنجا ساڵەوە؟ راستە ئەزموون گرنگە، کەسانی خاوەن ئەزموون شارەزاییان زیاترە لە کەسانێک کە بە حوکمی تەمەن نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی ئەزموونیان کەڵەکە بوو بێت، بەڵام ئەوەش تا ئاستێکی دیاریکراوە. کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی شارەزایانیش ناکاتە وابەستەیی و تەسلیمبوون بە رای کەسانی خاوەن ئەزموون. بەتایبەتیش لە کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات و ژیانی خەڵکدا.

ئەوەی لە عێراق دەبینرێت وەرگرتنی فەرمانە لە مەرجەعیەت. تا ئەندازەیەک ئەگەر ئەوە بۆ کاروباری دینی و یەکلاکردنەوەی هەندێ بابەتی مەزهەبی و شەرعی بێت، دەشێ وەک حاڵەتێکی ئاسایی تەماشا بکرێت. بەڵام لە پرسی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و کێشە و گرفتە سیاسییەکاندا، بەڕاستی کارەساتێکی گەورەیە بەسەر عێراقەوە. سیستانی ئێستا تەمەنی بووە بە نەوەت ساڵ، ئایا کام لە بەرپرسە عێراقییەکان ئامادەن بۆ کاروباری ژیانی شەخسیی خۆیان و رێکخستنی ناوماڵ و لەبەرکردنی جلوبەرگ، پرس و راوێژ بە دایک و باوکی خۆیان بکەن؟ هەر بەڕاستی کامیان ئامادەیە لەماڵەوە عەقڵی خۆی تەسلیم بە عەقڵی دایک یان باوکی خۆی بکات ئەگەر تەمەنی گەیشتبێتە هەشتا ساڵ نەک نەوەت ساڵ؟ کاممان لە ماڵەوە گاڵتە بە عەقڵی پیر و کەنەفتێکی خۆمان ناکەین و دەڵێین کە پیر بوون عەقڵیان منداڵ دەبێتەوە. ئەی خێرە لە پرسە هەرە گرنگ و هەستیارەکانی ئەو وێرانەیەی ناوی عێراقە، دەبێ هەموو چاوەڕێ بن بزانن لە وتاری نوێژی هەینیدا نوێنەرەکەی سیستانی چی دەڵێت؟ پاشان هەموو دامەزراوە دەستووری و شەرعییەکانی عێراق پابەندێتی خۆیان بۆ خواست و داوای مەرجەعیەت دەردەبڕن و خەریکە بەڕێوەبردن و دەوڵەتداری لە عێراق دەکەنە مەهزەلە.

کێ ئەو رۆڵەی بە سیستانی داوە کە بەو جۆرە و تا ئەو ئاست و ئەندازەیە تەدەخول لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بکات؟ خەڵک خۆپیشاندان دەکات، دەبێت چاوەڕێ بن بزانن مەرجەعیەت هەڵوێستی چییە بەرانبەر بە داخوازییەکانیان. پرۆژە یاسایەک دەچێتە پەرلەمان دەبێت چاوەڕێ بن بزانن نوێنەرەکەی سیستانی چی دەفەرموێ دەربارەی ئەو پرۆژە یاسایە. کاندیدێک ناوی دەبرێت بۆ هەر پۆستێک دەبێت هەڵوەستە بکرێت بزانرێت مەرجەعیەت چی دەڵێت لەبارەیەوە. سەرۆکی حکومەت دەست لەکار دەکێشێتەوە لەسەر داخوازیی مەرجەعیەت، وەک کاربەڕێکەر دەست بەکار دەکاتەوە لەسەر داوای مەرجەعیەت. هەر بەڕاستی ئەی دەستوور و یاسا و رێسا و دامەزراوە دەستوورییەکان کاریان چییە لەم وڵاتە؟

من گومانم هەیە لەوەی ئەو رۆڵە بریتی بێت لە تەنیا ئەو کەسایەتییە ئاینییەی ئەمڕۆ سیستانییە و پاش شەش مانگی تر ئەو دەمرێ و بە کەسێکی تری دەسپێرن. ئەو ناوەندە ئاینییە دامەزراوەیەکی ستراتیژی شیعییە و بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی تەشەیوع هەنگاو بە هەنگاو ئاراستەی دامەزراوە دەوڵەتییەکان دەکات و لە پشتەوەی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەیە. کارێکی ئاسان نابێت بۆ شیعە هەلومەرجێک دروستبکەن کە کورد و سوننە بەوە رازی بن ناوەندێکی ستراتیژیی شیعی بەتەنیا وڵاتەکە بەڕێوەبەرێت. بەڵام بە رەخساندنی ئەو فەزا گشتییەی لە عێراق بۆ مەرجەعیەت و رۆڵی مەرجەع رەخساندوویانە، ئێستا هەموو عێراقییەکان تەسلیمی ئەو ئیرادەیە بوون و کەس ناتوانێ پێچەوانەی بیرکردنەوە و دونیابینیی مەرجەعیەت بێت. تەنانەت ئەگەر بڕیار و فتواکانی دژی بەرژەوەندی عێراق و ئاشتی و سەقامگیریی وڵاتەکەش بن.

لانیکەم بە پاساو و بیانووی ئەوەی کە سیستانی نەخۆشە و تەمەنی گەیشتووەتە نەوەت ساڵ، پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەو رۆڵە بکرێت کە پێیدراوە. دەبێت پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران موراجەعەیەکی ئەم پرسە گرنگە بکەنەوە. رێز لە هەر پیرۆزییەکی ئاینی هەر پێکهاتەیەکی عێراق بگرن لە چوارچێوەی پرسە شەرعی و کۆمەڵایەتییەکاندا. بەرپرسیارێتییەکی گەورە لە ئەستۆی سەرکردە سیاسییەکان و بەرپرسانی دامەزراوە دەستوورییەکانی عێراقە پرسی بەڕێوەبردنی وڵات و دەستوور و یاسا بگەڕێننەوە بۆ دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت. ئەگەر ئازایەتی ئەوەیان نەبێت و سنوورێک بۆ رۆڵی مەرجەعیەت دانەنێن کە رۆژ لە دوای رۆژ رۆڵی زیاتر دەبێت، ئەوە لە چەند ساڵی داهاتوودا هیچ بەهایەک بۆ هەڵبژاردن و دامەزراوە شەرعی و دەستوورییەکانی عێراق و تەنانەت بۆ حیزبی سیاسیش نامێنێتەوە.



پەیڕەو ئەنوەر

# عێراق: پڕۆژەیەک بۆ پەرتبوون

## (1)

### پەرتبوون لەبری یەکگرتن

لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعس لە 2003، یەکێک لە ئارگیۆمێنت و خەیاڵە زاڵەکان بۆ بەڕێوەبردنی عێراق ئارگیۆمێنتی پێکەوەژیان، بەدیموکراتیکردنی کۆمەڵگەی عێراقی، پەرەپێدانی دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، میدیای ئازاد و ئازادیی رادەربڕین بوو. ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی وابیریان دەکردەوە کە لەرێگەی کولتوور و بەهێزکردنی دامەزراوەکانەوە دەتوانن عێراق لە دۆخی پاشاگەردانییەوە بگوازنەوە بۆ دۆخی بەمەدەنیبوون و دەوڵەتبوون. لەڕاستیدا کولتوور و دامەزراوە دوو پایەی گرنگن، دوو ئامرازی هەرە کاریگەرن بۆ بەرهەمهێنانی تاکی دیمۆکراتیک، گرووپی دیمۆکراتیک و خەڵکی دیمۆکراتیخواز، بەڵام ئەوەی لە عێراق ئامادەیە شتێکی ترە، وێنە و بیرکردنەوەیەکی ترە! عێراق تاوەکوو ئێستاش لەژێر کاریگەری تارمایی و کولتووری تۆتالیتاریزم، خۆسەپاندن، ئینکار و رەتکردنەوەی ئەویتردایە. کولتووری زاڵ و باڵادەست و یەکلاکەرەوە لەنێو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا کولتووری جەماوەر نییە؛ کولتووری مەزهەبگەرایی و مۆدێلی مەرجەعیەت و هێز و میلیشیای سەروو دەوڵەتی و سەروو دامەزراوەییە. عێراق وەک بونیاد و رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام لە هەڵوەشاندنەوە و پەرتبوون و دابەشبووندایە. ئەوەی ئەمڕۆ عێراق وەک دەوڵەت، وەک هێزێکی سەروەر و خاوەن سنوور و سیمبوڵ پیشاندەدات، خودی بیرکردنەوە و تێڕامان و لێکدانەوەی کولتووری جەماوەر و دەستەبژێرەکەی نییە؛ بەرهەمی گەشەپێدانی سیاسی، پەرەسەندنی سیاسی و تێگەیشتنی گشت و کۆمەڵگەکە نییە بۆ دەوڵەت، ئەوەی ئەمڕۆ عێراقی کردووە بە دەوڵەت و وەک دەوڵەت رایگرتووە هێزێکە لە دەرەوەی عێراقییەکان، هێزێکە لەناو سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی عێراقیبوونی وەک دەوڵەت و پڕۆژە سەپاندووە و پارێزگاری لە پایە، بەها، سیمبوڵ و کەرتبوون و لەت لەتبوونی دەکات. پڕۆسەکە وەهایە کە عێراق لە ناوەوەی خۆیدا پەرتبوونی زیاترە! پەرتبوون بەمانای ئەوەی هەستی یەکبوون، هاوشێوەیی و پێکەوەبوون بەرەو دارمان دەچێت. پەرتبوون لە عێراق پەرتبوونێکی نەرم و دینامیکییە.

## (2)

### ناسنامە و سنوور

لە ئەدەبیات و فەلسەفەی دەوڵەت و حوکمڕانیدا "ناسنامە و سنوور" رۆڵی بنەڕەتی دەبینن بۆ بەیەکتربەستنەوەی هێز، پارچە، گرووپ، خەیاڵ و سەرمایە جیاوازەکانی نێو دەوڵەت. سنوور لێرە بەمانای ئەوەی چۆن دەوڵەت لە ناوەندەوە لەگەڵ پەراوێز، سنوور و دەوروبەری خۆی لە پەیوەندیدا بێت و مانای هاووڵاتیبوون و هێز بەسەر پەراوێز و رووبەرە جیاوازەکانیدا ببەخشێتەوە. دیارە ئەم دۆخە لە عێراق بەدرێژایی تەمەنی نائامادە و ناکارا بووە. دیاردەی نەبوونی ناسنامە لە دەوڵەتی عێراق بەهەمان شێوە و دۆخی سنوور مردووە و هیچ جووڵە و رۆڵێکی نییە. ئەمڕۆ زۆرینەی ئەکتەر، گرووپ و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی نێو دونیای عێراقی ناسنامەی هاوبەش بەیەکتریانەوە نابەستێتەوە، عێراقیبوون پرسێکی گەورە، کاریگەر و رژد و سەرەکی نییە؛ خاڵی بەیەکگەیاندنی جەمسەر و کەرتە کۆمەڵایەتییەکان نییە! عێراقیبوون پرسێکی نامۆیە و ناسنامە و هەستی عێراقیبوون لە خوارەوەی هەموو پرس و پرسیار و گفتوگۆکانە. پرس بەو واتایەی عێراقیبوون لە ناوەند دۆخێکە، شێوە، مانا، فۆرم، لێکدانەوە، بونیاد و نۆرمی تایبەت بە خۆی هەیە. عێراقیبوون لە باشووری وڵات شتێکە، لە باکوور شتێکی ترە. سوننەکان بەجۆرێک لێی دەڕوانن، شیعە بە جۆرێک و کورد و هێزەکانی تر بە جۆر و مانایەکی تر. دیارە هەموو ئەو کارلێکە سیاسی و کۆمەڵایەتییە مانای زیاتر و قووڵتر بە دۆخی پەرتبوون لە عێراق دەبەخشێت و دەسەپێنێت. لەڕاستیدا مەسەلەی یادەوەری و ناسنامەی هاوبەش لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەی عێراقیدا قەیرانێکی هەرە قووڵی نێو سیستمی حوکمڕانیی عێراقییە و هەموو سیستمە سیاسی و رژێمە سیاسییەکانیش ئەو قەیرانەیان قووڵتر و گەورەتر کردووە. دیارە هاتنی داعش بۆ عێراق و ئەنجامدانی ریفراندۆم لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە دوو وێنەی دیاری نێو نەبوونی ناسنامەی هاوبەشن لەنێو بونیاد و چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.



رێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# چۆڵەچراکەی هەرێم

#### وێنەی یەکەم:

بە بیابانەکاندا بەرەو ئوردن بەڕێوەبووین، کاروانی هێزە ئەمریکییەکان لە کەنار جادەکان قەتارەی بەستبوو. شۆفێری تاکسییەکە گوتی "ئەم وڵاتە وەک زێرابێک بوو دیکتاتۆریەت سەرەکەی داپۆشیبوو". ئێستا شانزدە ساڵ دوای ئەو وتەیە، بۆگەنی ئەو زێرابە هەموو لایەکی هەراسان کردووە. دیکتاتۆریەت بە رواڵەت رۆیشتووە و بەرەڵڵایی هاتووەتە جێی: کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە. سەدان ملیارد دۆلاری سەرمایەی وڵات دزراوە و کەس خۆی لێ بەخاوەن ناکات. بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاریی سەرەتایی هەموو لایەکی هەراسان کردووە. کەس لە ژیان رازی نییە، کەس هەست بە ئاسایش ناکات. خەڵک سێ مانگ رژانە سەرشەقام بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕ پێکبێت. سەدان کەسیان لێ کوژران. دیموکراسی لێرە یانی: هاتنە سەرشەقام ئازادە؛ کوشتنی ئەوانە کە دێنە سەرشەقامیش هەر ئازادە! ئەم وڵاتە عێراقە.

#### وێنەی دووەم:

گیرۆدەی نێرگزیەتێکی مەترسیدارە. خۆبەزلزانی و خەونبینین بە شکۆی باوک و باپیرانەوە هەر رۆژەی هانی پەلاماردانی لایەکی دەدا. لەناوخۆدا ئابوورییەکی قەیراناویی هەیە. رێژەی بێکاری روو لە زیادبوونە. رێژەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی روو لە هەڵکشانە. نائومێدی و نەداری وای کردووە خۆکوژی ببێتە دیاردەیەکی گشتی. کەس پێشبینی ئایندەیەکی سیاسیی گەشی بۆ ناکات. بووەتە گەورەترین زیندانی ئازادیی رادەربڕین. بزووتنەوەی کورد و تیرۆریسمیان لە زەینی خەڵکی وڵاتدا کردووە بە یەک شت. کوردستان و دیوودرنج لایان یەک شتە. حاکمە ملهوڕەکەی هەرجارێ بیەوێ لە قەیرانە ناوخۆییەکان قوتار ببێ، شەڕێک بە کورد دەفرۆشێ. رێگەی باوی جووڵاندنی سۆزی جەماوەری، پەلاماردانی کورد و هێزە کوردییەکانە. ئەم وڵاتە تورکییەیە.

#### وێنەی سێیەم:

لە ئاسمان و زەوینەوە بەڵای لێ دەبارێ. گەمارۆ بیناقاقای توند گوشیوە. رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پێویستی بە کرانەوە و چاکسازی هەیە، کەچی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر بەرەو داخران و پێداگری لەسەر هەڵەکانی پێشووی دەڕوات. هەزاران بنەماڵەی بۆ نانی شەو موحتاجن، کەچی دەوڵەت سەروەت و سامانی وڵات لە تێچووی "هەناردەکردنی شۆڕش" بۆ وڵاتانی تر مەزاخت دەکات. شیرازەی کۆمەڵگەکەی لە حاڵی لێکترازاندایە. خەڵک نائومێدن. بژاردە و بیریارانی لەپەستا سەری خۆیان هەڵدەگرن. کەمترین ناڕەزایەتی دەربڕینی ڕاشکاوانە سەرکوت دەکرێت. هاتنە سەر شەقام بە فیشەک وەڵام دەدرێتەوە. سەدان کوڕ و کچە هەژاری لە خۆپێشاندانی دوومانگ پێش ئێستادا لەخوێن شەلاڵ کران. ئەم وڵاتە خەریکی ئەزموونکردنی یەکێک لە بێڕەحمانەترین و سەرکوتکارترین دیکتاتۆرییەکانی مێژووە. ئەم وڵاتە ئێرانە.

ئەو سێ وێنەیەی سەرەوە، فلاشبەکێکی خێرای دۆخی وڵاتانی دەوروبەری هەرێمی کوردستانن. باسی سووریەم نەکرد، چونکە ئەویان هەر بۆ باسکردن نابێت!

دەستەواژەیەک لە سایکۆلۆژیای میدیاییدا هەیە کە پێیدەگوترێ "سەندرۆمی هەواڵی خراپ". هەواڵە خراپ و ناخۆشە بەردەوامەکانی ئەو چوار وڵاتە، وەک پەتایەکی بێ بڕانەوە، هاوسەنگیی دەروونیی زۆرمانی تاڕادەیەک تێکداوە. من نایشارمەوە، لە جەرگەی هەواڵە ناخۆشەکانی چەند هەفتەی ڕابردووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا- کە هەمووی بۆنی دووکەڵ و ئاگر و خوێنیان لێ دەهات- تەنیا دەریچەیەکی بەرتەسکی هەناسەدان بۆ من - کە دەرفەتێکی بچکۆلە بۆ هیواداربوون بە ئایندەیەکی گەشتری هێشتووەتەوە-، هەواڵەکانی هەرێمی کوردستانی خۆمان بوو. سەرتۆپی هەواڵەکانیش، هەوڵەکانی پەرلەمانی کوردستان بوو بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەیاسای چاکسازی لە مووچە و خانەنشینی.

جوانییەکی دیموکراسی لەوەدایە کە لە ئەگەری بوونی ئیرادەی گشتیدا، دەرفەتەکانی ئاڵوگۆڕ و چاکسازی بە کراوەیی دەمێننەوە. وەشانی ڕاستەوخۆی گفتوگۆ پەرلەمانییەکان و دەرئەنجامی گەنگەشەیەکی درێژخایەن دەریخست، سەرەڕای ناکۆکییەکانی نێوان ئۆپۆزسیۆن و هێزەکانی بەشدار لە حکومەتدا، دواجار ئیرادەیەکی گشتی بۆ چاکسازی لە بواری مووچە و خانەنشینی، لە هەرێمی کوردستان لە ئارادایە. ئەم چاکسازییە ئەگەر بەشێوەیەکی لانیکەمیش بێت، هێشتا دەتوانێ بەشێکی بەرچاو لەو نادادپەروەرییە سامناکە کەم بکاتەوە کە لە دابەشکردنی مووچە و بەتایبەتی دەرماڵەی خانەنشینی هەرێمدا، ساڵانێکە پەیڕەو دەکرێ.

من کە سەیری گفتوگۆکانی پەرلەمانم سەبارەت بە چاکسازی لە یاسای مووچە و خانەنشینیدا دەکرد، هاوکات سێ دیمەن بە پێش چاومدا تێپەڕ دەبوون: یەکەم، پەرلەمانە قەشمەرییەکەی ئێران کە پەرلەمانتارانی کردووە بە بووکەڵەیەکی بێ ئیرادەی ئەوتۆ و ئیشی زۆربەیان تەنیا "بەڵێ، قوربان"- وتنە، بۆ حاکمانێکی زۆردار و گەندەڵ و ستەمکار. دووەم، پەرلەمانە عەنتیکەکەی عێراق کە شاکاری ئیرادەگەرییەکەی بڕیاردانی بوو لەسەر دەرکردنی هێزە ئەمریکییەکان، بۆ ئەوەی ئێران جوانتر قووتیان بدات؛ ئەوەش لە کاتێکدا سوور دەزانن نە ئەمریکایان پێ لە عێراق دەردەکرێ، نە بێ ئەمریکاش هەڵدەکەن! دواجاریش ئەو چرکەساتە شەرمهێنەرانەی پەرلەمانی تورکیەی لانکەی سەرکوت و ئینکارم دەهاتە بەرچاو کە سەرۆکی پەرلەمانەکەی، لە هەزارەی سێهەمینی دوای زاییندا، لە نوێنەرێکی خەڵکی کوردستانی دەپرسی؛ ئەو کوردستانەی تۆ باسی دەکەی لە کوێیە؟!

مرۆڤی کورد ناتوانێ لە تاریکستانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕوانێ و تیشکی کزی ئەو چۆڵەچرایە نەبینێ کە دیموکراسیی هەرێمی کوردستانی پێ دەگوترێ. بەراوردێکی سەرپێیی ئەو باسانەی لە رۆژهەڤی هەرێمی کوردستاندان لەگەڵ کەشی زاڵ بەسەر دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، دەریدەخا ئێمەی کورد مافی خۆمانە شانازی بە دەسکەوتەکانمانەوە بکەین. چاکسازیی لە مووچە و خانەنشینی، هێمایەکی گرینگی ئەو گەشەسەندنەیە کە دەبێ هیوامان پێی هەبێت. هەڵبەت، کورد گوتەنی "بە گوڵێک بەهار نایەت". کوردستانیش بە یاسایەک نابێتە شامی شەریف. ریشەکێشکردنی گەندەڵی و دەستەبەرکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پێویستی بە لیبراڵیی سیاسی و کولتوورسازییەکی بێ پسانەوە هەیە.

بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە خاوەن سیستمێکی دامەزراوەیی و دیموکراتیکی راستەقینە، هێشتا دەیان ساڵی تر لە خەبات و تێکۆشان پێویستە. ریشەی قووڵی گەندەڵی کە بە بەرژەوەندییە سیاسییەکاندا رۆچووە، بەم زووانە و بە ئاسانی وشک ناکرێت. پێکهاتەی پێشمۆدێرنی هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، تەنیا لە پرۆسەیەکی مێژووییدا دەشێ لەناوبچێ یان ئاڵوگۆڕی ریشەیی بەسەردا بێت. تا ئەو کاتە، هەموو هەنگاوێکی رووڵەپێش جێی دڵپێخۆشکردنە و، دەبێ ببێتە هاندەر بۆ هەنگاوی مەزنتر.

نەهامەتییەکی گەورەی ئێمە ئەوەیە کە دراوسێ دوژمنکارەکانمان لە خۆمان پاشڤەڕۆتر و لەدواترن. بۆیە بەراوردکردنی خۆمان لەگەڵ ئەوان، هەرچەند مایەی دڵخۆشکردن بێت، بەڵام دەستەبەری هیچ پێشڤەچوونێکی نەوعی بۆ ئێمە ناکات. بۆ ئەوەی هەنگاوی مەزن بەرەو چاکسازی هەڵبهێنین، دەبێ خۆمان لەگەڵ دیموکراسییە پێشکەوتووەکانی دنیا بەراورد بکەین. تەنیا لە بەراوردێکی ئەوتۆدایە کە ئێمە وادار بە هەڵهێنانەوەی هەنگاوی جددی بەرەو چاکسازییەکی راستەقینە و پەرەسەندنێکی پایەدار دەبین.

شەڕی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، شەڕی ناسێنەیە، ناسێنەی نەتەوەیی. هەڵبەت ئیشی ناسیۆنالیسم تەنیا شەڕ نییە بۆ دانپێدانان بە جیاوازییە ئێتنیکی و نەتەوەییەکاندا، ناسیۆنالیسم بۆ خۆی خولقێنەری جیاوازییەکانیشە. لەو پێوەندییەدا، ئەزموونی ژێردەستەیی هێندێ لە گەلانی دنیا نیشانی داوە کە دەکرێ ئەو جیاوازییانە نەک هەر لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە "زاتییەکانی" نەتەوە، بەڵکو لەسەربنەمای بەها هاوچەرخەکان بەرهەم بهێنرێنەوە. بۆ وێنە، فینلاندییەکان کە ژێردەستەی رووسەکان بوون، بۆ یەکەمینجار لەهەموو ئەورووپادا، 110 ساڵ پێش ئێستا، مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان بۆ ژنان دەستەبەرکرد، تا بەو شێوەیە جیاوازییەکی گەورەی نێوان خۆیان و گەلی باڵادەستی خۆیان بەهۆی یەکسانیخوازییانەوە نیشان بدەن.

لە گەمەی ناسێنەی نێوان گەلانی ناوچەی ئێمەشدا، هەرێم دەبێ و دەتوانێ لەڕێی چاکسازیی لیبراڵانەوە تایبەتمەندییەکانی سیستەمێکی دیموکرات و دادپەروەر بکاتە رەگەزە سەرەکییەکانی لێکجیاکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردستان و ئەو سیستەمە داپڵۆسێنەر و نادیموکراتیکانەی دەوروبەرمان. گەیشتن بەو ئامانجەش تەواو ڕێتێچووە، بەو مەرجەی چاکسازیی شێلگیرانە و سەراپاداگر ببێتە نەریتێکی سیاسیی بەردەوام. دەستەبەری وەدیهاتنی ئامانجەکانی چاکسازی، تەنیا ڕانەوەستانە لە چاکسازی و بەردەوامبوونە لە بەخۆداچوونەوەی رەخنەگرانە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# یاسای چاکسازی گۆڕان ڕزگار دەکات؟

## 1

یەکێک لە مەرجەکانی بەشداریکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە کابینەی نۆیەمدا ئەوە بوو کە حکومەت دەبێ لە ماوەی شەش مانگدا یاسای چاکسازی لە خانەنشینی، مووچە و دەرماڵە لە پەرلەمان تێپەڕێنێ. ڕەنگبێ پەلەپەلی حکومەتیش بۆ تێپەڕاندنی ئەو یاسایە، بەشێکی بۆ ئەوە بووبێت کە گۆڕان لەو ئیحراجییە سیاسی و ئەخلاقییەی بەرەورووی دەبووەوە ڕزگار بکات. نزیکەی شەش مانگ بەسەر تەمەنی کابینەی حکومەتدا تێپەڕی و نوێنەرانی گۆڕان لە حکومەت و پەرلەمان، دەبوو بە دەستکەوتێکی ناچیزیش بێت، پاساوێکیان بۆ دەنگدەرانیان هەبێ.

پارتی عاقڵانە و بەبێدەنگی تۆپێکی ئاگری هەڵدایە ناو کۆشی پەرلەمانتارانەوە و خۆیشی لە دوورەوە سەیری پێکهەڵپژان و دەمەچەقێی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی دەکرد. تێکەڵکردنی ئیمتیازاتی خانەنشینیی پەرلەمانتاران لەگەڵ خانەنشینانی دیکە بووە هۆی ئەوەی بە درێژایی چەند هەفتەی ڕابردوو هەموو فۆکەسەکە بکەوێتە سەر خانەنشینیی پەرلەمانتار کە دەکرا دواتر بە یاسایەکی تایبەت ئەو مەسەلەیە ببردرایە پەرلەمان. چونکە بەشێکی زۆری پەرلەمانتاران (نەوەی نوێی لێدەرچێ) ئەوەندەی لە فکری خانەنشینیی خۆیاندا بوون، هێندە لە خەمی چینی کەمدەرامەتی وڵاتدا نەبوون کە دەبوو یاساکە ئاستی بژێویی ئەوان بەرزتر بکاتەوە.

تێکڕای مووچە و خانەنشینیی پلە باڵاکان لە کۆی 894 ملیار دیناری مووچە و دەرماڵە و خانەنشینی نزیکەی 8 ملیار دینارە کە لە باشترین حاڵدا نیوەی ئەو پارەیە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت و ڕەنگبێ لەوەی کە دەمێنێتەوەش بە هەمووی 15 تا 20 ملیار دینارێک بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، هەر بۆیەش ئۆپۆزیسیۆن دەنگی پێنەدا، چونکە پێیانوابوو چاکسازییەکە لە خزمەت خەڵکی کەمدەرامەت نییە.

ڕاستییەکەی هەڵسەنگاندن بۆ گرنگیی یاساکە کاتێک مەنتقی و جێگەی بڕوا دەبێ کە حکومەت توانیبای قرووش بە قرووشی داهاتەکانی و پێبەخشراوەکانی خۆیشی بخاتەڕوو، چونکە تا ئێستاش (بە پێچەوانەی یاساکەی پێشوو لە کابینەی هەشتدا) بە ڕوونی دیار نییە بەو چاکسازییە، چ مەبلەغێک پارە دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت؟

ئەو یاسایە گۆڕان ڕزگار ناکات، چونکە نامەی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا بۆ فراکسیۆنی گۆڕان لە 2012 بە ڕوونی داوا لە پەرلەمانتارانیان دەکات هەموو جۆرە خانەنشینییەک ڕەتبکەنەوە، بەڵام ئێستا کە گۆڕان وەک شەریکی حکومەت تەپڵی سەرکەوتن (سەرکەوتنێک کە نە هی ئەوانە و نە هی یەکێتیش) بۆ کەمکردنەوەی خانەنشینی بۆ 50% لێدەدات، دەبێ بزانن کە تەنیا مەکرەمەیەکیان وەرگرتووە.

# گەردەلوولە زەردەکەی ناو یەکێتی

## 2

لە دوای کۆنگرەوە، یەکێتی قوفڵ بووە. ئەنجامی دەنگدانەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی و ئەو پەلەپڕوزێیەی بۆ تێپەڕاندنی کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو هەبوو (تەبعەن وەک تەحەددایەک بۆ ئەوانەی دەیانگوت یەکێتی کۆنگرەی پێ نابەستریٚ)، وایکرد کۆمەڵێک خاڵی جەوهەری کە هەرە گرنگەکەی پەیکەری ئیدارەدانی یەکێتی، دەسەڵات و پەیوەندیی ئۆرگانەکان بوو، نادیدە بگیرێت. ئەگەرچی لە کۆنگرەدا بە زۆرینەی دەنگ بنەماکانی پەیڕەوی ناوخۆ و هەیکەلیەتی ئیداریی یەکێتی لە ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و سەرکردایەتیی حزبەکە پەسەند کران، بەڵام شەیتان لە وردەکاریەکاندایە!

پێناچێ پارتی بەو پێکهاتە نوێیەی یەکێتی خۆشحاڵ بێت، بۆیە بەشێک لە سەرکردایەتیی یەکێتی پێیانوایە موبارەکە نەکردنی پارتی و ئەو موقاتەعە سیاسییەی لە نێوان دوو حزب و دوو سەرکردایەتیدا ڕوویداوە، نیشان دەدات کە پارتی حەز دەکات بتوانێ ڕێچکەی هەندێک لە پێشهاتەکان بە شێوەیەک بگۆڕێ یەکێتی قەت نەتوانێ ببێتەوە بە یەکێتییەکەی جاران. هاوکات فاکتەری لەناوچوونی قاسم سلێمانیش تا ڕاددەیەکی یەکجار زۆر کاریگەری بەسەر هاوکێشە ناوخۆییەکانی یەکێتییەوە هەبووە. بۆیە ئەو جەمسەربەندییەی ئێستا لەناو یەکێتیدا دروست بووە، جەمسەری یەکەم کە بریتین لە کۆسرەت ڕەسوڵ و کەرکووکییەکان و، جەمسەری دووەمیش ماڵباتی تاڵەبانی، شێخ جەنگی و برایم ئەحمەد، کارتەکانیان خستووەتە سەر مێز. ڕەنگبێ هەردوولا لەسەر دانانی سەرۆکی ئەنجوومەن (بۆ بەرهەم ساڵح) هاوڕا بن، بەڵام ماڵباتی تاڵەبانی داوای دوو جێگر (لاهوور و بافڵ) و بەرەکەی دیکەش داوای چوار یان پێنج جێگر دەکەن. ڕەنگبێ پارتیش لەدەرەوەڕا پێی باش بێت تەنیا یەک جێگر هەبێت کە ئەویش یەکێک بێ لە کوڕەکانی تاڵەبانی، بە تایبەتیش ئەگەر قوباد بێت.

# کۆنگرەی (ئاسایی)ی پارتی

## 3

پار و ئەمساڵ، بەشی زۆری حیزبەکانی کوردستان بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی بەغدا بێبەش نەبن، کۆنگرەیان بەست. ئەخیرەن پارتیش بڕیاری دا لە نێوان مانگی 6 بۆ 10 کۆنگرە ببەستێ. ئەوەش دەریدەخات کە جارێ تا دوای مانگی شەش هیچ هەڵبژاردنێک ناکرێ. پارتی نزیکەی نۆ ساڵە کۆنگرەی نەبەستووە و بەهەمان ئەندازەش سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسییەکانی پیر بوونە و پێویستی بەوەیە ناوماڵی خۆی بتەکێنێ. هاوکات هەڵسەنگاندنیش بۆ ئەدای ئەوانە بکات کە نۆ ساڵ پێش ئێستا هاتنە نێو سەرکردایەتییەوە. ئەزموونی پیرەکان و تین و توانای گەنجەکان، لە چەند هەڵبژاردنی ڕابردوودا، ڕەنگدانەوەی هەبووە لە هەڵکشانی دەنگەکانی پارتی. تا ئەو ڕاددەیەی کە لە هەڵبژاردنەکانی 2018 دا بەبێ ڕکابەرەکانی توانای پێکهێنانی حکومەتی زۆرینەی هەبوو.

بە دڵنیاییەوە ئەم کۆنگرەیەش جیلێکی نوێ لە سەرکردایەتی و بەرپرسیارێتی لە ئۆرگانەکانی پارتی دێنێتە پێشەوە. جیلی کۆنگرەی 13 دەبن بە پیرەکان و پیرەکانی ئێستاش، بەشی زۆریان ڕەنگبێ لە بارەگای بارزانییەوە درێژە بەکاری سیاسییان بدەن. هیچ موفاجەئەیەک لە کۆنگرەی پارتیدا ڕوونادات، چونکە لەناو پارتیدا هیچ تێرمێک بەناوی (موفاجەئە) نییە و هەمووی یەکسانە بە (ئاسایی).



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# خامنەیی دەیکا، پووتین دەیخوا

گەنگەشەیەک لە نێوەندە ستراتیژییەکانی ئێراندا لەپێش کوژرانی قاسم سولەیمانی و سەرهەڵدانی ئاڵۆزییەکانی ئەمدواییەوە دەستپێکردووە: لەو دژایەتییەی بەرامبەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەیکەین، چ قازانجێکمان کردووە و بۆ کێی دەکەین؟ هەروەها ئەگەر ئەو شەڕەمان نەکردبووایە، دۆخی ئێران چۆن دەبوو؟ ئەوە ڕوونە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەوڵەتێکی ئایینیی ئایدیۆلۆژییە و وەک خۆیان دەڵێن بڕوایان بە هەناردەکردنی "شۆڕشێکی ئیسلامی" هەیە بۆ سەرتاسەری دنیا. لە قسەکانی هەفتەی ڕابردووی ئایەتوڵڵا خامنەییشدا، کە کاتێک قسەی دەکرد تفەنگێکی نیشانشکێنی بەدەستەوە بوو، دیسان بەڕوونی جەخت لەسەر هەناردەکردنی "شۆڕش" و موقاوەمەتی "سنوورنەناس" و ناسینی "جێنتلمەنە دانوستاندنکارە تیرۆریستەکان" کرایەوە، بەڵام لە زۆر قۆناخدا بینیومانە کە چۆن تاران لەکاتی تەنگانەدا پێی ئاساییە دەستی ئەو جێنتلمەنانە بگوشێت. بەتایبەتیش وەک ئەم ڕۆژانە کە ستراتێژیستە ئێرانییەکان دەڵێن: ئێمە شەڕی ئەمریکا دەکەین و وڵاتی دیکە بەرهەمەکەی دەخۆن.

دەزانین کە ڕووسیا و ئێران و پرۆکسییەکانی ئێران (بە پارەی گەلانی ئێران) بەشار ئەسەد و حکومەتەکەیان پاراست، بەڵام هەمیشە ئێرانییەکان لەوە نیگەران بوون کە ڕووسیا ئاسمان و ڕێسمانی سووریای کۆنترۆڵ کردووە و براگەورەیە. هەمان ئەو ڕووسیایەی هەماهەنگیی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە و هەبووە و لەئەنجامی ئەو هاوکارییەشدا بۆ نموونە سەرکردەیەکی گرنگ و بەهێزی وەک عیماد موغنییەی حیزبوڵڵا لە دیمەشق کوژرا. ئەو موغنییەی بۆ قاسم سولەیمانی وەک یاریدەدەرێکی دەستەڕاست وابوو لە لوبنان و سووریا. ئێرانییەکان دەڵێن بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە شەڕی داعش و شەڕی سووریا و کێشەکانی ئەمدواییەوە لەگەڵ ئەمریکا، ڕووسیا فرسەتی هێناوە و لە وڵاتانی دەوروبەری ئێران پێگەی خۆی بەهێزتر کردووە. بەگوتەی ئەوان ڕووسەکان لەجیاتی ئەوەی دۆستایەتیی ئێران بکەن، وردە وردە دەورەی دەدەن و ئەوکات مەترسیی ڕووسیا زۆر گەورەتر دەبێ لە ئەمریکا، کە وەک ڕووسیا لەڕووی جوگرافییەوە لە ئێرانەوە نزیک نییە و مێژووی شەڕ لەسەر خاکیشی لەگەڵی نییە.

بەتایبەتیش کە مۆسکۆ وردە وردە لەسەر حیسابی سیاسەتی هەڵەی ئەمریکا و متمانە دۆڕاندنی لە ناوچەکەدا و زۆرتربوونی هەڕەشەی ئێران لەسەر وڵاتانی کەنداو، توانیویەتی لەگەڵ وڵاتانی وەکو سعودیە و ئیمارات پەیوەندییەکانی پێشبخات، ئەمە ستراتێژیستەکانی ئێرانی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایەی کە مۆسکۆ سوودمەندی یەکەمە لەو دۆخەی ئێران بە دژایەتیی ئەمریکا و وڵاتە عەرەبییە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دروستیکردووە. بۆیە داوای بەخۆداچوونەوەی تاران و بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی هاوسەنگ لەنێوان ئەمریکا و ڕووسیادا بۆ ئێران دەکەن.

ڕەنگە هەر ئەو تێگەیشتنەش بێت کە وای لە عادل عەبدولمەهدیی ئابووریناس و جاران کاریگەر بە فیکری شیوعیی ماوی و سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق کردبێت لەجیاتی ڕووسیا فۆکەس بخاتە سەر چین. چونکە ئەو دەروازەیەی چین لێیەوە دێتە ژوورەوە لەپێش هەموو شتێکەوە ئابوورییە و دەتکاتە بەشێک لەو پرۆژە ستراتیژییە درێژخایەنەی بۆ گۆڕینی نەخشەی ئابووریی جیهان هەیەتی. هەروەها چین لەڕووی مێژووییەوە ڕابردوویەکی هاوشێوەی ڕووسیای بۆ پاوانخوازیی سەربازی و سیاسی لە ناوچەکەی ئێمەدا نییە و بۆ ئەمریکاش پارووییەکی گەورەترە لە ڕووسیا و بەئاسانی قووت نادرێت.

عادل عەبدولمەهدی باسی پرۆژەیەکی نێوانگیریی لەنێوان سعودیە و ئێراندا کرد کە گوایە ئەگەر قاسم سولەیمانی نەکوژرابووایە، چەند کاژێرێک دواتر لەسەر ئەو پرۆژەیە پێکەوە قسەیان دەکرد. ئەم خواستی دەستپێکردنی دانوستاندنە لە قسەکانی خامنەییش لە هەینیی ڕابردوودا لە بەشی عەرەبیی قسەکانیدا دیسان جەختی لەسەرکرایەوە و داوای "هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ"ی "لەنێوان موسوڵماناندا" کرد. ڕەنگە بەو باجگیرییەی ئەمریکا لە سعودیە دەیکات و نیو ملیارد دۆلار بۆ هێشتنەوەی سێ هەزار سەرباز لەسەر خاکەکەی وەردەگرێ، وای لە سعودییەکانیش کردبێت بەخۆیاندا بچنەوە و هەمان پرسیاری ئێرانییەکان لەخۆیان بکەن: بن سەلمان دەیکات بۆئەوەی ترەمپ بیخوات؟

بە هەموو بارێکدا لە ماوەی داهاتوودا نەخشەی سیاسیی ناوچەکەی ئێمە دەگۆڕێت. ڕەنگە هەژموونی سەربازیی ئێران و هەناردەکردنی شۆڕشەکەی لەژێر شۆکی لەدەستدانی سولەیمانیدا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت لە گەشەکردن بوەستێ و زمانی دیپلۆماسییەت بەسەر زمانی چەکدا زاڵبێت. بۆیە بڕیاری بێلایەنبوونی هەولێر لەو گرژییە هیستریاییەی ڕۆژانی ڕابردوودا لەنێوان تاران و واشنتندا ڕاست و دووربینانە بوو. ڕاشکاوبوونیش لەبارەی پێویستیی مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق، هەرچەندە لە بیقاعەوە تا دەگاتە بەغدا و تاران نیگەرانیی دروستکرد، بەڵام شتێکیشی تێگەیاندن: تا ئەو ڕۆژەی تەنانەت بە دەستووریش گەرەنتیی پاراستنی کوردستانێکی هەڕەشەلێکراو نەکرێت، هەولێر ناتوانێ متمانە بەوانە بکات کە هوتاف بۆ دەرکردنی ئەمریکییەکان لە ناوچەکە دەکێشن.



ئازاد وەڵەدبەگی
azadwaladbagi@gmail.com

# وەهمی چاکسازی

لە چەندین ساڵی ڕابردوودا، بابەتی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان هەمووکات بابەتێکی گەرمی گۆڕەپانە سیاسی، یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان بووە. بێگومان هەر ئەوەندەی کە لایەنە دەسەڵاتدارەکان لە هەرێمی کوردستان باس لە چاکسازی دەکەن، ئەوە خۆی لەخۆیدا داننانە بە بوونی گەندەڵی لە کەرت و بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتەدا. بە سەرنجدان لە دۆخی بەڕێوەبردن و ئابووریی هەرێمی کوردستان، هەژموونی حیزب لەسەر حکومەت، وابەستەیی ئابووریی بە بەغداوە، ناسەرکەوتوویی سیاسەتی ئابووریی سەربەخۆ و هتد، هەست بەوە دەکرێت دۆخی ئابووریی کوردستان پێویستی بە چاکسازیی ڕاستەقینە هەیە و هەر چارەسەرێکی کاتی نەک هەر ناتوانێ قەیرانەکان چارەسەر بکات، بەڵکوو تەنیا ماوەی زەمەنیی تەقینەوەی قەیرانەکان دوور دەخاتەوە، کە دواجار بە خراپتر لەسەر دۆخی سیاسی، ئابووری و ئاسایشی کوردستان دەشکێتەوە. واتە کەمتەرخەمی لە چارەسەری بنەڕەتی، نەک هەر قەیرانە ئایندەییەکان دوور ناخاتەوە، بەڵکوو دەبێتە هۆی پەنگخواردنەوەی قەیرانەکان کە دواجار تەقینەوە و ناڕەزایەتیی بەربڵاو و گشتگیری شەقامی لێدەکەوێتەوە و، لە ئەنجامدا متمانەی نێوان خەڵک و دەسەڵات بە تەواوی لەناودەچێت و دەرفەت لەبەردەم پرۆسەی چاکسازی بەرتەسک دەکاتەوە، وەک ئەو دۆخەی کە ئێستا لە عێراق و هەندێک لە وڵاتانی دیکەی جیهان بەدیدەکرێت.

لە چەندین ساڵی ڕابردوودا، دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە وەک پێویست سەرکەوتوو بێت لە وەبەرهێنان و بەکارهێنانی بودجەی گشتی و داهاتەکانی کوردستان بۆ دروستکردنی ژێرخانێکی ئابووریی بەهێز و بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی وەک بەشێک لە ئامانج و پابەندییە یاسایی و دەستوورییەکانی هەر سیستەمێکی حوکمڕانی. داهاتی ئەم وڵاتە پتر لەوەی کە بۆ ئەو ئامانجانە بەکارهاتبێت، وەک ئامرازی ڕاکێشانی وەلائی دەنگدەران و ڕازیکردنی ئەندامی حیزب و تەخشان و پەخشان بەکارهاتووە، هەر ئەمەش وایکردووە دامەزراندن و خانەنشینکردنی بەدەر لە پێوەر و شایستە یاساییەکان لە هەرێمی کوردستان ببێتە بەشێکی گرنگ لە بەرنامەی هەردوو پارتی سیاسیی دەسەڵاتدار کە هەندێجار لایەنە سیاسییەکانی دیکەشی تێوەگلاوە و ئەمەش توێژێکی مشەخۆری لەسەر حیسابی بودجەی گشتی و مافی خەڵکانی شایستە دروست کردووە. ئەم بابەتەش، لە پاش ساڵی 2014 و بڕینی بودجەی کوردستان لەلایەن بەغداوە، بووەتە بەڵای گیانی حکومەتی هەرێم و هەرچەندە هەوڵدەدەن بۆیان چارەسەر ناکرێت.

بابەتی دامەزراندن و خانەنشینی لە جیهانی ئەمڕۆدا بەشێکە لە سیاسەت و ستراتیژی ئابووری، سیاسی و کارگێڕیی دەوڵەتان، هەربۆیە سندووقەکانی خانەنشینی لە وڵاتانی پێشکەوتوو گرنگیی تایبەت بە خۆیان هەیە و، کۆمەڵێک چاکسازیی بنەڕەتی لەم سیستەمە لە جیهانی ئەمڕۆدا هاتووەتەئاراوە لەپێناو خزمەتی زیاتر بەم توێژە. ئەم پرۆسەیە بابەتێکی ئامانجدار و سیستماتیکی کارگێڕیی- ئابوورییە، کە دەبێتە هۆی باشترکردنی دابەشکردنی داهات لەناو کۆمەڵگە، نەهێشتنی هەژاری، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و هتد. لەڕاستیدا، سیستەمەکانی خانەنشینی بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تایبەتی هەر وڵاتێک وەک ئاستی گەشەکردن، سیاسەتی باڵای ئابووری، ژێرخانەکان، وزەماتەی دامەزراوەکان و قووڵایی و توانای بازاڕە داراییەکان دادەڕێژرێن. بەڵام لە هەرێمی کوردستان پرۆسەکە نەک هەر بۆ ئەو ئامانج و مەبەستانە نییە، بەڵکوو گرفتەکانی بەردەم سیستەمی خانەنشینی پەیوەندییان بە گرفتە بنچینەییەکانی سیاسەتی باڵای ئابووری و تێڕوانین و فەلسەفەی دەسەڵاتدارانەوە بۆ حوکمڕانی هەیە، هەر جۆرە چاکسازییەک لەم بوارەدا دەبێ ئامانجدار و بەپێی ستراتیژێکی درێژخایەن بێت، نەک وەک ئەوەی کە پەرلەمانتاران خۆیان دەڵێن بۆ موزایەدات بێت.

بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لەم گرفتانە، حکومەتی هەرێم لە دوو ساڵی ڕابردوودا سەرقاڵی پرۆژەی چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی بووە. پێشتر پرۆژە یاسایەکی لەو جۆرە لە ساڵی 2018 لە خولی پێشووی پەرلەمان پەسەندکرا، بەڵام بەهۆی ناڕەزایەتییەکان دواجار سەرۆکایەتی ئەوسای پەرلەمان (کە ئەوکات بەشێک لە دەسەڵاتە دابەشکراوەکانی سەرۆکی هەرێمی لەلا بوو) گەڕاندییەوە بۆ پەرلەمان و بابەتەکە هەتا خولی نوێی پەرلەمان و کابینەی نۆیەم درێژەی کێشا، دواجار لە 2020/1/16 پەسەندکرا.

لێرەدا نامانەوێ بچینە ناو وردەکارییەکانی ئەم یاسایە، چونکە تێبینی زۆری لەسەرە و هەویرێکە ئاو زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە ئەگەر حکومەتی هەرێم و پەرلەمان بە ڕاستی نیازی جدییان هەیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی خانەنشینانی کوردستان، ئەوا هیچ شتێک باشتر نییە لە ئینفازی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2014 ، یاسای خانەنشینیی یەکگرتوو و هەموارەکانی، بە تایبەت هەر لەم ڕۆژانەدا ئەو هەواڵە بڵاوکرایەوە کە گوایە حکومەتی هەرێم لە شەش مانگی داهاتوودا بە نیازە پرۆژە یاسایەکی یەکگرتووی خانەنشینی ڕەوانەی پەرلەمان بکات. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، ئەگەر بەڕاستی حکومەتی هەرێم ئەو مەبەستەی هەیە و بە نیازە خزمەتی توێژی خانەنشینانی کوردستان بکات، ئەی بۆ نایەت هەمان یاسا عێراقییەکە بە هەندێ هەموار کە مەبەستیەتی ڕەوانەی پەرلەمان بکات بۆ ئینفازکردن، چونکە بەپێی بەندی 121/ بڕگەی دووەم لە دەستووری عێراق، دەسەڵاتی هەرێمەکان بۆیان هەیە هەمواری پیادەکردنی یاسا فیدراڵییەکان بکەن.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە، کە ئەم یاسایە زۆر بابەتی وەک مووچە و دەرماڵە و ئیمتیازات و بەخشینی تێکەڵ بە بابەتی خانەنشینی کردووە، لە کاتێکدا زۆر لەو حاڵەتانەی کە پەیوەندییان بە مووچە و هەندێک ئیمتیازات و خانەنشینی نایاساییەوە هەیە و کاتی خۆی بە ڕێکارێکی کارگێڕیی وەک مەرسووم و پەیڕەو و ڕێنمایی و فەرمانی وەزاری و هتد ئەنجامدراون، دەکرا بە هەمان شێواز هەڵبوەشێنرێنەوە و ئیدی پێویستی بە یاسا نەدەکرد. هەست دەکرێت فرێدانی ئەم تۆپە بۆ گۆڕەپانی پەرلەمان بۆ ئەوەیە، کە ڕەنگە نیەتی جدی بۆ چاکسازی نەبێت و لە هەمان کاتدا ئەو چاکسازییانە بێگومان ناڕەزایی کۆمەڵێک خەڵکی لێدەکەوێتەوە، هەربۆیە حکومەت دەیەوێت بەرپرسیارێتی ئەم دۆخە بخاتە ئەستۆی پەرلەمان و خۆی لەو بەرپرسیارێتییە و دەرەنجامەکانی بدزێتەوە.

خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج ئەوەیە، ئەم یاسایە ئەوە نەبوو کە خەڵک چاوەڕێیان دەکرد و ناتوانێ بەشێکی گرنگ لە خواستی مووچەخۆران و خانەنشینانی ڕاستەقینەی کوردستان بەدیبهێنێ، کە بەڕاستی بوونەتە قوربانی سیاسەتی هەڵەی حکومەت لە بواری مووچە و خانەنشینی. لە کاتێکدا سیستەمی مووچە لە سەرانسەری عێراقدا یەکسانە، دوورە لە بنەماکانی دادپەروەری کە یاسای خانەنشینییان جیاواز بێت، لە کاتێکدا ئەم یاسایە بەدیهێنانی دادپەروەری بە یەکێک لە ئامانجەکانی خۆی داناوە. لە هەمان کاتدا، مشتومڕەکانی تایبەت بەم یاسایە لە پەرلەمان ئەو ڕاستییەی دەرخست کە نوێنەرانی گەل پتر لەوەی بیر لە بەرژەوەندییەکانی گەل بکەنەوە، پێداگر بوون لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان، ئەمەش بە تەواوی متمانەی هاووڵاتیان بە دەسەڵاتی یاسادانان لەق دەکات. لە کاتێکدا، ئەوان لە بەندی (7)ی یاساکە کەمترین و زیاترین مووچەی خانەنشینییان بۆ پەرلەمانتاران دیاری کرد و ئەو مافەیان بە خۆیان ڕەوا بینی، بەڵام نەیانتوانی یا نەیانویست کەمترین مووچەی خانەنشینی بۆ خانەنشینانی کوردستان دەستەبەر بکەن و ئەو مافەیان پێ ڕەوا نەبینین.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# جەمشید بۆ (ڕووداو): زۆر دڵتەنگم بە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی

Tel: 0751 811 00 04 – 0750 486 34 12

rudaw@rudaw.net







